# مرۆڤە باشەکەی سێچوان

سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی

**دانا ڕەئووف**

بێرتۆڵت برێشت

# مرۆڤە باشەکەی سێچوان

کەریم پەڕەنگ
لە ئەڵمانییەوە وەری گێڕاوە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

بێرتۆڵت برێشت
مرۆڤە باشەکەی سێچوان
وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: کەریم پەڕەنگ
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٠٧
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٤١٧ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، تریسکە ئەحمەد حەمید

ناوەڕۆک

چەند دێرێک لەبارەی نووسیارەوە ..... 7
بابەتی ئەم شانۆنامەیە ..... 12
کەسەکان ..... 25
پێشگەمە- شەقامێکی سێچوانی پایەتەخت ..... 26
١ دوکانێکی بچووکی جگەرەفرۆشی ..... 39
نمایشی ناوبڕ- لەژێر پردێکدا ..... 52
٢ دوکانی جگەرەفرۆشتنەکە ..... 55
٣ ئێوارە لە پارکی شار ..... 70
نمایشی ناوبڕ- داڵدەی ڤانگ لە لوولەیەکی زێرابدا ..... 80
٤ گۆڕەپانی بەردەم دوکانی جگەرەکەی شێن تێ ..... 85
نمایشی ناوبڕ- لە بەردەم پەردەدا ..... 95
٥ دوکانی جگەرەفرۆشییەکە ..... 98
نمایشی ناوبڕ- لە بەردەم پەردەدا ..... 115
٦ ژووری پشتەوەی چێشتخانەیەکی هەرزان لە کەناری شار ..... 117
گەمەی ناوبڕ- کوخی شەوانەی ڤانگ ..... 130
٧ دالانێک لە پشتەوەی دوکانی جگەرەفرۆشییەکەی شێن تێوە ..... 133
نمایشی ناوبڕ- کوخی شەوانەی ڤانگ ..... 148
٨ کارگەی جگەرەکەی شوی تا ..... 151
٩ دوکانی جگەرەفرۆشی شێن تێ ..... 160
نمایشی ناوبڕ- کۆختی شەوانەی ڤانگ ..... 174
هۆڵی دادگە ..... 176
نمایشی کۆتایی ..... 190

# چەند دێڕێک لەبارەی نووسیارەوە

بێرتۆڵت برێشت لەساڵی ١٨٩٨دا لە ئاوگسبورگ لە ئەڵمانیا لەدایک بووە. برێشت لەناو خێزانێکی بورژوا گەورە دەبێ و پاشان مرۆڤێکی مارکسی و چەپێکی توندی لێ دەردەچێ. هەر لە ساڵەکانی قوتابخانەیدا دەست بە بڵاوکردنەوەی شیعر و چیرۆکەکانی دەکا. پەخشانێک، کە تێیدا دژی شەڕ دەوەستێتەوە و ستایشی ناکا- بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی مامۆستاکانیەوە- خەریک بووە ببێتە هۆی ئەوەی لە قوتابخانەی دواناوەندی وەدەرنرێ. ئەو ئەزموونانەی لە کاتی ئەرکی برینپێچی لە نەخۆشخانەی سەربازیدا کردوونی، وایان لە برێشت کردووە توندتر و شێلگیرانەتر لە دژی شەڕ بوەستێتەوە و هەموو کات داوای ئاشتی بکات و هەموو جۆرە توندوتیژییەک ڕەت بکاتەوە.

لە دواییدا برێشت دەبێتە یەکێک لە پێشکەوتووخوازترین نووسیارانی کۆماری ڤایمار. سەرەتاکانی ئەدەبی وەکو ڕەخنەگری شانۆ، کورتە چیرۆکنووس و کابەرێکار دەست پێ دەکا. لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا خەڵاتی کلایستی پێ دەدرێ. میونیخ، دواییتر بەرلین دەبنە چەقی کارکردنی. لە ناوەڕاستی ساڵانی بیستەکاندا لە ڕێی خوێندنەوەی مارکسەوە ئەو بەڵگانە دەبینێتەوە کە هەتا ئەو کاتەی پاڵنەری کارە ڕەخنییەکانی بوون لە کۆمەڵگە و بنەما ڕێخۆشکەرەکانی نایەکسانی. شانۆییگەلی وەکو «ئۆپرای سێ

قـروشـی» یان «سـەرکـەوتن و نـشـوسـتـی شـاری مـاهـاگـۆنـی» ناو و دەنگێکی زۆری بۆ پەیدا دەکەن. لە ساڵی ١٩٢٧دا لە ژنی یەکەمی جیا دەبێتەوە؛ دوو ساڵ دوای ئەوە هێلینە ڤایگڵی ژنە ئەکتەر دەخوازێ، کە پاشـتـر دەبێـتـە یەکـێک لە نمایشکارە بەناوبانگەکـانی گـەلێک لە شانۆییەکانی برێشت.

دوای دەسـتەڵات گرتنە دەستی هـیتلەر ئاسـۆی ئەڵمانیا بۆ برێشـتی کـۆمـۆنیـست تەنگ دەبێـتـەوە. ڕۆژێک پاش سـووتانی ڕایخـسـتـاگ (پەرلـەمـانـی ئەڵمـانـیـا) برێشت وڵات بەجـێ دەهێـڵـێ و ڕوو دەکـاتە تاراوگە. بەسەر پراگ، ڤیەننا و سویسرادا دەچێ بۆ دانیمارک. نزیکی سڤـێندبۆرگ لە گـوندێک خـانوویەک دەگرێ و لە نێـوان سـاڵانی١٩٣٣ هـەتا ١٩٣٩ نیـــشـــتـــەجـێ دەبێ؛ لـەوێ هـەندێک لە گـــرینگتـــرین بەرهـەمـەکـانی چەکەرە دەکەن، وەکو "تفـەنگەکانی کـارار خـان"، "دایکە ئازا و منداڵەکانی" و "ژیانی گـالیلای" لە پاڵ دەیان شـیـعـرەوە کـە بە "شیعرەکانی سڤێندبۆرگ" ناسراون. هەڕەشـەی نزیکبوونەوەی شەڕ لە دواییـدا بۆ سـوێد، فـینلەندا، شـورەوی و لـە سـاڵی ١٩٤١دا بـۆ وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمـەریکا ڕاوی دەنێ، تا لە دواییدا لە سـانتـا مۆنیکا (کـالیـفـۆرنیـا) جـێگیـر دەبێ. لەوێ ناسـیـاوی لـەگەڵ کـۆچبـەری تری ئەڵمـانیایی وەکو (هاینریخ مـان و ئەلفرێد دوێبلین) پەیدا دەکا. دەست بەوە دەکا، سیناریۆ بۆ هۆلیوود بنووسێ. لەو سەروبەندەدا کتێبەکانی لە ئەڵمانیا سووتێنراون و مافی هاونیشتمانێتییان لێ سەندووەتەوە- سەیریش نییە، برێشت وەکو بە درێژاییی کات شەڕەنگێزێکی پڕ وشە دژی هیتلەر، ناسیۆنال سۆسیالیزم و شەڕ خۆی سەلماندووە.

لە پاش شـەڕ و ڕووخانی نازییەت برێشت دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا و

له بەرلینی ڕۆهەڵات نیشتەجێ دەبێ. له ساڵی ١٩٤٩دا لەگەڵ هێلینە ڤایگڵدا ئەنسەمبڵی بەرلین دادەمەزرێنن، که له ساڵانی داهاتوودا کار له مۆدیلی نمایشکردنی شانۆنامەکانی خۆیدا دەکا. له ساڵی ١٩٥٦دا له بەرلین بە دڵوەستان کۆچی دوایی کردووە.

## سەرجەمی کار

بێرتۆڵد برێشت یەکێکه لەو چەند نووسیارە کەمەی ئەدەبی جیهان، کە لە هەرسێ ژانرەکەی هونەری داهێناندا کاری گرینگی بەرهەم هێناوە: له دراما، شیعر و گێڕانەوەدا. له پاڵ ئەمانەیشەوە زنجیرەیەک نووسینی تیۆری بەرهەم هێناوە، لەبارەی فەلسەفە، دراما و سیاسەتی کۆمەڵایەتییەوە. کارەکانی هێندە فرەن، کە هەتا ئێستا نەلواوە چاپێکی بێ کەلێنی نووسینەکانی بڵاو بکرێتەوە.

### ١- برێشت وەکو درامانووس

برێشت هەتا له ژیاندا بوو وەکو شانۆنامەنووس ناوبانگی دەرکردبوو، لەگەڵ ئەوەیشدا کە کارەکانی زۆر بەرفراوانترن: * وەکو تیۆریکار، برێشت هەوڵی دا بەرنامەڕێژییەکانی بۆ شانۆ و دراما بنووسێتەوە، بیرۆکەکانی لەبارەی شێوەی نمایشکردنی ئەکتەر بۆ نموونە لە «نووسینی بچووکی مەعریفی بۆ شانۆ» ١٩٤٨ پەرە پێ داوە، هەروەها دید و بۆچوونەکانی خۆی لەبارەی شانۆی مەلحەمی گوزارشت لێ کردووە... هتد.

* وەکو شێکسپیر، مۆلێر یان نووسیاری شانۆنامە میللییە ڤیەننایییەکانی وەکو ڕایموند و نێسترۆی برێشتیش پیادەکاری شانۆ بوو. تەنیا لەسەر مێزی نووسین شانۆنامەکانی چەکەرەیان نەدەکرد، بگرە وەکو ڕیژیسۆر لە خستنە سەر شانۆدا کاری دەکرد.

گرێدانی ئەو لایەنانەی شانۆ برێشت لە زۆر لە شانۆنامەنووسەکانی تر جیا دەکاتەوە.

* کاری لە چەندان درامای نووسیاری جیاوازدا کردووە و هێناونیەتییە سەر بارێکی هاوچەرخی وا کە لەگەڵ ڕۆحی سەردەمدا بگونجێن، وەکو سۆفۆکلیس، شێکسپیر یان یاکۆب میخایل و ڕاینهۆڵد لێنتس.
* کاریگەریی برێشت وەکو شانۆنامەنووس نێونەتەوەییە. لە چەقی دراماکانیدا مرۆڤ بە وابەستەیییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەیەوە تیشکی دەخرێتە سەر. زۆرجار چارەنووسی مرۆڤە مافخوراو و پەڕوایزخراو و ستەمدیدەکان پیشان دەدا. بەڵام دەیەوێ پیشانی جەماوەری بدا، کە بارودۆخەکان دەتوانرێ بگۆڕدرێن. برێشت لە سەرەتادا بە کارەکانی یەکەمی ڕووبەڕووی تێنەگەیشتن و دژوازی بووەوە بە هۆی شانۆییی («باڵ»، «تەپڵەکانی شەو»، «پیاو پیاوە») ناوبانگی وەکو نووسیاری سکانداڵ (فضیحة) بڵاو بووەوە. گەورەترین سەرکەوتنی بە «ئۆپرای سێ قروشی» (١٩٢٨) بۆ خۆی دەستبەر کرد. لە ساڵانی ١٩٢٩و ١٩٣٠دا چەند شانۆنامەیەکی فێرکاریی بچووکی نووسی (بۆ نموونە «فڕینی ئۆقیانووس»، «هەنگاوی چارەسەر»). گرینگترین شانۆنامەکانی برێشت لە کاتی تاراوگەدا سەریان هەڵدا: «ژیانی گالیلای»، «دایکە ئازا و منداڵەکانی»، «مرۆڤە باشەکەی سێچوان»، «جەنابی پونتیلا و ماتی خزمەتکاری»، «بازنەی تەباشیری قەوقاز».

**٢- برێشت وەکو شاعیر**

برێشت نزیکەی ٢٥٠٠ شیعری لە پاش بەجێ ماوە: شیعری ئەڤین و

سروشت، بالاد، شیعری سیاسی - بەڵام تەنیا زۆریی داهێنانی شیعری نییە کە لەگەڵ ڕاینەر ماریا ڕیلکە و گۆتفرید بێندا دەیکاتە یەکێک لە گرینگترین شاعیرانی ئەڵمانینووسی سەدەی نۆزدە. شیعرەکانی ڕەخنەگرانە و پڕن لە گوزارشت و بە مۆسیقایەکی ئازاد بینا کراون و بە تایبەتی بۆ شێوازی سیاسیی ساڵانی شەستی سەدەی پێشوو پڕ کاریگەری بوون.

**٣- بریشت وەکو چیرۆکنووس**

دەقەکانی گێڕانەوەی بریشت بە شێوەیەکی گشتی بەرهەمی تاراوگەیین. «چیرۆکەکانی ڕۆژمێر» یان «چیرۆکەکانی جەنابی کۆینەر» دوو کاری زۆر بەناوبانگی بریشتن. ڕۆمانەکانی لە سێبەری کارەکانی تریدا، بە تایبەتی شانۆنامەکانیدا گەشە دەکەن. («ڕۆمانی سێ قروشی»، «بازرگانییەکانی جەنابی یولیوس قەیسەر») لە گێڕانەوە بەناوبانگەکانین.

# بابەتی ئەم شانۆنامەیە

شانۆی برێشت

هیچ دراماکارێکی ئەڵمانیایی تری سەدەی بیست هێندەی برێشت خۆی بە تیۆری شانۆنامەکانییەوە سەرقاڵ نەکردووە و لەبارەیانی نەنووسیوە. هەردەم سێ چەمک لە نووسینەکانیدا دەردەکەون، بەڵام زۆر بە زەحمەت لە یەکتری جودا دەکرێنەوە.

**١- شانۆی نائەرستۆیی**

زۆر شت لە دراماکانی برێشتدا بە جۆرێکی ترن وەکو ئەریستۆتالیسی فەیلەسووف (٣٢٢-٣٨٤) لە «هونەری شیعر»ەکەیدا وەسفی کردووە؛ کارێک کە دواییتر بووەتە پێوەرێک بۆ شانۆنامەنووسەکانی ڕۆئاوا.

ئەریستۆتالیس ئامانجی سەرەکیی تراجیدیای لە Kathersis" ، واتە پاککردنەوەی بینەران بە هۆ و لە ڕێی «ترس» و «بەزەیی»یەوە بینیوە. پێویستە لە تراجیدیادا وا لە بینەر بکرێ بە خۆی لەنێو نمایشەکە بژی، واتە هێندە لە ڕووداو و کارەساتەکاندا تێوە بگلێنرێ وەکو تراجیدیای ژیانی خۆی بن. بەڵام برێشت ڕووبەڕووی ئەم جۆرە شانۆیە دەبێتەوە و چەقی قورسایی لە «شانۆی سۆز لەگەڵ بووندا» دەخاتە سەر شانۆیەک، کە نەک لەسەر بنەمای سۆز، بگرە لەسەر بنەمای تێگەیشتنی بینەر دروست بووبێ. ئیدی ئامانجی درامانووس نییە، لای بینەر ترس و بەزەیی بورووژێنێ و بیکاتە بەشێک لە ڕووداوەکان؛

برێشت حەز دەکا ئەم دوو چەمکەی ئەریستۆتالیس بە چەمکی «زانخوازی» و «ئامادەیی بۆ یارمەتی» بگۆڕێ.

لە دراما کلاسیکییەکاندا خەملاَنی چارەنووسی کەسێک لە بەراییدایە. بەلاَم برێشت بە پێچەوانەوە گۆشەنیگای دەبڕێتە پێویەندییە کۆمەلاَیەتییەکان و شیمانەی گۆڕینیان. کرداری شانۆیی لای ئەو بە شێوەیەکی ئۆرگانی بەڕێوە ناچێ، بگرە لە شێوەی کەوانەیەکی وێنەدا گەشە دەکا: دابەشکرنی دیمەن لە ئارادا نییە، بگرە بە دوایەکداهاتنێکی ئازادیی دیمەنەکانە. لە جیاتیی بە ترۆپکەیاندنی کارەسات برێشت بە گوزارشتکردن لە بارودۆخی دراماییی چەمک و تێگەیشتن بۆ شانۆ دەگۆڕێ، کە گوتەزای مەبەستی شانۆنامەکە بە ئاشکرا چڕ دەکەنەوە. لە کاتێکدا لە درامای کلاسیکیدا هەموو دیمەنەکان وەکو زنجیر بە یەکەوە بەستراون و بە دوای یەکدا دێن و پاش و پێش پێکردنیان مەحاڵە، لای برێشت هەر دیمەنە و ژیانی تایبەتی خۆی دەژی و بە ئاسانی دەتوانرێ پاش و پێشیان پێ بکرێ، بە جۆرێک نابنە خەوش و ئاستەنگ بۆ تێگەیشتن لە شانۆنامەکان.

٢- شانۆی داستانی (مەلحەمی)

لەژێر ئەم چەمکەدا شانۆی برێشت زۆرجار دەخرێتە بەر تۆژینەوە. دەتوانین مەبەستی ئەم چەمکە لەم چەند خاڵەدا کۆ بکەینەوە: لەلایەکەوە تێ ترانجاندنی ڕەگەزی گێڕانەوە بۆ ناو ڕووداوە دراماتیکییەکان. گۆرانی، کۆرس، فیگوری گێڕانەوە، ڕووکردنە بینەر بۆ ڕوونکرنەوە- واتە « لە- ڕۆڵ-دەرچوون»؛ جگە لەوە پێشاندانی دەق لەسەر پلاکات و شاشە. نمایشکردنی ناوەڕۆکی کورت، کە پێش دیمەنەکان دەکەون، بە مەبەستی شکاندنی تینووێتی زانخوازی «چۆن»

و ئاژۆتنی ئاگەداری بۆ سەر «چی».

لەلایەکی ترەوە چەمکی «شانۆی مەلحەمی» ئامـاژەیە بۆ هۆکاری دەرەوەی زمـان، کـە بە نمایشت دەبێ ئەو وەهمـە بەرهەست بکرێ، ئەمەش کاریگەرییەکی گەورە لەسەر بینەر بە جێ دەهێڵێ و مەبەستی سەرەکی لەم تەکنیکە ڕێگرتنە لەوەی بینەر زۆر خـۆی تێکەڵی ڕووداو نەکا. بەم تەکنیکە برێشت دەلاقەیەکی نوێی بە ڕووی شانۆدا کردەوە.

برێشت لەم سەروبەندەدا باسی کاریگەریی نامۆبوون دەکا: بە هۆی ئەوەوەی کە ئەوەی ئاساییە بە نائاسایی نمایشت دەکرێ دەبێ بینەر شتی نوێ بدۆزێتەوە.

برێشت دەیەوێ بەمـە چی لەلای بینەر بە دەست بهـێنێ؟ ئەو بینەرێکی لەزەتبین بە ئاوات ناخـوازێ، بگرە بینەرێکی بیـرکـەرەوە؛ یەکێک کە سەری سوور دەمێنێ، بیر دەکاتەوە و ڕەخنەگرانە حوکم دەدا: «نابێ لە جیهانەکەی خۆیەوە بۆ جیهانی هونەر بڕفێنرێ، نابێ ئیدی دەستبەسـەر بکرێ؛ بە پێچەوانەوە دەبێ بە هەستی بێدارەوە بخرێتە جیهانە واقیعییەکەی خۆیەوە.»

## شانۆی دیالەکتیکی

ئەمە چەمکێکە کە برێشت لە کاتی نیشتەجێبوونی لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بە کاری هێنا، لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئەم چەمکە لە سەرەتای سالانی سیدا لە نووسینەکانیدا لەبارەی شانۆوە دەردەکەوێ.

دیالەکتیک واتە: بیـرکـردنەوە لە دژوازیدا. بەڵام: ئاخۆ ئەمە بە ڕاستی نوێیە؟ ئاخۆ شانۆ هەر لە سەرەتاوە بەوە نەدەژیا، کە مامەڵە لەگەڵ ناچیزی، کێشمەکێش و دژوازیدا بکا؟ ئەمە جەوهەری ئەو شتە نییە کە ئێمە بە «درامی» ناودێری دەکەین؟

بێگومان، بەڵام برێشت دەیەوێ ئێستا ئەم دژوازییانە بە مەبەستێکی زۆر تایبەت بهێنێتە ناو شانۆوە: برێشت دەیەوێ بینەران فێر بکا، بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ئاشنا لە گۆشەنیگایەکی نائاشناوە ببینن. دەبێ لەم ڕێیەوە دژوازی بپشکنێ و لێی تێ بگا. بینەر دەرک بەوە دەکا کە فیگۆرەکان دەیڵێن؛ بەڵام دەرک بە دژوازیی ئەو شتەیش دەکا، کە تێیدا دەژین و دەبێ لێیەوە فێر بن. لە فیگەری مرۆڤە باشەکەی سێچواندا ئەم دژوازییە لە بوونی دووفاقییانەی کەسایەتیی شێن تێدایە وەکو مرۆڤێکی باش، کە ڕوحی یارمەتیی تێدایە و دەیەوێ مرۆڤە کلۆڵ و داماوەکان لەو تەنگژەیە قورتار بکات کە تێی کەوتوون، لە هەمان کاتدا هەر شێن تێ کە تەنگەتاو دەبێ و دەڕۆستی بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەموو کلۆڵی و هەژارییە نایەت، خۆی دەکاتە شوی تا، هەتا لەو پەیامە خۆی بدزێتەوە کە پێی هەڵدەستی.

**چەند دێرێک لەبارەی ئەم شانۆنامەیەوە**

ئەم شانۆنامەیەی برێشت ئەو پرسیارە دەکاتە بابەت، تا چ ڕادەیەک خەسڵەتی مرۆڤانەی وەکو دڵباشی، بەزەیی و ڕاشکاوی بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێ پیادە بکرێن، ئەگەر مەرجەکانی دابەشکردنی موڵک و سامان نادادپەروەرانە خەملابن.

دەبێ مرۆڤێک حاڵی چۆن بێت، کە کردبێتییە ئەرکی سەرشانی خۆی، دڵی باش بێ. دواکەوتنی ئەم ئامانجە زۆر سەخت و دژوار دەبێ، لەبەرئەوەی کۆمەڵگە دابەش بووە بەسەر چەند کەسێکی کەمی ساماندار و دارا و تێر و خەڵکێکی زۆر هەژار کە ڕێژەی کەمی ژیانیان نییە.

شێن تێ، بە هۆی دیارییەکی خواوەندییەوە پارەی هەیە، هەر زۆر

زوو لە بەجێهێنانی ئەرکەکەیدا نسکۆ دەهێنێ، لەبەرئەوەی تەنگەتاوی و بێ نەوایی مرۆڤ خۆپەرست دەکەن و هەموو کەسێک چاوی لە سوود و قازانجی خۆیەتی. هەلومەرجە کۆمەلآیەتییەکانی سێچوان ڕەفتاری مرۆڤانە مەحاڵ دەکەن. بۆ ئەوەی خۆیشی ماڵی وێران نەبێ و تووشی کلۆڵی و نەبوونی نەبێ داواکاریی هەژار و نەدارەکان نەیپلیشێننەوە، "مرۆڤە باشەکە" دەبێ زۆرجار شێوەکانی هەڵسوکەوتی ئەوانە بکات، کە موڵک و دەستەلآتیان هەیە: دەبێ ڕەق و خۆپەرستانە ڕەچاوی سوود و قازانجی خۆی بکا، بۆ ئەوەی بتوانێ "باش" بمێنێتەوە.

بڕێشت چەمکەکان لەم شانۆنامەیەدا ڕووبەڕووی یەکتر دەکاتەوە و ڕووناکی دەخاتە سەر دژوازییەکانی ڕەفتاری مرۆڤ: باشی و ڕەقی

هاوکاری و خۆپەرستی

بەرچاو تێری و ڕووتاندنەوە

هاومرۆڤی و دڕندەیی

گوزارشتەکانی دەستە ڕاست ڕەفتاری شێن تێن هەتا هەست بەوە دەکا خۆیشی خەریکە نغرۆ دەبێ، بۆیە خۆی دەکاتە شوی تای ئامۆزای و ڕەفتارەکانی دەستە چەپ دەکا.

شێن تێ ناچار دەبێ هەموو کات و دووبارە خۆی بکاتە شوی تا، کە خۆیشی ڕقی لێی دەبێتەوە. هەلومەرجەکانی کۆمەڵگە داواکاریی جۆرە ڕەفتارێکن، کە بە تەواوی دژوازیی هەوڵ و کۆششەکانی "مرۆڤی باش"ن.

سێ خواوەند دادەبەزن، بۆ ئەوەی بە دوای مرۆڤی باشدا بگەڕێن، کە دەتوانن ژیانێکی مرۆڤانە بگوزەرێنن و لەگەڵ ئەوەشدا داواکارییەکانی خواوەندەکان بە جێ بهێنن. کاتێ دەگەنە سێچوان، لەو بڕوایەدان لە

شێن تێدا، کە پێشووتر سۆزانی بووە، مرۆڤێکی وایان دۆزیوەتەوە.

لە گەڕانیاندا لە سێچوان بە دوای پەناگەیەکدا شەوی تێدا بەسەربەرن، شێن تێ دەناسن، کە ئامادەیە داڵدەیان بدات. وەکو سوپاس هەزار دۆلاری زیوی دەدەنێ و شێن تێ دەیەوێ بەو پارەیە زۆر کاری باش بکا. بەڵام هەژاری لە دەڤەرەکەدا ئەوەندە گەورەیە، کە بە ماوەیەکی کەم وا دەردەکەوێ ماڵی وێران دەبێ. لە کاتی کڕینی دوکانێکی جگەرەفرۆشیدا و ئەو مرۆڤانەی دەیانگرێتە خۆی و خێریان پێ دەکا بێ ویژدانانە دەیڕووتێننەوە. بۆ ئەوەی هەموو شتێکی لە دەست نەچێ، خۆی دەگۆڕێ و وەکو شوی تای ئامۆزای دەردەکەوێ، کە لە ڕێی ڕەفتاری دڵڕەقانە و نامرۆڤانەیەوە ڕێ لە ماڵوێرانی دەگرێ.

بەڵام کاتێ حەز لە یانگ سونی فڕۆکەوانی بێکار دەکا، دەیەوێ مولْکەکەی بفرۆشێ بۆ ئەوەی کۆمەکی یانگ سون بکا بۆ ئەوەی کارێکی چنگ بکەوێ. بەڵام سونیش دەیڕووتێنێتەوە و زەماوەندەکە سەر ناگرێ، چونکە ئەو پارەیەی سون داوای دەکا شێن تێ ناتوانێ پەیدای بکا. لەبەرئەوەی شێن تێ دووگیانە بۆ ماوەیەکی درێژ ماسکی شوی تا لە سەر دەکا و چەکی پارەکە لە سەرتاشە دەوڵەمەندەکە وەردەگرێ، کە حەزی لە شێن تا کردووە. شوی تا کارگەیەکی جگەرە دەکاتەوە و سون دادەمەزرێنێ، کە هەر زوو دەبێتە سەرکار. لەبەرئەوەی گوایە شوی تا شێن تێی ڕفاندووە سون شکات لە شێن تێ دەکا.

لە بەردەم دادگەدا، کە خواوەندەکان وەکو دادوەر خۆیان پۆشیوە و دادوەرییەکە بەڕێوە دەبەن، شێن تێ دان بە دوو ناسنامەییی خۆیدا دەنێ و ڕوونی دەکاتەوە، کە لەم دنیایەدا مەحاڵە فەرزەکان بە جێ

بهێنێ. خواوەندەکان داوا لە ویژدانی شێن تا دەکەن، باش بمێنێتەوە، لە کاتێکدا بەرەو ئاسمان بەرز دەبنەوە.

"مرۆڤە باشەکەی سێچوان" شێن تێی سۆزانییە، کە بە ڕاڕاییەوە هەوڵ دەدا، فەرزەکانی خۆشەویستی بۆ ئەوانی تر بەجێ بهێنێ. بەڵام بار و دۆزە کۆمەڵایەتییەکانی سێچوان ئەوەندە بالەبار و گەورەن، کە شێن تێ لە خەباتیدا بۆ جیهانێکی مرۆڤانە نشوست دەهێنێ.

"مرۆڤە باشەکەی سێچوان" لەو شانۆنامانەیە کە برێخت لە تاراوگە نووسیویەتی. ئەزموونی هەڵاتنی لە دەستی نازییەکان لە زۆر لە کارەکانیدا گوزارشتی لێ دەکرێ.

بە پێچەوانەی کارەکانی تری برێخت، کە لەسەر بناغەیەکی مێژوویی و پێشهاتەکان لە ئەوروپا بینا کراون، پێش هەموو شتێک لەسەر هاتنە سەر حوکمی نازییەکان، دەستپێکردنی شەڕی دووەمی جیهانی و زۆر مکۆم بۆیان گەڕاوەتەوە، "مرۆڤە باشەکەی سێچوان" پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە مێژووی هاوچەرخەوە نییە. ڕەخنەی گشتی لەم شانۆنامەیەدا پێش هەموو شتێک ئەنجامی بە پیشەسازیکردنە.

میکانیزمەکانی بەرهەمهێنانی پیشەسازی کە پرۆسێسی فرە بەرهەمهێنانە پێوەندیی کرێکار بە بەرهەمەکەوە دەشێوێنێ و ناچاری دەکا ملکەچی پرۆسێسی کاری یەک نەوا و هەردەم دووبارەبووەوە بێ. پێشاندانی شێوەی کار لە کارگەی جگەرەکەی شوی تادا و جێکردنەوەی کرێکارەکان لە کوڵێتەکانی شو فودا ئاماژەن بۆ ئەنجامە نەرێنییەکانی بە پیشەسازیکردن، کە مەرجی نامرۆڤانە بەسەر کرێکاردا دەچەسپێنن.

مرۆڤ چۆن دەتوانێ لە سێبەری هەلومەرجی نەرێنیی کۆمەڵایەتیدا، وەکو لە هەرێمی سێچواندا پێشان دەدرێ چۆنێتیی مرۆڤانە پەرە پێ

بدا؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە شانۆنامەکەی برێخت هەوڵی وەڵامدانەوەی دەدا. هەلومەرجەکانی ژیانی زۆربەی دانیشتوانی سێچوان بە بێکاری، بێنەوایی، برسێتی و کڵۆڵی خەملاون. بێ ئاسۆییە، کە ئەندامەکانی خێزانێکی هەشت نەفەری دەخاتە شێوەنێکی بە بێ ئومێدیی خەملاوەوە. لە "گۆرانیی جگەرە"دا، کە باپیرە، پیاوەکە و کچەزاکەی نمایندەی دەکەن- هەریەکەو وەچەیەک بەرجەستە دەکا، باسی ئەزموونی خۆیان دەکەن، جێی خۆیان لە ژیاندا بکەنەوە، ئەمەش ڕوون دەبێتەوە: نە ژیری و نە تاوان ڕێگەچارەن بۆ قورتاربوون لە هەژاری. کچەزاکە، کە لە وێنەی سێیەمدا وەکو سۆزانی دەیدۆزینەوە، دەگاتە ئەنجامێکی خەمهێنەر لە بەردەم ئەو پرسیارەدا، مرۆڤەکانی سێچوان چ دەرفەتێکیان لە بەردەمدایە.

ئەم تابووره هەژار و نەدارایە بەرامبەر گرووپێکی بچووکی زۆر دەوڵەمەند ڕاوەستاون، کە لە شو فوی سەرتاش و می تسی خاوەن خانوودا بەرجەستە کراون. هەوڵ دەدەن بەبێ سنوور خۆیان دەوڵەمەند کەن. ماف و یاسا لە ڕێی گەندەڵییەوە مەیسەر کرا و لە پشتیانە. تێکچڕژانەکانی دەوڵەمەندەکان و یاسا لە وێنەی دەیەمدا بە باشی دەردەکەوێ، کاتێ پۆلیسەکە زانیاریی لەبارەی شایەدە بانگکراوەکان و ناوبانگیانەوە بە دادوەرەکان دەدا.

ئەو ڕاستییەش کە بۆ خواوەندەکان دەلوێ، بە قازێک دەمی دادوەرەکە چەور دەکەن، خۆی بکاتە نەخۆش، بەرتیلخۆریی دادوەرەکان دەردەخا، کە خۆیان دەکەنە پاشەدزی دەوڵەمەندەکان.

## بنەماگەی ڕووتاندنەوە

هەلومەرجە نامرۆڤانەکان لە دڕدۆنگییە کۆمەڵایەتییەکاندا بە ڕوونی دەردەکەون، کە زۆر لە دانیشتوانی سێچوانی گرتووەتەوە. لە سێچوان

سـۆزانیــیـەکی زۆر هەیە، کـە دەبێ لەشـی خـۆیان بفـرۆشن، بەپێی قسـەکانی شـێن تێ ئامـادەن هەمـوو شـتێک بکەن، بۆ ئەوەی بژێوییـان مـەیسـەر بکەن و بتوانن کـرێی خـانووەکانیـان بدەن. دەبێ حـسـێبی ئەوەش بکەن کـە کـۆمـەڵگە بە چاوێکی سـووک سـەیریان دەکـا و لە ڕیزەکـانی خـۆی وەدەریان دەنێ. بەڵام تـەنانـەت شـێـوەی هەرە ئاوارتەی ڕووتاندنەوەی مـرۆڤ هەلومـەرجـە سـەرەتاییـیـەکـانی مـرۆڤ مـەیسـەر ناکەن.

بوونـی مـرۆڤ بـە شـمـەک لـە پێـوەندیی نێـوان شـێـن تێ و سـوندا دەردەکــەوێ. سـون لـەو بڕوایـەدایە هـەست و سـۆزی شـێـن تێ بـۆ بەرژەوەندیی خـۆی کارامانـە سوود لێ وەرگرێ. بە لایـەوە گرینگ نییە، کە شێن تێ ئـەوی خۆش دەوێ و ئامـادەیە سـەرمـایە کـەمـەکـەی بکاتە قـوربـانی بۆ ئەوەی سـون لە پەکـێن کـاری فـڕۆکـەوانی دەست بکەوێ، بەڵام سـون لە شـێن تێدا تەنیا کۆنە سـۆزانییـەک دەبینێ و هیـچی تر. لێرەدا گرینگە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە ئەمە ڕەفتارێکی سووکی سون نییـە وەکـو ڕەفـتـاری تاکێک، بەڵکو بریێشت لە فیگوری سـوندا دەیەوێ پێـشـانی بدات، کـە هەلومـەرجـەکـان مرۆڤ ناچار دەکـەن، نامرۆڤـانە ڕەفتـار بکات. بەوە دەچێ خـۆپـەرسـتیی بـێ سنوور کە بیـرکـردنەوە و ڕەفـتـار دیاری دەکـا تاقـە ئەگـەر بێ بۆ ئەوەی لـە ژیاندا بمێنێـتـەوە. خـۆپـەرسـتی تەنیا ئەڤینی نێـوان سـون و شێن تێ وێران ناکات، بگرە کەشـی کۆمەڵایەتی لە سێچوان بە شێوەیەکی بەرفراوان ژاراوی دەکا.

ئەو سـاردییـەی نەدارەکـان لە "مـرۆڤـە باشـەکـەی سـێـچـوان"دا ڕووبەڕووی دەبـنـەوە، بە پلـەی یەکــەم لە ئـێـرەیی و بەدکــاری و لەزەت بیـنین لە ئـازاری ئەوانی تردا بەرجـەسـتـە دەبێ؛ نـەبوونی هـاوکـاری

بەسەر سەرجەمی شانۆنامەکەدا دەکشێ. بۆ نموونە مامەڵە دوور و درێژەکەی شوی تا لەگەڵ لین تۆی دارتاشدا دەبێتە کارەسات؛ لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەندامانی خێزانە هەشت سەرییەکە لەزەت لە ڕاڕایی دارتاشەکە دەبینن و ستایشی شوی تا دەکەن بۆ ڕەفتارەکەی، هەر ئەوان خۆیان یەکەم کەسەکانن، سوودیان لە باشیی شێن تێ وەرگرتووە و دەبوو لە دارتاشەکە تێ گەیشتبان کە دەبێ بژێویی خێزانێکی گەورە پەیدا بکات.

لەتبوونی مرۆڤێک، بۆ کەسێکی باش، خۆبەخش، دلۆڤان و مرۆڤێکی ڕەق، خۆپەرست، ڕووتێنەرەوە ئەنجامی باری نارەوای کۆمەڵگەیە نەک ئەنجامی خەوشی کەسایەتی. گرینگ ئەوەیە، کە شێوەی هەڵسوکەوتی شوی تا لە ناچارییەوەیە دژی لایەنە باشەکەی ناوەوەی خۆیشی ئاراستە کراوە، واتە دژی شێن تێ. لەگەڵ هەموو ئەو هەنگاوە ڕەقانەیشدا کە شوی تا دەیان نێ، ڕاڕاییەکی کاتییە، چونکە هەموو کات ئومێدی ئەوەیە، شتەکان ڕەوتێکی باشتر وەرگرن و مرۆڤ بتوانێ دەستبەرداریان بێت.

تێگەیشتنی برێشت لە سروشتی مرۆڤ لەبەر ئەوە گەشبینانەیە، چونکە گریمانەی ئەوە دەکا، کە مرۆڤ هەر لە بنەماوە زۆرتر مەیلی ئەوە دەکا، خێر و باشیی بۆ خۆی و ئەوانی تر بخوازێ. بەم جۆرە شوی تا و سون هەر لە بناغەوە بەدناک نین و لەزەت لە ڕەفتاری خراپیان نابینن. لە هەلومەرجی نامرۆڤانەدا بەها مرۆڤایەتییەکان بەراوەژوو دەبنەوە، پڕ بە مانای وشە بەدخوو و بەدڕەوشت دەبن و لە ڕێی ڕاستی خۆیان لادەدەن: مرۆڤ دەبێتە شمەک، کار دەبێتە کۆیلایەتی، ئەڤین دەبێتە سۆزانێتی، ڕاستی دەبێتە درۆ، فەزیلەت دەبێتە خەوش. لە قسەکانی کۆتاییدا شێن تێ جارێکی تر بە

شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا سکاڵا و گازەندە لە دەستی ئەم بارودۆخە دەکات.

## مرۆڤی باش و مرۆڤی خراپ

خواوەندەکان لە شانۆنامەکەی برێختدا بە هەنگاوی بچووک بچووک ئەزموونی گەورە دەکەن. ئەو ئەزموونەی مرۆڤ و جیهان بە گشتی نمایش دەکەن لەو هەوڵەدا ڕەنگی پێ دەدرێتەوە کە لەگەڵ شێن تێدا بەرجەستە دەبێ.

پێشبینییەکانی بڵاوەکانی ناو ئەم مەتەڵ و ئەفسانە کۆن و گەلییانە، کە لە کاتە عەلمانییەکانیشدا ئەم زیندەخەونە دەستەجەمعییانە مرۆڤیان لە قاڵب داوە، دوو مەرجی گرینگیان لەخۆ گرتووە: کە خوا ئەفرێنەر و خاوەنی جیهان و مرۆڤە، بەڵام ئەمجا بۆ خۆیانی بەجێ هێشتوون، هەر لەبەرئەوەشە خۆیان دەتوانن شێمانە دژواز و جیاوازەکانیان بەپێی دەرفەت و بۆ لوان بە واقیعی بکەن؛ مرۆڤ خۆیشی ئازادە بەپێی ئەم هەلومەرجە ئەرێنی یان نەرێنییانە پەرە بە خۆی بدات و هەر لەبەرئەوەشە خۆی بەرپرسیارە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و هەڵوێست وەرگرتن، واتە مرۆڤ دەتوانرێ بۆ لێپرسراوێتی پەروەردە بکرێ.

گرینگترین خاڵ لە شانۆنامەکەدا گەمەی گۆڕانی شێن تێیە بە شوی تا. دوای ئەوەی شێن تێ، کەنیزەکی باش و خۆنەویستی نەریت ئەدەبی دوکانی جگەرەکەی کڕیوم، ئومێدی ئەوەیە بتوانێ کاری باش بکا. ئەم بە مەبەستە ئەوانە نسکۆی پێ دەهێنن، کە شێن تێ دەیەوێ کۆمەکیان بکا. خاتوو شین کە دوکانەکەی بە شێن تێ فرۆشتووە لە نرخەکەدا فێڵی لێ کردووە، ئێستا خۆی دێت بۆ ئەوەی سواڵی نان بکات، هەر

لەگـەڵ هەواڵی دەسـتـبـڵاوی و بەرچاوتێریی شـێن تێ بـڵاو دەبێتـەوە، دامــاو و نەدارەکــان وەکــو ڕەوە کـولـلە بەســەریدا دادەبارێن. هەمــوو لێکەوتوون، بەڵام فێڵبازن، خۆپەرستن، بێ چاووڕوون.

ئەنجـامگیریی تۆپزی هۆکار پێشـانی دەدا، کـە دڵـباشـی لە بڕیاری خۆویسـتەوە نییـە، واتە بە ئارەزووی خۆی نییە، بگرە خۆکردانە دێتـە ئەنجـامـدان، لەبەرئەوەی "ناتوانێ بڵێت نـەء!" چۆنیش بتـوانێ، هـەروەک چۆن دەسـتـقـوچاو لـە پڕ بەرچاوتێر، بەفـیـڕۆدەر لە پڕ دەتوانێ دەست پێوەگـر بێت. هەمـووان وەکو خـۆیان ڕەفـتـار دەکەن، نەک وەکـو تاکی دووفاق.

یەکێک لە مـیـوانەکـان پێشـنیـازی ئەوە بۆ شـێن تێ خـۆی لەو بارە قـورسـەی کۆمـەک ڕزگـار بـکا و بچێتـە بەرگی ئامـۆزایـەکییـەوە. لە پڕ نموونەی مـرۆڤی یارمـەتیدەر و باش ون دەبێ و جێ بۆ مـرۆڤـێکی بەدی دڵڕەق چـۆڵ دەکـا. شـێن تێ هـەر لـەگـەڵ جلی شـوی تا لەبـەر دەکـا، کـاراکتـەریشـی دەگـۆڕێ و هیـچ لە کاراکتەرە باشـەکانی نامێنێ. شـێن تێ دەڕوا لەبـەرئەوەی مـرۆڤـە باشـەکـە لە هەلومــەرجی خـراپدا دەبێ نسکۆ بـهێنێ و مـرۆڤی خـراپ دەردەکـەوێ، چونکە تەنیـا ئەو دەرۆسـتـی ژیان دێت. مـرۆڤـە باشـەکە دەبێ مـاسکی بەدیی بپـۆشـێ، ئەگـەر بیـەوێ لە ژیاندا بمێنێتــەوە. زیاتر لە نیــوەی شــانـۆنامــەکـە بۆ نمایشـی ئەم بیـرۆکـەیە تەرخـان کـراوە، کە ئیـتـر خـۆی ناگـۆڕێ، بگرە ئیـتـر تەنیـا لە ڕێی نموونەکانەوە جـەغدی لێ دەکرێتەوە، هـەتا دەگاتە ئەو خاڵە تاڵەی، کە خـۆشـەویسـتیش تەنیا ڕووکـەشێکی جوانی هـەلومەرجی دادۆشـینە، کـە جـارێکی تر دەبێ باش جـێ بۆ خـراپ چۆڵ بکا بۆ ئەوەی لـە ژیاندا بمێنێتەوە.

بەڵام لە ڕاسـتـیدا باش لە ماسکی خراپدا چی بەسـەر دێت، شـێن تێ

لە ڕێی شـوی تـاوە چی بەسـەر دێت؟ ئـاخـۆ ڕاسـتـە لێـرەدا بـاسی دیالـێکتی باش و خـراپ بکەین، ئـاخـۆ مـانای ئەم دووفـاقـیـیـەی کەسـایەتیی نموونەیی لـە دووفـاقەبـوونی مـرۆڤی برژوازییـەوە بۆ نیـوەی کار و پیشـە و نیـوەی پریڤات هەڵدەهێنجرێ؟ ئەگەر لە شانـۆنامەکەی بـرێخـتـدا بە دوای وەڵامـی ئەم پرسـیـارانـەدا بگەڕێین، هـەر زوو ڕووبەڕووی ئەوە دەبینەوە کە لە شـانۆنامـەکەی برێختدا "بارودۆخێک" وەسف کراوە یا باشـتر بڵـێین: بـارودۆخـەکە خـۆی ئەم شـانۆنامـەیەیە. جگە لە دووبـارەکـردنـەوەی هـەمـان شت هـیـچی تر ڕوو نـادات، واتە پێشـاندانی بـەرگـەنەگرتنی، یان دەتوانین بڵـێین نەیاری باش و خـراپ، هـەلومـەرجی خـراپ و ڕەفتـاری ئاکارییـانەی بـێ خـەوش. خـراپ هـیچ ئەرکـێکی تری نیـیـە جگە لەوەی بەرپەرچی باش بداتەوە. شـوی تای بازرگانـی واقیعبین، بێ ویژدان و بەسـەر هەست و سۆزی خـۆدا زاڵبوو دژوازی ئەبسـتراکتی شـێن تێی ئیدیالی، نەرم و دڵبـاشـە. شـێن تـێ و شـوی تـا مـاسکی ئاکاری بوونـی مـرۆڤن لـە سـێبـەری هەلومـەرجی سـێچـواندا. برێخت لەم شـانۆنامـەیەدا نموونە بە دوای نمـوونەدا ڕیز دەکات بۆ ئەوەی بۆمان بسەلمێنێ کە مەحاڵە مرۆڤ بتوانێ لە دنیایەکی خراپدا باش بێت.

سـەرچاوەکـان: Franz- Josef, Payrhuber, Bertolt Brecht, Reclam, Stuttgart, 1995.

Walter, Hinderer(Hrg.), Brechtsdramen, Reclam, Stuttgart, 2007.

Axel, Schalk, Das moderne Drama, Reclam, Stuttgart, 2004

## کەسەکان

سێ خواوەند

شێن تێ

شوی تا

یانگ سون، فڕۆکەوانێکی بێکار

یانگ خان، دایکی یانگ سون

ڤانگ، ئاوفرۆش

شو فوی، دەلاک

می تسوی، خاوەن خانوو

شینی بێوەژن

خێزانێکی هەشت کەسی

لین تۆی، دارتاش

فەرشفرۆشێک و ژنەکەی

پۆلیسێک

کەشیشێک

بێکارێک

گارسۆنێک

پیادەکانی پێشگەمە

جێگە: پایەتەختی سێچوان کە نیمچە ئەوروپایی کراوە

# پێشگەمە

شەقامێکی سێچوانی پایەتەخت

ئێوارەیە، ڤانگی ئاوفرۆش خۆی بە بینەران دەناسێنێ

**ڤانگ:** من لێرە لە پایەتەختی سێچوان ئاوفرۆشم. کارەکەم سەختە. ئەگەر ئاو کەم بێ دەبێ دوور دوور بە دوایدا ڕابکەم. ئەگەر ئاو زۆر بێ، بە بێ داهاتم. بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناوچەکەماندا هەژارییەکی گەورە سەروەرە. بە گشتی دەوترێ، کە تەنیا خواوەندەکان هێشتا دەتوانن یارمەتیمان بدەن. بۆ خۆشنوودی گوزارشت لێ نەکراوم لە جەڵەبفرۆشێک، کە زۆر دەگەڕێ بیستم کە چەند خواوەندێک لە خواوەندە هەرە بەرزەکان بەرێوەن و دەتوانرێ لێرەش چاوەڕوانیان بکرێ. ئاسمان دەبێ زۆر نیگەران بێ لەبەر ئەو هەموو گازاندە زۆرەی بۆ لای بەرز دەبنەوە. سێ ڕۆژە لە بەردەم دەروازەی شاردا چاوەڕوانم، بە تایبەتی دەمەو ئێواران، بۆ ئەوەی من یەکەم کەس بم بەخێرهاتنیان بکەم. دواییتر هەلم بۆ هەڵناکەوێ، بە خەڵکی بەرز دەورە دەدرێن و بە شێوەیەکی سەرەکی سەردانیان زۆر دەکرێ. بەس ئەگەر بێتو من بیانناسمەوە! مەرج نییە بەیەکەوە بێن. لەوانەیە یەک یەک بێن بۆ ئەوەی دەرنەکەون. ئەوانەی ئەوێ نین، ئەوانە لە کارەوە دێن. (لە چەند کرێکارێک ڕادەمێنێ کە لەوێوە تێ دەپەڕن). شانیان لەبەر بار هەڵگرتن

زۆر داچەکـاوە. ئەوەی ئـەوێش زۆر ئـەسـتــەمــە خـواوەنـد بێ، مــەرەکــەب بە پـەنجــەوەیەتی. زۆر زۆر لـەوانەیە کــارمــەندی نووسینگەیەکی کارگەی چیمـەنتۆ بێ. تەنانـەت ئەو بەڕێزانەی ئەوێش (دوو پیــاو لـەوێوە تـێ دەپەڕن) وەکــو خــواوەند نایـەنە بەرچاوم، وەکــو خـــەڵکێکی کـــە زۆر لە یـەکـتـــر هەڵدەدەن، گوزاشتێکی دڕندانەیان هەیە خواوەندەکانیش پێویستییان بەوە نییە. بەڵام ئەو سێ کەسە زۆر جیاواز دیارن. تێر دیارن، هیچ نیشانەیەکی کارکردنیـان پێوە دیار نییـە و پێـڵاوەکانیـان تۆزی پێوەیە، کەواتە لە زۆر دوورەوە دێن. ئەوەتـان! ببنە خاوەنی من، عارفەکانم! (خۆی فڕێ دەداتە سەر زەوییەکە).

**یەکەم خواوەند:** (بە دڵخۆشییەوە): لێرە چاوەڕوانی ئێمە دەکرێ؟

**ڤانگ:** (ئاویان دەداتێ): لەمێژەوە. بەڵام تەنیا من زانیم ئێوە دێن.

**یەکەم خواوەند:** دە بۆ ئەمشەو جێگەیەکمان پێویستە. هیچ شوێنێک پێ دەزانی؟

**ڤانگ:** تەنیا یەکێک؟ چەندان! شار لە خزمەتتاندایە، ئای عارف! حەز دەکەن لە کوێ بژین؟

(خواوەندەکان پڕ مانا سەیری یەکتر دەکەن).

**یەکـەم خـواوەند:** کـوڕم، خـانووی داهـاتوو!، یەکـەم جـار هـەوڵ لەگـەڵ نزیکترینادا بدە!

**ڤـانگ:** من تـەنیــا خـــەمی ئەوەمــە کــە دوژمنایـەتیی ســەردارەکــان بورووژێنم، ئەگەر یەکێکیان بە تایبەتی مامەڵە بکەم.

**یەکەم خواوەند:** دە کەواتە فەرمانت پێ دەدەین: ئەوەی داهاتوو.

**ڤانگ:** ئەوە جـەنابی فـۆیە لەوێ! کەمێک حـەوسـەڵەتان هەبێ! (بۆ لای

خـانوويەک دەچـێ و لە دەرگـەکـە دەدا، بەڵام دەبینـرێ دەست بە ڕوویەوە دەنرێ. بە دوودڵییەوە دەگەڕێتەوە)

ئەمــە بێ مــانـایە. جـەنابی فـۆ ئێــســتــا لـە مــاڵەوە نیــیــە و خــزمــەتکارەکــانی ناوێرن بەبێ فــەرمــانـی ئەو هـیچ بکەن، لەبـەرئەوەی زۆر توندوتـیـژە. دەبـێ چەند شـێـتگیـر بێ، ئەگـەر ببیستێ دەستیان بە ڕووی کێوە ناوە، وا نییە؟

**خواوەندەکان:** (بە زەردەخەنەوە): بێگومان

**ڤـانگ:** یەک چاوتـرووکانێکی تر! خـانووەکـەی تەنیـشتـەوە هـی سـوی بێوەژنـە. لە خۆشـیـدا پێی بە زەوی ناکـەوێ. (بـۆ ئەوێ ڕادەکا، بەڵام بەوە دەچێ لەوێش دەستی بە ڕووەوە بنرێ).

دەبێ لەوێ بپرسم، دەڵێ تەنیا ژوورێکی بچووکی هـەیە، کە چاک نەکراوە. هـەر ئێستا ڕوو لە جەنابی چێنگ دەنێم.

**دووەم خواوەند:** بەڵام ژوورێکی بچکۆلەمان بەسە. بڵێ دێین.

**ڤانگ:** ئەگەر ڕێکیش نەخرابێ؟ لەوانەیە پڕ بێ لە جاڵجاڵۆکە.

**دووەم خواوەند:** قەیناکا. هـەر شوێنێک جاڵجـاڵۆکەی لێ بێ مێشی کەم لێیە.

**سێیـەم خواوەند:** (بە میهرەبانییەوە بە ڤانگ): کـوڕم بڕۆ بۆ لای ئاغای چێنگ یان بۆ لای کێ دەچی بچــۆ، من کــەمــێک قــێــزم لە جاڵجاڵۆکە دەبێتەوە.

(ڤانگ لە شوێنێک لە دەرگە دەدا و دەکرێتە ژوورەوە).

**دەنگێک لەناو خـانووەکەوە:** خواوەندەکانت لە ئێمە بە دوور بگرە! ئێمە خەمی ترمان هـەیە!

**ڤانگ:** (دەگەڕێتەوە بۆ لای خواوەندەکان): پیرانم، جەنابی چێنگ تێماوە، هەموو ماڵەکەی پڕە لە خزم و خوێش و پڕکێشیی ئەوە ناکا ئێوە ببینرێن. لە بەینی خۆماندا بێ، من لەو بڕوایەدام مرۆڤی خراپیان لەگەڵ بێ، کە نایەوێ پێشانی ئێوەی بدا. ترسێکی زۆری لە حوکمی ئێوە هەیە. ئەمە مەسەلەکەیە.

**سێیەم خواوەند:** ئێمە ئەوەندە سامناکین؟

**ڤانگ:** تەنیا دژی مرۆڤە خراپەکان، وا نییە؟ خۆ خەڵکی دەزانن دەیان ساڵە ناوچەی کڤانی وێران کردووە.

**دووەم خواوەند:** ئاوها؟ ئەی لەبەر چی؟

**ڤانگ:** لەبەرئەوەی لەوێ لە خوا ناترسن.

**دووەم خواوەند:** قسەی هیچ! لەبەرئەوەی بە خەمی بەنداوەکەوە نەبوون هەتا داڕووخا.

**یەکەم خواوەند:** وسس! (بە ڤانگ): کوڕم هێشتا ئومێدت هەیە؟

**ڤانگ:** چۆن دەتوانی پرسیاری وا بکەی؟ من تەنیا پێویستم بەوەیە خانوویەکی تر بڕۆم و ماڵێک بۆ ئێوە پەیدا دەکەم. هەموو خۆزگەی ئەوە دەخوازن لە خزمەتی ئێوەدا بن. ئەمانە ڕێککەوتی ناچیزن، تێ دەگەن. من ڕادەکەم! (بە دوودڵییەوە دەڕوا و ڕاڕا لەسەر جادەکە ڕادەوستێ).

**دووەم خواوەند:** چیم گوت؟

**سێیەم خواوەند:** هێشتا لەوانەیە ڕێککەوت بێ.

**دووەم خواوەند:** ڕێککەوت لە شون، ڕێککەوت لە کڤان و ڕێککەوت لە سێچوان! لە خواترسی نەماوە، ئەمە حەقیقەتی ڕووتە، کە ئێوە

ناتانەوێ سـەیری ڕووی بکەن. پەیامـەکەمـان نشـوسـتی هێنا، ددانی پێدا بنێن!

**یەکەم خـواوەند:** ئێمە هێشتا دەتوانین مرۆڤی باش بدۆزینەوە، هەمـوو چرکەساتێک. ئێمە نابێ شتەکە هەروا ئاسان تەماشا بکەین.

**سێیـەم خواوەند:** لە بڕیارەکەدا هاتووە: دنیا دەتوانێ بەو جۆرەی هەیە بمێنێتـەوە، ئەگەر ئەوەندە مـرۆڤی باش بدۆزرێنەوە کە دەتوانن ژیانێکی مرۆڤانـە بژین. ئەم ئاوفـرۆشـە خـۆی مـرۆڤێکی ئاوها باشـە، ئەگەر هیچ شـتێک فـریوم نەدا. (دەچێ بۆ لای ڤانگ کە هێشتا ڕاڕا وەستاوە).

**دووەم خواوەند:** هەمـوو شـتێک فریوی دەدا. کاتێ مـرۆڤە ئاوفرۆشـەکە بە پەرداخـەکەی ئاوی داینێ شـتێکم بینی. ئەمـە پەرداخـەکەیە. (پەرداخەکە پێشانی یەکەم خواوەند دەدا).

**یەکەم خواوەند:**

دوو بنی هەیە.

**دووەم خواوەند:** ساختەچییە!

**یەکـەم خـواوەند:** باش، ئەمـە دەرنەچوو. بەڵام ئەوە چییـە ئەگـەر یەکێک گەندەڵ بووبـێ! خـەڵکی تر دەدۆزینەوە، کـە لەگەڵ مـەرجـەکاندا بگونجـێن. دەبێ یەکـێک بـدۆزینەوە! دوو هـەزار سـاڵە هاواری ئەوە دەکرێ. ئەم دنیـایە ناتوانێ بەو جـۆرە بمێنێتـەوە کە هەیە. ئێـمـە دەبێ ئێـسـتـا خـەڵکی ناودێر بکەین کـە لە توانایاندایە فەرمایشتەکانمان بە جێ بهێنن.

**سێیەم خواوەند:** (بە ڤانگ): لەوانەیە سەخت بێ دڵدەیەک بدۆزینەوە؟

**ڤانگ:** بۆ ئێوە سەخت نییە! ئێوە چیتان بە زەیندا دێ؟ گوناهـی منە کە

یەکسەر داڵدەیەک نادۆزرێتەوە، من خراپ دەگەڕێم.

**سێیەم خواوەند:** بە دڵنیاییەوە وا نییە. (دەگەڕێتەوە).

**ڤانگ:** ئێوە تێبینی دەکەن. (لەگەڵ پیاوێک قسە دەکا). بەڕێز، ببوورن، کە قسەتان لەگەڵ دەکەم، بەڵام سێ لە بەرزترین خواوەندەکان، کە هەموو سێچوان چەندان ساڵە باسی گەیشتنی چاوەڕوانکراویان دەکا ئێستا بە ڕاستی گەیشتوونە و ماڵێکیان پێویستە. مەڕۆن! خۆتان قەناعەت بهێنن! تەنیا نیگایەک بەسە! بۆ خاتری خوا دەست بەرن! هەلێکی دانسقەیە! لە پێشدا فەرموو لە خواکان بکەن بۆ داڵدەکانتان، پێش ئەوەی یەکێک لە دەستتان دەریان بهێنێ، خواوەندەکان ڕازی دەبن.

(پیاوەکە لە ڕۆیشتن بەردەوام دەبێ).

(ڕوو لە یەکێکی تر دەنێ): ئازیزەکەم، گوێتان لێ بوو چی ڕووی داوە. لەوانەیە داڵدەیەکتان هەبێ؟ مەرج نییە ژووری کۆشک بێ. هەڵوێست گرینگترە.

**پیاوەکە:** من چۆن بزانم خواوەندەکانت چۆن خواوەندگەلێکن؟ کێ دەزانێ، مرۆڤ داڵدەی کێ دەدا. (دەچێتە دوکانی جگەرەفرۆشێکەوە. ڤانگ بە ڕاکردن دەگەڕێتەوە بۆ لای سێ خواوەندەکە).

**ڤانگ:** من پیاوێکم دۆزییەوە کە بە دڵنیاییەوە ڕازی دەبێت. (پەرداخەکەی لەسەر زەوی دەبینێ، بە شپرزەیی بە دوای خواوەندەکاندا دەگەڕێ، پەرداخەکە هەڵدەگرێتەوە و بە ڕاکردن دەگەڕێتەوە).

**یەکەم خواوەند:** ئەمە هاندەر نایەتە بەرگوێ.

**ڤانگ:** (کاتێ پیاوەکە لە دوکانەکە دەردەچێتەوە): داڵدەکە چۆنە؟

**پیاوەکە:** تۆ لە کوێ دەزانی کە من خۆم لە کاروانسەرا ناخەوم؟

**یەکەم خواوەند:** هیچ نادۆزێتەوە. دەتوانین ئەم سێچوانەش لە بیری خۆمان دەرکەین.

**ڤانگ:** سێ لە خوا سەرەکییەکانن! بە ڕاستی! وێنەکانیان لە پەرستگەکان زۆر باش دەرچوونە. ئەگەر بە پەلە بڕۆن و دەعوەتیان کەن لەوانەیە ڕازی بن.

**پیاوەکە:** (پێ دەکەنێ): دەبێ ئەمانە سەرسەریی باش بن، کە تۆ دەتەوێ داڵدەیان بۆ بدۆزیتەوە. (دەڕوا).

**ڤانگ:** (لە پشتەوە جنێوی پێ دەدا): قاچاخچیی چاوقیچ! لە خوا ناترسی؟ ئێوە هەمووتان لە قیری کوڵاودا لەبەر بێ پەروایی‌تان سوور دەکرێنەوە! خواوەندەکان گوێتان پێدا دەکەن! هەر پەشیمان دەبنەوە! هەتا چوار وەچە دەبێ سزای ئەمە بچێژن! ئێوە سەرجەمی سێچوانتان شەرمەزار کرد! (پشوو). ئێستا تەنیا شێن تێی سۆزانی دەمێنێتەوە، ئەو ناتوانێ بڵێ نەء

(بانگ دەکا "شێن تێ". لە پەنجەرەکەی سەرەوە شێن تێ سەیری دەرەوە دەکا).

ئەوان لێرەن، ناتوانم داڵدەیەکیان بۆ بدۆزمەوە. ناتوانی بۆ شەوێک بیانگریتە خۆت؟

**شێن تێ:** ڤانگ، لەو بڕوایەدا نیم. چاوەڕوانی مەعمیلێک دەکەم. بەڵام چۆن دەبێ تۆ داڵدەیەکیان بۆ نەدۆزیتەوە؟!

**ڤانگ:** ئێستا ناتوانم پێتی بڵێم. هەموو سێچوان سەرەنوێلکەیەکە بۆ خۆی.

**شێن تێ:** کە بێت دەبێ خۆم بشارمەوە. لەوانەیە بگەڕێتەوە. دەبێ بمباتە دەرەوە.

**ڤانگ:** ناتوانین لەم نێوەندەدا بێینە سەرەوە؟

**شێن تێ:** بەڵام نابێ بە دەنگی بەرز قسە بکەن. مرۆڤ دەتوانێ بە کراوەیی قسەیان لەگەڵ بکا؟

**ڤانگ:** نەخێر! نابێ هیچ لەبارەی پیشەکەتەوە بزانن! باشترە لە خوارەوە چاوەڕوان بین. بەڵام تۆ لەگەڵی ناچیتە دەرەوە؟

**شێن تێ:** وەزعم باش نییە، ئەگەر هەتا بەیانی زوو کرێکەم نەدەم، فڕێم دەدەنە دەرێ.

**ڤانگ:** لە کاتێکی ئاوەها مرۆڤ نابێ بکەوێتە حسێبکردن.

**شێن تێ:** من نازانم، بە داخەوە ئەگەر قەیسەریش ڕۆژی لەدایکبوونی بێت سک هەر قوڕەی دێ. بەڵام باشە من جێگەیان دەکەمەوە.
(دەبینرێ شێن تێ گڵۆپ دەکوژێنێتەوە).

**یەکەم خواوەند:** لەو بڕوایەدام بێهوودەیە. (دەچن بۆ لای ڤانگ).

**ڤانگ:** (ڕادەچڵەکێ کاتێ دەبینێ لە پشتییەوە وەستاون): داڵدەکە پەیدا بوو. (ئارەقەکەی دەسڕێتەوە).

**خواوەندییەکان:** وا؟ دەبا بچین بۆ ئەوێ.

**ڤانگ:** پەلەمان نییە. لەسەرەخۆ. ژوورەکە هێشتا ڕێک دەخرێ.

**سێیەم خواوەند:** با لێرە دانیشین و چاوەڕێ کەین.

**ڤانگ:** بەڵام دەترسێم لێرە هاتوچۆ زۆر بێ. باشترە بچینە ئەوبەرەوە.

**دووەم خواوەند:** ئێمە حەز بە سەیرکردنی مرۆڤ دەکەین. هەر لەبەرئەوەشە ئێمە لێرەین.

**ڤانگ:** تەنیا: ئێرە بای دێ.

**سێیەم خواوەند:** لێرە ئیسراحەتی؟

(لەسەر پلیکانەی خانوویەک دادەنیشن، ڤانگ کەمێک دوور لێیانەوە لەسەر زەوییەکە دادەنیشێ).

**ڤانگ:** (بە هەوڵێکەوە): ئێوە کچێک جێی کردوونەتەوە کە بە تەنیا دەژی. باشترین مرۆڤی سێچوانە.

**سێیەم خواوەند:** ئەمە شتێکی زۆر باشە.

**ڤانگ:** (بەرەو بینەران): کاتێک من پێشووتر پەرداخەکەم هەڵگرت، نائاسایی سەیریان کردم. دەبێ هەستیان بە شتێک کردبێ؟ پڕکێشیی ئەوە ناکەم سەیری ناو چاویان کەم.

**سێیەم خواوەند:** تۆ زۆر ماندووی.

**ڤانگ:** کەمێک. ئەوە هی ڕاکردنە.

**یەکەم خواوەند:** خەڵکەکە لێرە ژیانیان زۆر قورسە؟

**ڤانگ:** خەڵکە باشەکان بەڵێ.

**یەکەم خواوەند: (بەجیدی):** تۆیش؟

**ڤانگ:** دەزانم مەبەستتان چییە. من باش نیم. بەڵام منیش ژیانم ئاسان نییە.

(لەم سەروبەندەدا پیاوێک لە بەردەم ماڵەکەی شێن تێ دەردەکەوێ و چەند جارێک فیکە دەکێشێ. هەموو جارێک ڤانگ ڕادەچڵەکێ).

**سێیەم خواوەند:** (بە چپە بە ڤانگ): وابزانم ئێستا ڕۆیشت.

**ڤانگ:** (بە شپرزەییەوە): وایە.

(هەڵدەستێتە سەرپێ و بۆ گۆڕەپانەکە ڕادەکا، ئامرازی ئاو هەڵگرتنەکەی بەجێ دەهێڵێ. بەڵام ئەم شتەی خوارەوە ڕووی داوە: ئەو پیاوەی چاوەڕێی دەکرد ڕۆیشتووە و شێن تێ لە دەرگەکەوە هاتۆتە دەرێ و بە دەنگی نزم بانگی "ڤانگ" دەکا، بە دوای ڤانگدا دەگەڕێ و بە جادەکەدا سەر بەرەوخوار بووەتەوە. کاتێ ڤانگ بە ئەسپایی بانگی "شێن تێ" دەکا، وەڵامی نادرێتەوە).

**ڤانگ:** بەجێی هێشتم، ڕۆیشتووە، بۆ ئەوەی پارەی کرێکەی کۆ بکاتەوە منیش داڵدەم بۆ عارفەکان نەدۆزیوەتەوە. هیلاکن و چاوەڕێن. هێشتا ناتوانم پێیان بڵێم: هیچ دەست ناکەوێ! داڵدەکەی خۆم لوولەی زێرابە، ئەمە مەحاڵە. بە دڵنیاییەوە خواکانیش نایانەوێ لەلای مرۆڤێک بخەون کە سەودا و مامەڵە ساختەکارییەکانیان پێ زانیوە. من ناگەڕێمەوە، بە هیچ نرخێک. بەڵام ئامرازی ئاو هەڵگرتنەکەم لەوێیە. چی بکەم؟ پرکێشیی ئەوە ناکەم بیهێنم. دەمەوێ لە پایەتەخت برۆم و خۆم لە بەرچاویان بشارمەوە، لەبەرئەوەی بۆم نەلوا شتێک بۆ ئەو کەسانە بکەم کە ڕێزیان لێ دەنێم.

(بە پەلە لەوێ دوور دەکەوێتەوە).

(هەر لەگەڵ دەروا شێن تێ دەگەڕێتەوە، لەوبەرەوە دەگەڕێ و خواوەندەکان دەبینێ).

**شێن تێ:** ئێوە عارفەکانن؟ من ناوم شێن تێیە. خۆشحاڵ دەبم ئەگەر ئێوە بە ژوورەکەم قایل بن.

**سێیەم خواوەند:** بەڵام ئاوفرۆشەکە بۆ کوێ چوو؟

**شێن تێ:** دەبێ فریای نەکەوتبم.

**یەکەم خواوەند:** لەوانەیە وا تێگەیشتبێ تۆ نایەی و ئیتر نەیوێراوە بێ بۆ لای ئێمە.

**سێیەم خواوەند** (ئامێری ئاو هەڵگرتنەکە هەڵدەگرێ): دەمانەوێ لای تۆی دانێین، پێویستی پێی دەبێ.

(دەڕۆن، شێن تێ ڕێنوێنییان دەکا، دەچنە خانووەکەوە.

شانۆ تاریک دەبێ و ڕووناک دەبێتەوە. لە کازیوەی بەیانیدا جارێکی تر لە دەرگەکەوە دێنە دەرێ، شێن تێ پێشیان کەوتووە و بە چرایەک ڕێگەیان بۆ ڕووناک دەکاتەوە. خواحافیزیی لێ دەکەن).

**یەکەم خواوەند:** شێن تێی ئازیز، ئێمە سوپاسی میواندۆستیت دەکەین. لە بیرمان ناچێتەوە، کە تۆ بووی ئێمەت گرتە خۆت و ئامێرەکە بدەرە ئاوفرۆشەکە و پێی بڵێ، کە ئێمە سوپاسی ئەویش دەکەین، لەبەرئەوەی مرۆڤێکی باشی پێ پێشانداین.

**شێن تێ:** من باش نیم. دەبێ ددان بە شتێکدا بنێم: کاتێ ڤانگ بۆ داڵدەیەک بۆ ئێوە پێی وتم، ڕاڕا بووم.

**یەکەم خواوەند:** ڕاڕابوون قەیناکا، ئەگەر مرۆڤ سەربکەوێ. دەبێ ئەوە بزانی تۆ لە داڵدەی شەوێک زیاترت پێ داین. زۆر کەس، لەوانە هەندێ لە خواوەندەکانیش ئەو گومانە لە ناخیاندا چەکەرەی کردووە، ئاخۆ بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤی باش هێشتا هەیە. بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەوەی ئەمە بسەلمێنین ئەم سەفەرەمان دەست پێکردووە. بە خۆشحاڵییەوە ئەم سەفەرە درێژە پێ دەدەین، لەبەرئەوەی ئێمە یەکێکمان دۆزییەوە. خوحافیز!

**شـێن تێ:** ڕاوەسـتـە، عـارف، مـن هـەر دڵنیـا نـیم، کـە من باشـم، من دەمـەوێ باش بم، تەنیـا، کـرێ خـانووەکـەم چۆن بدەم؟ دەمـەوێ لای ئێـوە ددانی پێـدا بنێم: خـۆم دەفـرۆشـم، بۆ ئەوەی بتـوانم بژیم، بەڵام بەمەیش ناتوانم گوزەران بکەم، لەبەرئەوەی زۆر هـەن دەبێ ئەمـە بکەن. من ئامـادەم هـەمـوو شـتـێک بکـەم، بەڵام کێ ئامادە نییـە هەمـوو شتێک بکات؟ بێگومـان بـەختـەوەر دەبووم ئەگەر بمتـوانیبا فـەرمـوودەی منداڵ خـۆشـویسـتن و حـەقیـقـەت ڕابگرم. خـۆشـحـاڵ دەبووم تەمـاح لـە مـاڵی خـەڵک نەکـەم و هۆی شـادیم دەبوو بە دڵسۆزی وابەسـتـەی پیاوێک بم. منیش نامـەوێ قازانج لـە داماو بکەم و دزییـان لێ بکەم. بەڵام چۆن دەتوانم ئەم شـتـانە بکەم؟ ئەگـەر من چەند فـەرمـوودەیەک ڕانەگـرم، ناتوانم گوزەران بکەم.

**یەکەم خواوەند:** شێن تێ، ئەمـانە هـەمـووی جگە لە گومـانی مـرۆڤێکی باش هیچی تر نین.

**سێیـەم خواوەند:** شێن تێ، مـاڵئـاوا! لە کـانگەی دڵـەوە سـڵاوی من بە ئاوفرۆشـەکە بگەیەنە. بۆ ئێمە هاوڕێیەکی باش بوو.

**دووەم خواوەند:** لەوە دەترسێم ئەوەی بە دڵ نەبووبێ.

**سێیەم خواوەند:** لە خۆتی تێک مەدە!

**یەکـەم خـواوەند:** پێش هەمـوو شـتـێک دڵت باش بێ، شـێن تێ! خواحافیز!

(وەردەچەرخـێـتـەوە بۆ ئەوەی بڕوا. دەسـتـی بۆ مـاڵئـاوایی بۆ ڕادەوەشێنن).

**شێن تێ:** (ترسی لێ دەنیشێ): بەڵام من دڵنیـا نیم، خاوەن شکۆ. چۆن

دەتوانم باش بم کە هەموو شتێک ئەوەندە گران بێ؟

**دووەم خواوەند:** بە داخەوە ئێمە ناتوانین هیچ بکەین. ئێمە ناتوانین دەست لە کاروباری ئابووری وەربدەین.

**سێیەم خواوەند:** ڕاوەستن! کەمێک چاوەڕێ کەن! ئەگەر تۆزێک زیاتری هەبێ لەوانەیە بتوانێ گوزەران بکا.

**دووەم خواوەند:** ئێمە ناتوانین هیچی بدەینێ. ناتوانین لە سەرەوە بەرپرسیارێتی بکەین.

**یەکەم خواوەند:** بۆچی نا؟

(سەریان دەکەن بە یەکدا و بە شڵەژاوییەوە مشتومڕ دەکەن).

**یەکەم خواوەند** (بە شێن تێ، بە شەرمەزارییەوە): وەکو بیستوومانە پارەی کرێ خانووەکەت نییە بیدەی. ئێمە هەژار نین و بێگومان کرێی شەو دەدەین! ئەوەتا! (پارەی دەداتێ). بەڵام لەلای کەس باسی مەکە، کە پارەمان داوە. لەوانەیە بە هەڵە لێک بدرێتەوە.

**دووەم خواوەند:** زۆر.

**سێیەم خواوەند:** نەخێر، مۆڵەتی پێ دراوە. ئێمە دەتوانین بە بێ تەگەرە کرێی داڵدەی شەو بدەین. لە بڕیارەکەدا تاقە وشەیەک دژی ئەمە نەنووسرابوو. دە خواحافیز!

(خواوەندەکان خێرا دەڕۆن).

١

## دوکانێکی بچووکی جگەرەفرۆشی

دوکانەکە بە تەواوی دانەمەزراوە و هێشتا نەکراوەتەوە.

**شێن تێ:** (بۆ بینەران): ئەوا سێ ڕۆژە خـاوەندەکـان ڕۆیشـتـوونە. وتیـان دەیانـەوێ پارەی پەناگـەی شـەویان بدەن. کـاتـێ ویسـتم بزانم چیـیـان داومـەتێ، بینیم زیاتر لە هـەزار دۆلاری زیو بوو. بەو پـارەیە دوکـانێکی جگەرەفـرۆشـیـم کـڕی. دوێنێ بۆ ئێـرە گواستمەوە و هیـوادارم بتوانم بەو پارەیە زۆر شـتـی باش بکەم. بۆ نموونە خـاتوو شین، خـاوەنی پێشووی دوکـانەکە. دوێنێ هات و داوای بـرنجی بـۆ منداڵەکــانی کــرد. ئـەمـــڕۆش دەبینم بـە مەنجەڵەکەوە لە گۆڕەپانەکە دەپەڕێتەوە.

(شێن دێتە ژوورەوە. ژنەکان لە بەردەم یەکتردا دادەچەمێنەوە).

ڕۆژباش، شین خان.

**شین:** ڕۆژباش خاتوو شێن. ماڵە تازەکەت بە دڵە؟

**شێن تێ:** باشە. منداڵەکان شەویان چۆن گوزەراند؟

**شین:** ئۆی، لە خـانوویەکی بێگانەدا، ئەگەر مـرۆڤ بتـوانێ ناوی خـانوو لەو کەپرە بنێ. منداڵە هەرە بچووکەکەمان دەکۆکێ.

**شێن تێ:** ئەمە خراپە.

**شین:** ئێـوە نازانن خـراپ چۆنە، ئێـوە وەزعـتـان باشـە. بەڵام هێـشـتـا

ئەزمـوونێکی زۆر لەم دوکـانە بچکۆلەیەدا کـۆ دەکـەنـەوە. ئێـرە کووچەی بێنەواکانە.

**شێن تێ:** وەکو پێت وتم، نیوەڕۆکان لە کارگەی چیمەنتۆوە کرێکارەکان دێن؟

**شین:** بەڵام کەسی تر هیچ ناکڕێ، هەتا دراوسێکانیش.

**شـێن تێ:** هیـچتـان لـەبارەی ئەوەوە پێ نەوتم، کـاتێ دوکانەکـەتان پێ فرۆشتم.

**شین:** هێشتا سـەرکۆنەم مـەکە! یەکـەم جار مـاڵەکە لە من و منداڵـەکانم دەدزن و ئەمــجـا دەڵێن دوکـانی بچـووک و ناوچەی بێنەوایان. ئەمە چڵەپۆپەیە. (دەگری)

**شێن تێ:** (خێرا): هەر ئێستا برنجەکەتان بۆ دەهێنم.

**شین:** ویستم تکایەکتان لێ بکەم، کەمێک پارەشم بە قەرز بدەنێ.

**شـێن تێ:** (لە کاتێکدا برنجەکەی بۆ دەکـاتە مـەنجـەڵەکـەوە): ناتوانم. خۆم من هێشتا هیچم نەفرۆشتووە.

**شین:** بەڵام من پێویسـتم بە پارەیە. بە چی بژیم؟ ئێوە هەموو شتێکتان لێ سەندم. ئێستا دەست دەخەنە بیناقاقەم. منداڵەکانم دەخەمە بەردەم ئاسـتانەی دەرگەکەتان، قۆڵبـڕ! (مـەنجەڵەکەی لە دەست ڕادەپسکێنێ).

**شێن تێ:** ئەوەندە تووڕە مەبن! برنجەکە دەڕێژن!

(ژن و پیاوێکی پیر و مرۆڤێکی شڕەوپڕە لە بەر دێنە ژوورەوە).

**ژنەکە:** ئای، شـێن تێی ئازیزم، بیسـتمان کە وەزعت ئەوەندە باشـە. تۆ بوویتـەتـە ژنە بازرگـان! بیـر لەوە بکەرەوە کـە ئێـمـە بێنەواین!

دوکانی جگەرەکەمان لەناو چوو. ئێمە لە خۆمانمان پرسی ئاخۆ ناتوانین شەوێک لەلای تۆ بمێنینەوە. تۆ خوشکەزاکەم دەناسی؟ ئەویش لەگەڵماندا هات، ئەو هەرگیز لە ئێمە جیا نابێتەوە.

**خوشکەزاکە:** (سەیری دەوروبەر دەکا): دوکانێکی جوانە!

**شین:** ئەمانە کێن؟

**شین تێ:** کاتێ لە گوندەوە هاتم بۆ شار، ئەمان یەکەم خزمەتکارم بوون. (بۆ بینەران): کاتێ پارە کەمەکەم تەواو بوو، دەریان کردمە سەر جادە. لەوانەیە بترسن ئێستا من بڵێم نەء. هەژارن. بێنەوان. بێ هاورێن. پێویستییان بە یەکێکە. چۆن مرۆڤ دەتوانێ بڵێ نەء؟ (بە میهرەبانییەوە بە مرۆڤە گەیشتووەکان): بەخێربێن! من بە خۆشحاڵییەوە جێتان دەکەمەوە. بەڵام یەک ژووری بچکۆلەم لە پشتی دوکانەکەوە هەیە.

**پیاوەکە:** ئەوە بۆ ئێمە بەسە. خەم مەخۆ. (لە کاتێکدا شین تێ چا دەهێنێ). باشترین شت ئەوەیە ئێمە لەم پشتەوە دانیشین بۆ ئەوەی رێت لێ نەگرین. تۆ دوکانێکی جگەرەفرۆشتنت هەیە وەکو بیرەوەریی یەکەمماڵت هەڵبژاردووە؟ ئێمە دەتوانین چەند رێنوێنییەکت بکەین. هەر لەبەرئەوەیشە هاتووین بۆ لات.

**شین:** (بە تەوسەوە): هیوادارم کڕیاریش بێن؟

**ژنەکە:** ئەمە مەبەستی ئێمەیە؟

**پیاوەکە:** وسس! ئەوا کڕیارێک هات!

(پیاوێکی شرپۆش دێته ژوورەوە)

**پیاوە شرپۆشەکە:** ببوورە. من بێکارم.

(شین پێ دەکەنێ).

**شێن تێ:** چۆن دەتوانم لە خزمەتتاندا بم؟

**بێکارەکە:** بیستوومە سبەی دوکانەکەت دەکەیتەوە. ئەوەم بە بیردا هات لە کاتی کردنەوەی کارتۆندا هەندێ جار شتێک خەسار دەبێ. جگەرەیەکی زیادەتان هەیە؟

**ژنەکە:** شتێکی سەیرە سواڵی جگەرە بکرێ! ئەگەر بە لای کەمەوە نان بوایە!

**بێکارەکە:** نان گرانە. چەند قومێک لە جگەرەکە بدەم دەبمە مرۆڤێکی دیکە. من هێندە شەکەتم.

**شێن تێ:** (جگەرەی دەداتێ): ئەمە گرینگە، مرۆڤێکی تر بی. من دوکانەکەم لەگەڵ ئێوەدا دەکەمەوە، ئێوە خۆشیم بۆ دەهێنن.

(بێکارەکە جگەرەیەک دادەگیرسێنێ، قومی لێ دەدا و بە دەم کۆکینەوە دەچێتە دەرەوە).

**ژنەکە:** شێن تێی ئازیز ئەمە ڕاست بوو؟

**شین:** ئەگەر دوکانەکە ئاوەها بکەنەوە، سێ ڕۆژ خاوەنی نابن.

**پیاوەکە:** من گرەو دەکەم، کە هێشتا پارەی لە گیرفاندایە.

**شێن تێ:** بەڵام خۆ وتی هیچ پارەی نییە.

**خوشکەزاکە:** لە کوێوە دەزانن درۆی لەگەڵ نەکردوون؟

**شێن تێ:** (بە تووڕەیی): لە کوێوە بزانم درۆی لەگەڵ کردووم؟

**ژنەکە:** (بە دەم سەر ڕاوەشاندنەوە): ناتوانێ بڵێ نەء! شێن تێ، تۆ

دڵت زۆر باشە! ئەگەر دەتەوێ دوکانەکەت لە دەست نەدەی، دەبێ جاروبار داواکارییەک ڕەت بکەیتەوە.

**پیاوەکە:** بڵێ هی تۆ نییە. بڵێ هی خزمێکمە، کە حیسابی تەواوی لە تۆ دەوێ. ناتوانی وا بکەی؟

**شین:** مرۆڤ دەتوانێ وا بکات، ئەگەر مرۆڤ هەموو کات خۆی وەکو خێرەومەند پێشان نەدا.

**شین تێ:** (پێ دەکەنێ): تەنیا سەرکۆنەم بکەن! من هەر ئێستا داڵدەکەتان پێ دەڵێم و برنجەکە دەبەمەوە بۆ جێگەکەی خۆی.

**ژنەکە:** (بە سەرسامییەوە): برنجەکەش هی تۆیە؟

**شین تێ:** (ڕوو لە بینەران دەکا): ئەوان خراپن.

ئەوان هاوڕێی کەس نین.

مەنجەڵێک برنج بە کەس ڕەوا نابینن.

خۆیان هەموو شتێکیان دەوێ.

کێ دەتوانێ لۆمەیان بکا؟

(پیاوێکی بچووک دێتە ژوورێ).

**شین:** (پیاوەکە دەبینێ و بە هەڵەداوان ڕادەکا): من بەیانی دێمەوە. (دەڕوا)

**پیاوە بچکۆلەکە:** (بانگی دەکا): شین خان، ڕاوەستێ! ئێستا پێویستم پێتە!

**ژنەکە:** بە ڕێکوپێکی دێت بۆ ئێرە؟ هیچ داواکارییەکی لێت هەیە؟

**شین تێ:** هیچ داواکارییەکی نییە، بەڵام برسییەتی: ئەمە لە داواکاری زۆرترە.

**پیاوە بچکۆلەکە:** دەزانێ بۆچی ڕادەکا. ئێوە خاوەنە تازەکەی دوکانەکەن؟ ئای، ئێوە ڕەفەکان پڕ دەکەن. بەڵام هی ئێوە نییە. یان ئێوە پارەکەی دەدەن! ئەو ناکەسبەچەیەی لێرە دانیشتبوو پارەی نەدا. (بە ئەوانی تر): من دارتاشەکەم.

**شێن تێ:** بەڵام من وام زانی ئەمە سەر بەو کەرەستانەیە کە پارەکەم داوە؟

**دارتاشەکە:** فڕوفێڵە! هەمووی فڕوفێڵە! بێگومان ئێوە لەگەڵ ئەو شینەدا دەستتان تێکەڵ کردووە! من چۆن ناوم لین تۆیە ئاوها سەد دۆلارە زیوەکەی خۆم دەوێ.

**شێن تێ:** چۆن پارەت بدەمێ، من هیچ پارەم نەماوە!

**دارتاشەکە:** دە من دەیدەمە هەڕاجکردن! هەر ئێستا! یان هەر ئێستا پارەکەی دەدەن یان دەیدەمە هەڕاجکردن!

**پیاوەکە:** (بە گوێی شێن تێ-دا دەچرپێنێ): ئامۆزا!

**شێن تێ:** ناکرێ بیخەینە مانگی داهاتوو؟

**دارتاشەکە:** (دەقیژێنێ): نەخێر!

**شێن تێ:** دڵڕەق مەبن، جەنابی لین تۆ. من ناتوانم یەکسەر هەموو قەرزەکان بدەمەوە. (ڕوو دەکاتە بینەران): کەمێک ڕەچاوکردن و هێزەکان دووقات دەبن.

سەیر کە، ئەسپی گالیسکەکە لە بەردەم چەپکە گیایەکدا ڕادەوەستێ: کەمێک ڕەچاوکردن و ئەسپەکە باشتر گالیسکەکە ڕادەکێشێ.

لە ژوندا کەمێک سەبر و درەختەکە

له ئەوگوستدا لەژێر باری قۆخەکاندا دەنوشتێتەوە.
بە بێ سەبر چۆن دەتوانین بە یەکەوە بژین؟
بە تەنیا کەمێک دواخستنەوە
بە دوورترین ئامانج دەگەین.
(بە دارتاشەکە): تەنیا کەمێک سەبرتان هەبێ، جەنابی لین تۆ!

**دارتاشەکە:** ئەی کێ لەگەڵ من و خێزانەکەمدا سەبری هەبێ؟ (ڕەفێک دەخاتە بەردەم دیوارەکە وەکو بیەوێ لەگەڵ خۆی بیبا). پارەکە دەدەن یان ڕەفەکان لەگەڵ خۆم دەبەم!

**ژنەکە:** شێن تێی ئازیزم، بۆ شتەکان ڕادەستی ئامۆزاکەت ناکەی؟ (بە دارتاشەکە): قەرزەکەت بنووسە و ئامۆزاکەی خاتوو شێن تێ پارەکە دەدا.

**دارتاشەکە:** ئەو جۆرە ئامۆزایانە دەناسین!

**خوشکەزاکە:** وا گەمژانە پێ مەکەنە! من شەخسی دەیناسم.

**پیاوەکە:** ئەو پیاوێکە وەکو چەقۆ.

**دارتاشەکە:** باشە، با ئەو پارەکەم بدا. (ڕەفەکە ئەمدیو ئەودیو دەکا، لەسەری دادەنیشێ و حیسابەکەی دەنووسێ.)

**ژنەکە:** بۆ ئەو چەند ڕەفەیە کراسەکەی بەری دادەدڕێ، ئەگەر ڕێی لێ نەگیرێ، هەرگیز ددان بە قەرزدا مەنێ جا ڕەوا بێت یان ناڕەوا، چونکە یەکسەر بە داوای قەرز دات دەپۆشن، ڕەوا بێ یان ناڕەوا. پلە گۆشتێک بخەرە تەنەکەی پاشەڕۆکەوە و هەموو سەگی قەسابەکانی گەڕەک لە حەوشەکەتدا قەپ لە یەکتر دەگرن. ئەی ئیتر دادگەکان بۆچی کراون؟

**شـێن تێ:** ئەو کـاری کـردووە و نایـەوێ بە دەسـتـی خـاڵـی بگەڕێتـەوە. خـێـزانداریشــە. زۆر خــراپە کــە مـن ناتـوانم پارەی بـدەمـێ! خواوەندەکان دەبێ چی بڵێن؟

**پیـاوەکە:** تۆ بەشـی خـۆت کرد، کـاتـێ ئێمـەت گرتە خـۆت، ئەمـە سـەر و زیادە.

(پیاوێکی شەل و ژنێکی دووگیان دێنە ژوورەوە)

**پیاوە شـەلەکە:** (بە ژن و مێردەکە): ئا، ئێوە لێرەن! ئێوە خزمی پاک و خاوێن! سووک و ئاسان لەسەر جادە بەجێمان دەهێڵن!

**ژنەکە:** (بە شەرمـەوە بە شێن تێ): ئەوە ڤونگی برام و براژنەکەمە. (بە هـەردووکیان): جنێو مەدەن و بە هێمنی لەو سووچە دانیشن، بۆ ئەوەی خـاتوو شـێن تێ، هـاوڕێ کـۆنەکـەمـان وەڕەس نـەبێ. (بە شـێن تێ): لەو بڕوایەدام، دەبێ هـەردووکیـان بگرینە خـۆمـان، لەبەرئـەوەی براژنەکـەم سکی پێنج مـانگانە. یان ئێـوە ڕاتان وا نییە؟

**شێن تێ:** بەخێربێن!

**ژنەکە:** بیر لەوە بکەنەوە. قـاپەکان لە پشـتـەوە دانراون. (بە شـێن تـێ): نەیاندەزانی ڕوو بکەنە کوێ، باشە تۆ ئەم دوکانەت هەیە!

**شێن تێ:** (بە پێکەنینـەوە بۆ بینەران، بە دەم چاهێنـانەوە): بەڵێ باشـە ئەم دوکانەم هەیە!

(خــاتوو مـی تسـوی خـاوەن خــانوو دێتــە ژووری، فـۆرمــولاری بەدەستەوەیە)

**مـی تسـوی:** خـاتـوو شـێن تێ، مـن خـاوەن خـانـووم، خـاتوو مـی تـسـوی. هیـوادارام بتـوانین باش بە یەکەوە هەڵبکەین. ئەمـە کـۆنتـراکتـی

کرێیە. (لە کاتێکدا شێن تێ کۆنتراکتەکە دەخوێنێتەوە).
چرکەساتێکی خۆشە، کردنەوەی دوکانێکی بچووک، وا نییە، بەڕێزانم؟ (سەیری دەووبەری خۆی دەکا). هێشتا چەند بەتاڵاییەک بە ڕەفەکانەوەن، بەڵام دەبێ بڕوا. خۆ دەتوانن چەند پشتگیرییەکم بۆ بهێنن؟

**شێن تێ:** ئەمە پێویست دەکا؟

**می تسوی:** بەڵام خۆ من نازانم ئێوە کێن.

**پیاوەکە:** لەوەیە ئێمە بتوانین کەفالەتی خاتوو شێن تێ بکەین؟ لەوەتەی هاتووەتە شار ئێمە دەیناسین و هەموو کاتێک دەستی بۆ دەخەینە ئاگرەوە.

**می تسوی:** ئەی ئێوە کێن؟

**پیاوەکە:** من ما فووی جگەرەفرۆشم.

**می تسوی:** دوکانەکەت لە کوێیە؟

**پیاوەکە:** ئێستا دوکانم نییە. دەبینن ئێستا فرۆشتم.

**می تسوی:** ئاوها. (بە شێن تێ): ئەی کەسی ترتان نییە، کە زانیاریی لەبارەی ئێوەوە لێ بپرسم؟

**ژنەکە:** (بە چرپە): ئامۆزا! ئامۆزا!

**می تسوی:** ئێوە دەبێ کەسێکتان هەبێ، کە کەفالەتی ئەوە بکا چی دێتە ماڵەکەمەوە. ئازیزەکەم، ئەمە ماڵێکی سەنگینە. بە بێ ئەوە ناتوانم بە هیچ جۆرێک کۆنتراکتتان لەگەڵ بکەم.

**شێن تێ:** (لەسەرخۆ، بە چاوی داخراوەوە): من ئامۆزایەکم هەیە.

**می تسوی:** ئای، ئامۆزایەکتان هەیە. لە گۆڕەپانەکە؟ دەتوانین هەر

ئێستا بچین بۆ لای. کاری چی دەکا؟

**شێن تێ:** لێرە ناژی، بگرە لە شارێکی تر دەژی.

**ژنەکە:** نەتگوت لە شونگ؟

**شێن تێ:** جەنابی شوی تا. لە شونگ!

**پیاوەکە:** بەڵام من باشی دەناسم! پیاوێکی درێژ، باریک.

**خوشکەزا:** (بە دارتاشەکە): ئێوەش سەودا و مامەڵەتان لەگەڵ ئامۆزاکەی شێن تێ کردووە! لەبارەی ڕەفەکانەوە!

**دارتاشەکە:** (بە مۆنی): ئێستا خەریکم حیسابەکەی بۆ دەنووسم. ئەوەتا! (حیسابەکەی دەداتە دەست). بەیانی زوو دێمەوە! (دەڕوا).

**خوشکەزا:** (لە دواوە بانگی دەکا، بە گۆشەی چاو سەیری ژنە خاوەن خانووەکە دەکا): هێمن بن، ئامۆزاکەی پارەکە دەدا!

**می تسوی:** (بە قووڵی لە شێن تێ ورد دەبێتەوە): من بە ناسینی خۆشحاڵ دەبم. ئێوارەت باش، خاتوو. (دەڕوا).

**ژنەکە:** (دوای پشوویەک): ئێستا هەموو شتێک دەردەکەوێ! دڵنیا بە، بەیانی زوو هەموو شتێک لەبارەی تۆوە دەزانێ.

**براژنەکە:** (بە دەنگی نزم بە خوشکەزاکە): لێرە زۆر درێژ ناخایەنێ!
(پیرەمێردێک و هەرزەکارێک دێنە ژوورەوە)

**هەرزەکارەکە:** (بۆ لای پشتەوە): ئەوەتا لێرەن.

**ژنەکە:** ڕۆژباش باپیرە. (بە شێن تێ): ئەو پیرەمێردە مرۆڤێکی باشە! ئەو خەمی خواردین. ئەی رواڵەکە، گەورە نەبوو؟ فرە زۆرخۆرە. کێی ترتان لەگەڵدایە؟

**پیاوەکە:** (سەیر دەکا) تەنیا کچی خوشکەزاکەم.

**ژنەکە:** (بە شێن تێ): کچێکی خزمی لادییمان. هیوادارین زۆر نەبین. هێشتا هەرگیز ئەوەندە زۆر نەبووین، کاتێک تۆ لەلای ئێمە دەژیای، وا نییە؟ بەڵێ، ئێمە هەموو کات زیادمان کرد. هەتا بارودۆخ خراپتر دەبوو، ئێمە زیاترمان دەکرد. هەتا زیاترمان دەکرد، بارودۆخ خراپتر دەبوو. بەڵام ئێستا با دەرگەکە دابخەین، ئەگینا هێمنی نایەتە ئاراوە.

(دەرگەکە دادەخا و هەموو دادەنیشن.)

گرینگترین شت ئەوەیە کە ئێمە لە دوکانەکەتدا وەڕەست ناکەین. ئەگینا سەودا و مامەڵە چۆن دەکەی؟ ئێمە وا بیرمان کردەوە: لە ڕۆژدا لاوەکان دەچنە دەرەوە و تەنیا باپیرە، براژن و لەوەیە من بمێنینەوە. ئەوانی تر جارێک یان دووجار بە ڕۆژ سەر بە ئێرەدا دەکەن، وا نییە؟ لەوێ چراکە دادەگیرسێنن و ئیستراحەت دەکەن.

**خوشکەزا:** (بە گەمەوە): تەنیا ئەگەر ئامۆزا لە پڕ خۆی بە ژووردا نەکا، جەنابی سوی تای توندوتیژ.

**برا:** (دەست بۆ جگەرەیەک دەبا): جگەرەیەک کەمتر یان زیاتر گرینگ نییە!

**پیاوەکە:** بێگومان نەء.

(هەموو جگەرە دەبەن و دەیکێشن. براکە سوراحی شەرابەکە دەگێڕێ).

**خوشکەزا:** ئامۆزا پارەکەی دەدا!

**باپیرە:** (بە جیدییەوە بە شێن تێ): ڕۆژباش!

(شـــێن تێ بەو ســـڵاوە درەنگە شـــپـــرزە دەبێ، خـــۆی دادەچەمێنێتەوە. حیسابی دارتاشەکە بە دەستێکییەوەیە، کۆنتراکتی کرێ بە دەستەکەی ترەوە.)

**ژنەکە:** ناتوانن گۆرانییەک بڵێن، بۆ ئەوەی خانەخوێ کەمێک دڵی خۆش بێ؟

**خوشکەزا:** باپیرە دەست پێ دەکا!

(گۆرانی دەڵێن)

**گۆرانیی جگەرە**

**باپیرە**

ڕۆژێک لە ڕۆژان، پێش ئەوەی پیری سەرم سپی بکا
ئومێدم ئەوە بوو بە عاقڵی بیگوزەرێنم.
ئەمرۆ دەزانم، هیچ عاقڵییەک بەشی ئەوەی نەکرد
جارێک لە جاران، ورگی پیاوێکی هەژار تێر بکا.
بۆیە وتم: واز بێنە!
سەیری ئەو دووکەڵە بۆرە بکە
کە بەردەوام بۆ ساردیی ساردتر دەچێ: تۆش ئاوا دەڕۆی.

پیاوەکە

سەرڕاست، چالاکم بینی پلیشابووەوە
من هەوڵی ڕێگەی چەوت و چەوێڵم دا
بەڵام ئەو ڕێیەش تەنیا بەرەو هەڵدێرمان دەبا
لە ئێستاوە هیچ ڕێنوێنییەک نازانم.
بۆیە وتم: واز بێنە!

سەیری ئەو دووکەڵە بۆرە بکە
که بەردەوام بۆ ساردیی ساردتر دەچێ: تۆش ئاوا دەڕۆی.
خوشکەزا
وەک دەبیستم، ئەوانەی پیرن هیچ ئومێدێکیان نەماوە
چونکە تەنیا کات دەیخولقێنێ و تەنیا کاتیش دەیفەوتێنێ.
بەڵام وەک دەبیستم دەرگە بۆ ئێمەی لاو ئاواڵەیە
بێگومان وەک دەبیستم تەنیا بەرەو هیچ ئاواڵەیە.
بۆیە وتم: واز بێنە!
سەیری ئەو دووکەڵە بۆرە بکە
که بەردەوام بۆ ساردیی ساردتر دەچێ: تۆش ئاوا دەڕۆی.

**خوشکەزا:** ئەو شەرابەت لە کوێ بوو؟

**براژن:** کیسە تووتنەکەی بە ڕەهن داناوە.

**پیاوەکە:** چی؟ ئەو تووتنە تاقە شتێک بوو کە هێشتا مابوومان! تەنانەت بۆ پەناگەیەکی شەوانەش دەستمان بۆ نەدەبرد! ناپەسند!

**برا:** تۆ بە من دەڵێی ناپەسند، لەبەرئەوەی ژنەکەم سەرمایەتی؟ خۆتیش خواردتەوە. سوراحییەکەم بدەرێ.
(شەڕەدەست دەکەن، ڕەفی جگەرەکان دەکەونە خوارەوە)

**شین تێ:** (لێیان دەپاڕێتەوە): ئای، دوکانەکە بپارێزن، شتەکان مەشکێنن! ئەوانە دیاریی خواوەندەکانن! هەرچی لێرەیە بیبەن، بەڵام مەیانشکێنن!

**ژنەکە:** (بە گومانەوە): دوکانەکە لەوە بچووکترە کە بیرم لێ دەکردەوە.

نەدەبوو باسی دوکانەکە بۆ پووریّ و ئەوانی تر بکەین. ئەگەر ئەوانیش بێن، ئێرە تەواو تەنگ دەبێ.

**براژن:** خانەخوێش کەمێک ساردتر بووەوە!

(لە دەرەوە دەنگ دێت، لە دەرگە دەدرێ).

**دەنگ:** دەرگە بکەنەوە! ئێمەین!

**ژنەکە:** پووریّ، تۆی؟ چی بکەین؟

**شێن تێ:** دوکانە جوانەکەم! ئای ئومێد! هەر بەحاڵ کرایەوە، دوکان نەما! (ڕوو دەکاتە بینەران): بۆ ڕزگارکردنی کەشتییە بچووکەکە

یەکسەر بۆ قووڵایی ڕادەکێشرێ: نگرۆبوویەکی زۆر

بە چاوچنۆکیی دەستی بۆ درێژ دەکەن.

**دەنگ:** (لە دەرەوە): دەرگە بکەنەوە!

## نمایشی ناوبڕ لەژێر پردێکدا

ئاوفرۆشەکە لە لێواری ڕووبارەکە هەڵترووشکاوە.

**ڤانگ:** (سەیری دەوروبەر دەکا): هەموو شتێک هێورە. وا چوار ڕۆژە خۆم شاردووەتەوە. ناتوانن بمدۆزنەوە، لەبەرئەوەی ئاگەدارم. من بە دەستی ئەنقەست بە درێژاییی ئاراستەی ڕێگەکەیان هەڵاتم. لە ڕۆژی دووەمدا لە پردەکە پەڕینەوە، لە سەروومەوە گوێم لە دەنگی هەنگاوەکانیان بوو. ئێستا دەبێ زۆر دوور کەوتبنەوە، من لە دەستیان قورتارم بوو.

(پشت دەداتەوە و دەخەوێ. مۆسیقا لێ دەدرێ. قەدپاڵەکە دەردەکەوێ و خواوەندەکان دەردەکەون.

ڤـانگ قۆڵـی دەخاتە بەردەم ڕووی وەکو یەکێک بیـەوێ لێی بدا ): هیچ مـەڵێن، من هـەمـوو شـتێک دەزانم! کـەسم نەدۆزییـەوە ئێـوە بگرێتـە خـۆی، لە هیچ خـانوویەک! ئێـستـا ئێـوە خـۆتان دەیزانن! ئێستا بڕۆن!

**یەکەم خـواوەند:** بەڵێ، تۆ یەکێکت دۆزییـەوە. کاتێ تۆ ڕۆیشـتبـووی ئەو هات. شەوێک جێی کردینەوە، لە خەودا پاراسـتینی و بەیانی بە چرایەک ڕێـی بۆ ڕووناک کـردینەوە، کـاتـێ بەجـێـمـان هێـشت. بەڵام تۆ وەکو مرۆڤێکی باش ناودێرت کرد، باشیش بوو.

**ڤانگ:** شێن تێ بوو کە جێی کردنەوە؟

**سێیەم خواوەند:** بێگومان.

**ڤانگ:** منی ترسنۆکی بەدگومانیش هەڵهاتم! تەنیا لەبەرئـەوەی وام بیر کـردەوە: ئـەو نایەت. لەبەرئـەوەی بارودۆخی باش نیـیـە نـاتوانێ بێت.

**خواوەندەکان:** ئای تۆی بێهێز!

مەبەستت باشە، بەڵام مرۆڤێکی بێهێزی!

لە هەر شوێنێک تەنگەتاوی هەبێ، وا بیر دەکاتەوە، باشی نییە!

لە هـەر شـوێنـێک مـەترسی هەبێ، وا بیـر دەکـاتەوە، ئازایـەتی نییە!

ئاخ لاوازی، کە دانی خێر بە هیچدا نانێ!

ئای حوکمی خێرا! ئەی گومانی پووچ!

**ڤانگ:** خاوەن شکۆ، من زۆر شەرم دەکەم!

**یەکەم خـواوەند:** ئێـسـتـاش، ئاوفرۆش، ئەو باشـیـیـەمـان لەگەڵدا بکە و

خێرا بگەڕێرەوە بۆ پایەتەخت و لەوێ چاوت لە شێن تێی باش بێ، بۆ ئەوەی بتوانی هەواڵیمان بۆ بهێنی. ئێستا وەزعی باشە. دەبێ پارەی دوکانێکی بچووکی وەرگرتبێ، کە بتوانێ دوای مەیلی دڵە باشەکەی بکەوێ. ئارەزووی خۆتی بۆ باشییەکەی پێ پێشان بدە، چونکە کەس ناتوانێ ماوەیەکی زۆر باش بێ، ئەگەر داوای باشی نەکرێ، بەڵام ئێمە دەمانەوێ درێژە بە گەشتەکانمان بدەین و بگەڕێین و مرۆڤی تر بدۆزینەوە، لە مرۆڤە باشەکەی سێچوان بچن، بۆ ئەوەی ئەو واتەواتەیە کۆتاییی پێ بێ، کە ژیان بۆ مرۆڤە باشەکان لەسەر زەوی نەماوە.

(دیار نامێنن)

٢

## دوکانی جگەرە فرۆشتنەکە

لە هەموو شوێنێک خەڵکی نوستوون. چراکە هێشتا دەسووتێ. لە دەرگە دەدرێ.

**ژنەکە:** (چاوی بە دەم خەوەوەیە هەڵدەستێ): شێن تێ! لە دەرگە دەدرێ! ئەوە لە کوێیە؟

**خوشکەزا:** بەرچایی دەهێنێ. جەنابی ئامۆزا پارەکەی دەدا.

(ژنەکە پێ دەکەنێ و قاچی بە دوای خۆیدا ڕادەکێشی بۆ دەرگەکە. کوڕێکی گەنج و بە دوایدا دارتاشەکە دێنە ژوورەوە)

**کوڕە گەنجەکە:** من ئامۆزام.

**ژنەکە:** (غافڵگیر دەبێ): ئێوە چین؟

**کوڕە گەنجەکە:** من ناوم شوی تایە.

**میوانەکان:** (یەکتر ڕادەوەشێنن): ئامۆزا! بەڵام ئەمە گەمە بوو، خۆ ئامۆزای هەر نییە! بەڵام یەکێک لێرەیە دەڵێ من ئامۆزایم! جێگەی بڕوا نییە، بەم بەیانی زووە!

**خوشکەزا:** بەڕێز، ئەگەر ئێوە ئامۆزای خانەخوێکەن، خێرا شتێکمان بۆ بەرچایی بۆ پەیدا کە!

**شوی تا:** (چراکە دەکوژێنێتەوە): بەم زووانە یەکەم کڕیارەکان دێن، تکایە، خێرا خۆتان لەبەرکەن، تا بتوانم دوکانەکەم بکەمەوە.

**پیاوەکە:** دوکانەکەتان؟ من وام زانی ئەمە دوکانی شێن تێی هاوڕێمانە؟ (شوی تا سەری ڕادەوەشێنێ). چن، ئەمە دوکانی ئەو نییە؟

**براژن:** کەواتە هەڵی خەڵەتاندین! لە کوێیە؟

**شوی تا:** دوایان خستووە. خەبەری بۆ ناردوون، کە دوای ئەوەی من لێرەم ناتوانێ هیچ بۆ ئێوە بکات.

**ژنەکە:** (بە دڵداخورپانەوە): ئێمەش بە مرۆڤێکی باشمان دەزانی!

**خوشکەزا:** بڕوای پێ مەکەن! بە دوایدا بگەڕێن!

**پیاوەکە:** بەڵێ، ئەوەمان دەوێ. (گەڕان ڕێک دەخا). تۆ و تۆ و تۆ و تۆ، ئێوە لە هەموو شوێنێک بە دوایدا دەگەڕێن. من و باپیرە لێرە دەمێنینەوە، بۆ ئەوەی قەڵاکە بپارێزین. لەم سەروبەندەدا رواڵەکە دەتوانێ شتێک بۆ خواردن پەیدا بکات. (بە رواڵەکە): ئەو کێکفرۆشە لە سووچەکەدا دەبینی؟ دزە بۆ ئەوێ بکە و بلووزەکەت پڕ کە.

**براژن:** کەمێک لە کێکە سپییە بچووکەکانیش بهێنە!

**پیاوەکە:** بەڵام ئاگەدار بە کێکفرۆشەکە نەتگرێ. تووشت بە تووشی پۆلیسەکەشەوە نەبێ. (هەرزەکارەکە سەر ڕادەوەشێنێ و دەڕوا. ئەوانی تر بە تەواوی جل لەبەر دەکەن.)

**شوی تا:** دزینی کێک ناوبانگی ئەو دوکانە خراپ ناکا کە داڵدەی داون؟

**خوشکەزا:** خەمی ئەو مەخۆن، خێرا دەیدۆزینەوە. سەرزەنشتێکی چاکی دەکا.

(خوشکەزا، برا، براژن و برازا دەڕۆن).

**براژن:** (لە کاتی ڕۆیشتندا): لە بەرچاییەکە بەشی ئێمەش بهێڵنەوە!

**شوی تا:** (بە هێمنی) شێن تێ نادۆزنەوە. بێگومان کچەکەی ئامۆزام بە داخەوەیە کە ناتوانێ ئەرکەکانی میواندۆستی بەبێ سنوور بەجێ بهێنێ. بەڵام مخابن ئێوە زۆرن! ئێرە دوکانی جگەرە فرۆشتنە و خاتوو شێن تێ بەوە دەژی.

**پیاوەکە:** شێن تێیەکەی خۆمان بە هیچ جۆرێک شتی وای بەسەر زاردا نایەت.

**شوی تا:** لەوانەیە ڕاست بکەن. (بە دارتاشەکە): نەگبەتی لەوەدایە، تەنگەتاوی لەم شارەدا زۆر گەورەیە، کە تەنیا مرۆڤێک بتوانێ بە سەریدا زاڵ بێ. بە داخەوە یازدە سەدەیە هیچ لەمە نەگۆڕاوە، لەوەتەی یەکێک ئەو چوارینەیەی نووسیوە: لە شارداریان پرسی، چی پێویستە

وەڵامی دایەوە، یارمەتیی ئەوانە بدرێ کە سەرمایانە: لێفەیەکی هەزار پێ درێژ

کە دەوروبەری شار داپۆشێ.

(دەست بەوە دەکا دوکانەکە کۆ بکاتەوە)

**دارتاشەکە:** دەبینم هەوڵ دەدەن کاروباری کچە ئامۆزاکەت ڕێک بخەی. قەرزێکی بچووکی ڕەفەکانتان لەسەرە، لە بەردەم شاهیددا سەلمێنراوە. سەد دۆلاری زیوە.

**شوی تا:** (حیسابەکە لە گیرفانی دەردەهێنێ، بە میهرەبانییەوە): لەو بڕوایەدا نین کە سەد دۆلاری زیو زۆر بێ؟

**دارتاشەکە:** ناشتوانم هیچی لێ داشکێنم. من دەبێ بژێویی ژن و

منداڵەکانم پەیدا بکەم.

**شوی تا:** (بە ڕەقی): چەند منداڵ؟

**دارتاشەکە:** چوار.

**شوی تا:** دە بیست دۆلاری زیوتان دەدەمێ.

(پیاوەکە پێ دەکەنێ)

**دارتاشەکە:** ئێوە شێت بوون، ڕەفەکان لە دارگوێزن!

**شوی تا:** دە لایانبە.

**دارتاشەکە:** ئەمە یانی چی؟

**شوی تا:** ئەمانە بۆ من گرانن، تکاتان لێ دەکەم، ڕەفە دارگوێزییەکان ببەن.

**ژنەکە:** ئەمە شتێکی باشە! (ئەویش پێ دەکەنێ)

**دارتاشەکە:** (ڕاڕایە): داوا دەکەم، کە خاتوو شێن تێ بهێنرێ. بەوە دەچێ ئەو مرۆڤێکی لە ئێوە باشتر بێ.

**شوی تا:** بێگومان. ئەو ماڵی وێران بووە.

**دارتاشەکە:** (شێلگیرانە دەست دەداتە ڕەفێک و بەرەو دەرگەکەی هەڵدەگرێ): دەتوانن پاکەت و جگەرەکانتان لەسەر زەوییەکە کەڵەکە بکەن! من ڕازیم.

**شوی تا:** (بە پیاوەکە): یارمەتیی بدە!

**پیاوەکە:** (ئەویش دەست دەداتە ڕەفێک و بە زەردەخەنەوە بۆ لای دەرگەکەی دەبا): با ڕەفەکان ببەینە دەرەوە!

**دارتاشەکە:** سەگە! دەبێ خێزانەکەم لە برسا بمرێ؟

**شوی تا:** من بیست دۆلاری زیوی تریشتان بۆ زیاد دەکەم، لەبەرئەوەی

نامەوێ پاکەتە جگەرەکانم لەسەر زەوی کەڵەکە بکەم.

**دارتاشەکە:** سەد!

(شـــوی تا بێ پەروا لە پەنجـەرەکــەوە ســـەیری دەرەوە دەکــا. پیاوەکە خەریکە ڕەفەکە بباتە دەرەوە)

گـەمــژە، بە لای کـەمـەوە مـەیاندە بە نێـرگـەی دەرگـەکـەدا با نەشکێن! (ڕاڕایە). بەڵام بە ئەندازە کاریان تێدا کراوە! بۆ ئەم تاقانە دەگونجێن و بۆ هیچ شوێنێکی تر نابن. بەڕێز، تەختەکان بڕدراونەتەوە!

**شـــوی تا:** وایە. لە بەر ئەوە بیـــست دۆلاری زیوتان دەدەمێ. چونکە تەختەکان بڕدراون.

(ژنەکە لە خۆشیدا دەزریکێنێ)

**دارتاشـەکە:** (لە پڕ مـاندوو بووە): لەوە زیاتر ناتوانم، ڕەفـەکان ببـە بۆ خۆت و چەندت دەوێ ئەوەندە بدە.

**شوی تا:** بیست دۆلای زیو.

(دوو پارەی ئاسنی گەورە دەخـاتە سـەر مـێزەکـە. دارتاشـەکـە هەڵیان دەگرێ)

**پیـاوەکـە:** (ڕەفـەکـان دەهێنێـتـەوە ژووریێ): ئەو پارەیە بۆ باوەشـێک تەختەی بڕدراوە بەسە!

**دارتاشەکە:** بەڵێ، لەوانەیە بەس بێ، بۆ ئەوەی خۆمی پێ مەست بکەم! (دەڕوا)

**پیاوەکە:** ئەوەمان لە کۆڵ بووەوە!

**ژنەکـە:** (بە دەم وشـککرنـەوەی فـرمـێـسکی پێکەنینەوە): "ئەوانـە لە

دارگوێزن!" "لایانبە!" "سەد دۆلاری زیو! چوار منداڵم هەیە!" "دە من بیست دەدەم!" "بەڵام بڕدراونەتەوە!" "دروستە! بیست دۆلاری زیو!" مرۆڤ دەبێ ئاوا مامەڵەی ئەم توخمانە بکا!

**شوی تا:** بەڵێ. (بە جیدی). بە پەلە بڕۆن.

**پیاوەکە:** ئێمە؟

**شوی تا:** بەڵێ، ئێوە. ئێوە دز و مشەخۆرن. ئەگەر بە پەلە بڕۆن، بەبێ ئەوەی کات بە بەرپەرچدانەوە بە فیڕۆ بدەن، دەتوانن خۆتان قورتار بکەن.

**پیاوەکە:** باشتر وایە وەڵام نەدرێتەوە. بە سکی ناشتا هاوار نەکرێ باشە. دەمەوێ بزانم، لاوەکە لە کوێیە؟

**شوی تا:** بەڵێ، لاوەکە لە کوێیە؟ من لە ئێستاوە پێتان دەڵێم، نامەوێ بە کێکی دزراوەوە پێی بە دوکانەکەی مندا بکا. (لە پڕ بە دەم هاوارکردنەوە): بڕۆن.

(بە دانیشتوویی دەمێننەوە)

**شوی تا:** (جارێکی تر زۆر بە هێمنی). ئارەزووی خۆتانە.

(دەچێ بۆ لای دەرگەکە و سڵاوێکی قووڵ بۆ دەرەوە دەکا. لە دەرگەکەوە پۆلیسێک دەردەکەوێ)

**شوی تا:** مەزەندەی ئەوە دەکەم، ئەو مووچەخۆرەم لە بەردەمدایە، کە ئاگەداری ئەم دەوروبەرەیە؟

**پۆلیسەکە:** بەڵێ، بەرێز...

**شوی تا:** تا. (زەردەخەنە بۆ یەکتر دەکەن). ئەمڕۆ کەشوهەواکەی خۆشە.

**پۆلیسەکە:** لەوانەیە یەک تۆز گەرم بێ.

**شوی تا:** لەوەیە یەک تۆز گەرم بێ.

**پیاوەکە:** (بە دەنگی نزم بە ژنەکەی): ئەگەر چەنە بدا هەتا کوڕە گەنجەکە دەگەڕێتەوە، ئەوا دەگیرێین. (هەوڵ دەدا بە دزییەوە ئاماژەیەک بۆ شوی تا بکا).

**شوی تا:** (بەبێ ئەوەی ئاگای لەوە بێ): جیاوازی هەیە لە نێوان ئەوەی ئاخۆ مرۆڤ لە شوێنێکی سارددا کەشوهەوا هەڵدەسەنگێنێ یان لە جادەیەکی تۆزاویدا.

**پۆلیسەکە:** جیاوازییەکی گەورەیە.

**ژنەکە:** (بە پیاوەکە): زۆر هێمن بە! ئەگەر کوڕە گەنجەکە پۆلیسەکە لە بەردەرگە ببینێ نایەت.

**شوی تا:** وەرنە ژوورەوە. بە ڕاستی ئێرە فێنکترە. من و کچەکەی ئامۆزام دوکانێکمان کردووەتەوە. مۆڵەتم پێ بدەن پێتان بڵێم، کە بۆ ئێمە زۆر گرینگە پێوەندیمان لەگەڵ فەرمانڕەواییدا باش بێ.

**پۆلیسەکە:** (دێتە ژوورەوە): ئێوە زۆر دڵنەرمن، جەنابی شوی تا. بەڵێ، ئێرە بە ڕاستی فێنکە.

**پیاوەکە:** (بە دەنگی نزم): بە تایبەتی دەیهێنێتە ژوورەوە، بۆ ئەوەی کوڕە گەنجەکە نەیبینێ.

**شوی تا:** میوانن! وەکو بیستوومە، ناسیاوی دووری کچەکەی ئامۆزامن. لەسەر سەفەرن. (لەبەر یەکتر دادەنووشتێنەوە). ئێستا خەریک بوو خواحافیزیمان لە یەکتر دەکرد.

**پیاوەکە:** (بە دەنگی نووساوەوە): بەڵێ، کەواتە ئێمە دەڕۆین.

**شوی تا:** بە کچەکەی ئامۆزام دەڵێم، کە ئێوە بۆ داڵدەی شەو سوپاسی دەکەن، بەڵام کاتتان نەبوو چاوەڕوانی گەڕانەوەی بن.

(لە جادەکەوە دەنگ و هەرا دەبیسترێ: "دزەکە بگرن!")

**پۆلیسەکە:** ئەوە چییە؟

(کوڕە گەنجەکە لە دەرگەکەدا دەوەستێ. لە بلووزەکەیەوە کولێرە و کێکی بچووک دەکەونە خوارێ. ژنەکە بە دەست ئاماژەی بۆ دەکا بچێتە دەرەوە. وەردەچەرخێتەوە و دەیەوێ بڕوا)

**پۆلیسەکە:** ڕاوەستێ! (دەیگرێ). ئەم کێکانەت لە کوێ بوو؟

لاوەکە: لەوبەرەوە.

**پۆلیسەکە:** ئاهـ. دزییە، وا نییە؟

**ژنەکە:** ئێمە پێمان دەزانی. کوڕە گەنجەکە خۆی کردی. هیچ و پووچ!

**پۆلیسەکە:** بەڕێز شوی تا، دەتوانی ئەم ڕووداوە ڕوون کەیتەوە؟

(شوی تا بێدەنگ دەبێ)

ئەها. هەموو لەگەڵم دێن بۆ پۆلیسخانە.

**شوی تا:** من زۆر پەستم، کە ئەم شتە لە دوکانەکەی مندا ڕووی دا.

**ژنەکە:** کاتێ کوڕە گەنجەکە ڕۆیشت ئەو سەیری دەکرد!

**شوی تا:** بەڕێز پۆلیس، دەتوانم دڵنیاتان بکەمەوە، کە فەرمووم لێ نەدەکردن بێنە ژوورەوە، ئەگەر بمویستایە دزییەک دیزە بە دەرخۆنە بکەم.

**پۆلیسەکە:** ئەمە ڕوونە. ئێوە لەوەش تێ دەگەن، جەنابی شوی تا، کە ئەوە ئەرکی منە، ئەو خەڵکانە لەگەڵ خۆمدا ببەم. (شوی تا

دادەچەمێتەوە). پێشم کەون! (دەیانداتە پێش خۆی)

**باپیرە:** (بە کەیفخۆشییەوە لەناو دەرگەکەدا) ڕۆژباش.

(هەمــوو دەڕۆن جگە لە شــوی تا. شــوی تا لە شت چاککردن بەردەوام دەبێ. ژنە خاوەن خانووەکە دێتە ژوورەوە)

**خاوەن خانووەکە:** ئاوها، ئێوە جەنابی ئامۆزان! ئەوە چی دەگەینێ کە پۆلیس لە خانووەکەی مندا خەڵک دەسگیر دەکا؟ کچەکەی ئامۆزات چۆن ڕێ بە خۆی دەدا، لێرە شوێنی داڵدەدان بکاتەوە؟ ئەمە ئەنجامەکەیەتی، کە خەڵکێک بەریتەوە بۆ ماڵەوە هەتا دوێنێ لە ژووری پێنج عانەییدا ژیاون و سواڵی کولێرەیەکی هەرزانیان لە نانەواکەی سەر کۆڵان کردووە! دەبینن، من باش دەزانم.

**شوی تا:** دەبینم. باسی کچەکەی ئامۆزامیان بە خراپ بۆ کردووی. بەوە تاوانبار کراوە کە برسی بووە! ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە لە هەژاریدا دەژیا، ناوبانگی زۆر خراپە: زۆر کلۆڵ بوو!

**خاوەن خانووەکە:** ژنێکی زۆر ئاسایی بوو...

**شوی تا:** نەدارە، با ددان بەم وشە ڕەقەدا بنێین!

**خــاوەن خــانوو:** ئاخ، تکایە، واز لەو ســۆزدارییــە بێنە! من باسی وەرچەرخانی ژیانی دەکەم، نەک داهاتەکانی. من گومانم لەوە نییە، کە هەندێ داهاتی هەبوو، ئەگینا ئەم دوکانەی نەدەبوو. چەند پیاوێکی پیر مشووریان خواردووە. مرۆڤ دوکانی لە کوێ دەبوو؟ بەڕێز، ئەمە خانوویەکی ڕێزدارە! ئەو خەڵکەی لێرە کرێ دەدەن، نایانەوێ لەگەڵ کەسێکی وادا بە یەکەوە بژین، بەڵێ. (پشوو). من جڕ و جانەوەر نیم، بەڵام دەبێ دڵی خەڵکی ڕاگرم.

**شوی تا:** (بە ساردییەوە): می تسوی خان، من سەرم قاڵە. سووک و ئاسان پێم بڵێن، چەند پارە لەسەرمان دەکەوێ بۆ ئەوەی لەم خانووە ڕێزدارەدا بژین.

**خاوەن خانوو:** دەبێ پێتان بڵێم، ئێوەش خوێن ساردن!

**شوی تا:** (لە مێزی دوکانەکەوە قەواڵەی کرێ دەردەهێنێ): کرێکە زۆرە. لەم قەواڵەیەدا نووسراوە، کە مانگانە دەبێ بدرێ.

**خاوەن خانوو:** (خێرا): بەڵام نەک بۆ خەڵکی وەکو کچە ئامۆزاکەت!

**شوی تا:** ئەمە مانای چییە؟

**خاوەن خانوو:** ئەمە واتە، کە خەڵکی وەکو کچە ئامۆزاکەت دەبێ لە پێشدا دووسەد دۆلاری زیو بۆ نیو ساڵ بدەن.

**شوی تا:** دووسەد دۆلاری زیو! ئەمە قۆڵبڕینە! چۆن ئەو پارەیە پەیدا بکەم؟ من ناتوانم لێرە حسێبی داهاتی زۆر بکەم. من تاقە ئومێدم ئەوەیە، کە کیسەدوورەکانی کارگەی چیمەنتۆ جگەرە زۆر بکێشن، وەکو پێیان وتووم، کارەکە زۆر شەکەتیان دەکا. بەڵام پارەیان کەم دەدرێتێ.

**خاوەن خانوو:** دەبوو پێشووتر بیر لەمە بکەنەوە.

**شوی تا:** می تسوی خان، ویژدانتان هەبێ! ڕاستە کچەکەی ئامۆزام ئەو هەڵەیەی کرد، کە مایەی لێبووردن نییە، داڵدەی خەڵکی نەگبەتی دا. بەڵام دەتوانێ هەڵەکەی ڕاست بکاتەوە. من مشووری ئەوە دەخۆم، کە هەڵەکەی ڕاست بکاتەوە. لەلایەکی ترەوە چۆن دەتوانی کرێچییەکی باشتر بدۆزیتەوە لە یەکێکی کە کلۆڵیی ئەزموون کردووە، لەبەرئەوەی خۆی لە کلۆڵییەوە دێت؟ ئەوەندە کار دەکات خۆی دادەڕزێنێ، بۆ ئەوەی بتوانێ لە کاتی

خۆیدا کرێکەتان بداتێ، هەموو شتێک دەکا، قوربانی بە هەموو شتێک دەدا، هەموو شتێک دەفرۆشێ، سڵ لە هیچ ناکاتەوە، خۆی وەکو مشک لێ دەکا، وەکو مێش، لە هەموو شتێکدا ملکەچتان دەبێ، پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنە. کرێچییەکی ئاوەها بە زێڕ ناکێشرێ.

**خاوەن خانوو:** بیست و دوو دۆلاری زیو لە پێشدا یان دەگەڕێتەوە بۆ سەر جادە، لەو شوێنەوەی لێوەی هاتووە.

(پۆلیسەکە دێتە ژوورەوە)

**پۆلیسەکە:** جەنابی شوی تا، هیوادارم وەڕەست نەکەم!

**خاوەن خانوو:** بە ڕاستی پۆلیس گرینگییەکی تایبەتی بەم دوکانە دەدا.

**پۆلیسەکە:** می تسوی خان، هیوام ئەوەیە، ئێوە خراپ تێنەگەیشتبن. جەنابی شوی تا کارێکی باشی بۆ کردین، من تەنیا هاتووم بە ناوی پۆلیسەوە سوپاسی بکەم.

**خاوەن خانوو:** ئەمە هیچ پێوەندیی بە منەوە نییە. جەنابی شوی تا، هیوادارم کچە ئامۆزاکەت پێشنیازەکەی منی بە دڵ بێ. من حەزم لەوەیە لەگەڵ کرێچییەکانمدا پێوەندیم خۆش بێ. بەڕێزانم، ڕۆژێکی خۆش. (دەڕوا)

**شوی تا:** ڕۆژێکی خۆش، می تسوی خان.

**پۆلیسەکە:** لەگەڵ می تسوی خاندا کێشەت هەیە؟

**شوی تا:** پێشدەست داوای کرێکە دەکا، لەبەرئەوەی کچە ئامۆزاکەمی بە حورمەت بۆ دەرناکەوێ.

**پۆلیسەکە:** ئێوەش پارەتان نییە؟ (شوی تا بێدەنگە). بەڵام یەکێکی وەکو ئێوە، جەنابی شوی تا، دەبێ قەرزی دەست کەوێ؟

**شوی تا:** لەوانەیە. بەڵام یەکێکی وەکو شین تێ چۆن قەرز بدۆزێتەوە؟

**پۆلیسەکە:** ئەی ئێوە نامێننەوە؟

**شوی تا:** نەخێر. نایشتوانم جارێکی تر بگەڕێمەوە. تەنیا لە سەفەردا توانیم یارمەتیی بدەم، تەنیا توانیم خراپترین بەڵای لێ دوور بخەمەوە. بەم زووانە دەبێ پشت بە خۆی ببەستێ. من تەنیا بە نیگەرانییەوە لە خۆم دەپرسم دوایی چی ڕوو دەدا.

**پۆلیسەکە:** بەڕێز، شوی تا، من بە داخەوەم، کە ئێوە کێشەتان لەگەڵ کرێکە هەیە. دەبێ ددانی پێدا بنێم، کە ئێمە لە سەرەتاوە بە هەستێکی دووفاقیانەوە لەم دوکانەمان دەڕوانی، بەڵام دەرکەوتنی شێلگیرانەی پێشووت پێشانی داین، ئێوە کێن. ئێمە لە فەرمانڕەوایەتی زوو بۆمان دەرکەوت، کە ئێمە کێ وەکو یارمەتیدەری یاسا دەتوانین تەماشا بکەین.

**شوی تا:** (بە خەمبارییەوە): بەڕێز، بۆ ئەوەی ئەم دوکانە بچکۆلەیە ڕزگار بکەم، کە کچە ئامۆزاکەم وەکو دیارییەکی خواوەندەکان سەیری دەکا، ئامادەم، هەتا ئەوسەری ئەو سنوورە بڕۆم کە یاسا ڕێی پێ دەدا. بەڵام ڕەقی و نسکۆ تەنیا یارمەتیی دەدەن دژی ئەوانەی خوارەوە، چونکە سنوورەکان ئاقڵانە کێشراون. من وەکو ئەو پیاوەم لێ هاتووە کە توانی مشکەکان قڕ بکا، بەڵام خۆ هێشتا ڕووبارەکەی لە بەردەمدا بوو! (دوای پشوویەکی کورت). جگەرە دەکێشن؟

**پۆلیسەکە:** (دوو جگەرە دەخاتە گیرفانیەوە): جەنابی شوی تا، ئێمە لە بنکەی پۆلیس پێمان خۆش نییە ئێوە لە دەست بدەین. بەڵام ئێوە دەبێ لە می تسوی خان تێ بگەن. با خۆڵ نەکەینە چاوی

خـۆمـان، شـێـن تـێ بەوە دەژیا کـە خـۆی بە پیـاوان دەفـرۆشت. دەتوانن بەرپەرچم بدەنەوە: دەیتـوانی چی بکا؟ بە چی دەیتـوانی بۆ نموونە کرێکەی بدا؟ بەڵام ئەو ڕاسـتـیـیـە دەمـێـنێـتـەوە: ئەمـە پەسند نییـە. لەبەر چی؟ یەکەم: مـرۆڤ خۆشەویسـتی نافرۆشێ، ئەگینـا خۆشـەویسـتی کڕراوە. دووەم: پەسند ئەوەیە، نـەک لەگەڵ ئەو کەسـەدا کە پارە دەدا، بگرە لەگەڵ ئەو کەسـەدا کە مـرۆڤ خــۆشـی دەوێ. ســێــیــەم: نەک بـۆ مــشــتــێک بـرنج، بگـرە لە خۆشـەویستییەوە. باشـە، وەڵامم دەدەنەوە، ئەم هەموو حیکمەتە سـوودی چییـە، کـە شـیـرەکـە ڕژابێ؟ دەتوانێ چی بکا؟ دەبێ کرێی نیـو ساڵ پەیدا بکا؟ جەنـابی شوی تا، دەبێ پێتـان بڵـێم، من نـازانم. (بە جـۆش و خـرۆش بیـر دەکـاتەوە). دۆزیمـەوە! بە دوای پیاوێکدا بگەڕێ بۆی!

(پیرێژنێکی کورتەباڵا دێتە ژوورەوە)

**پیرێژنەکە:** جگەرەیەکی باشـی هەرزان بۆ مێردەکەم. سبەی دەبێتە چل ساڵ ژن و مێردین و ئاهەنگێکی بچووک دەگێڕین.

**شوی تا:** (بە نەزاکەتەوە): چل ساڵە و هێشتا هەر ئاهەنگ دەگێڕن!

**پیــرێژنەکــە:** ئەوەندەی پارەکــانمان یارمــەتیــمــان بدەن! دوکـانی فەرشـفرۆشـەکـە بەرامبـەرمـانە، هیـوادارم دڵـی دراوسـێکانمان ڕابگرین، دەبێ دڵیان ڕابگرین، سەردەمەکان خراپن.

**شوی تا:** (سندووقی جیاواز دەخاتە بەردەم پیرێژنەکە): فریوم خـوارد و خەمە شـەخسییەکانی دڵم لەلای پۆلیسەکە درکاند.

**پۆلیسەکە:** ئێمە کرێی نیو سـاڵمان نەداوە. باشـە، ئێمـە کەمێک پارە دەخوازین.

**شوی تا:** ئەوەندە ئاسان نییە.

**پۆلیسەکە:** بۆچی؟ ئەو ژنە هاوتای ئێوەیە. دوکانێکی بچووکی پەرەسەندووە. (بە پیرێژنەکە): ئێوە چۆن بیر لەو شتە دەکەنەوە؟

**پیرێژنەکە:** (بێ ڕایە): بەڵێ...

**پۆلیسەکە:** ڕێکلامێک لە ڕۆژنامەدا.

**پیرێژنەکە:** (بە پارێزەوە): ئەگەر ئەو خاتووە ڕازی بێ...

**پۆلیسەکە:** دەبێ چی دژی ئەوە هەبێ؟ من ئەمەتان بۆ دەنووسم. بەهای ئەرکێک وەکو بەهای ئەرکێکی ترە. وا بیر نەکەنەوە کە فەرمانڕەوایی دڵی بۆ بازرگانی بچووک نییە کە شێلگیرانە تێدەکۆشن. تۆ یارمەتیمان دەدەی و ئێمەش ڕێکلامێکی هاوسەرکاریتان بۆ دەنووسین! هاهاها! (بە جۆش و خرۆشەوە یاداشتنامەکەی دەردەهێنێ، سەری قەڵەمەکە تەڕ دەکا و دەست بە نووسین دەکا)

**شوی تا:** (لەسەرخۆ): ئەمە بیرۆکەیەکی خراپ نییە.

**پۆلیسەکە:** "کام... پیاوی... ڕێکوپێک... بە سەرمایەیەکی بچووکەوە... بێوەپیاویش دەبێ... حەز بە ژنهێنان دەکا... لە دوکانێکی جگەرەفرۆشی پەرەسەندوودا؟" ئەمجا ئەمەشی بۆ زیاد دەکەین: "من ڕوویەکی جوانی دلۆڤانم هەیە." وا نییە؟

**شوی تا:** ئەگەر ئێوە لەو بڕوایەدا بن کە ئەمە زیادەپێوەنان نییە.

**پۆلیسەکە:** (بە ڕووخۆشییەوە): بە هیچ جۆرێک نا. من بینیومە. (پۆلیسەکە کاغەزەکە لە دەفتەرەکەی دەدڕێ و دەیداتە دەست شوی تا).

**شـوی تا:** بە دڵ داخـورپانەوە دەبینم، چەند کـامـەرانیی پـێویسـتـە، بۆ ئەوەی مـرۆڤ باری لێژ نەبێ! چەندان بیـرۆکە! چەندان هاورێ! (بە پۆلیسـەکە): لەگەڵ هەمـوو شێلـگیریـیـەکدا بۆ نموونە ئەوەی پێوەندیی بە کرێی دوکانەکەوە هەبوو لە کۆتاییی حیکمـەتەمدا بووم. ئێسـتا ئێوە هاتن و بە ئامـۆژگارییـەکی باش یارمـەتیـتـان دام. من بە ڕاستی ڕێگەچارەیەک دەبینم.

٣

## ئێوارە لە پارکی شار

کوڕێکی گەنج جلوبەرگی دڕاوی لەبەردایە و چاوی بە دوای فڕۆکەیەکدا دەگێڕێ، کە بەوە دەچێ لە بازنەیەکی بەرزدا بەسەر پارکەکەدا بفڕێ. کوڕەکە پەتێک لە گیرفانی دەردەهێنێ و چاو دەگێڕێ. کاتێ بەرەو داربیەیەکی گەورە دەچێ، دوو ژنی لەشفرۆش بەویدا تێ دەپەڕن. یەکێکیان بە تەمەنە، ئەوی تر خوشکەزای خێزانە هەشت کەسییەکەیە.

**ژنە گەنجەکە:** ئێوارەت باش، کوڕی گەنج، شیرینەکەم لەگەڵم دێی؟

**سون:** لەوانەیە، خاتوونەکانم، ئەگەر شتێکم بۆ خواردن بۆ بکڕن.

**ژنە پیرەکە:** تۆ شێت بوویتە؟ (بە گەنجەکە): با بڕۆین. کاتی خۆمان لەگەڵ ئەمەدا بەفیڕۆ دەدەین. ئەمە فڕۆکەوانە بێکارەکەیە.

**ژنە گەنجەکە:** بەڵام کەس لە پارکەکەدا نەماوە، ئێستا باران دەبارێ.

**ژنە پیرەکە:** لەوانەیە خەڵکی لێ بێ.

(دوو ژنەکە دەڕۆن، سون بە دەوروبەردا چاو دەگێڕێ و پەتەکەی دەردەهێنێ و بە دەوری لقێکی داربییەکەدا هەڵی دەدا. جارێکی تر وەڕەس دەکرێ. دوو ژنە لەشفرۆشەکە خێرا دەگەڕێنەوە. سون نابینن)

**ژنە گەنجەکە:** بارانێکی بە لێزمە دەبارێ.

(شێن تێ بە ڕێگەکەدا پیاسە دەکا)

**ژنە پیرەکە:** تەماشا، ئەوە جانەوەرەکە دێت! تۆ و کەسوکارەکەتی تووشی نەگبەتی کرد!

**ژنە گەنجەکە:** ئەو نا. ئامۆزاکەی بوو. ئەو ئێمەی گرتە خۆی، دوایيتر پێی وتین کە پارەی کێکەکان بدەین. من هیچ شتێکم دژی ئەو نییە.

**ژنە پیرەکە:** بەڵام من! (بە دەنگی بەرز). ئای، ئەوە خوشکەکەی کەنارگەی زێڕینە! دوکانی هەیە، بەڵام هێشتا هەر دەیەوێ موشتەریمان لێ بدزێ.

**شێن تێ:** یەکسەر مەمخۆ! دەچم بۆ چایخانەکەی سەر حەوزەکە.

**ژنە گەنجەکە:** ڕاستە دەتەوێ شوو بە بێوەپیاوێک بکەی بە سێ منداڵەوە؟

**شێن تێ:** بەڵێ، لەوێ دەیبینم.

**سون:** (بەبێ سەبر): بڕۆن لێرە لاچن، قەحپانە! لێرەش نایەڵن مرۆڤ بحەسێتەوە؟

**ژنە گەنجەکە:** دەمت داخە!

(هەردوو ژنە لەشفرۆشەکە دەڕۆن)

**سون:** (بە دوایاندا هاوار دەکا): مشەخۆرینە! (ڕوو دەکاتە بینەران): تەنانەت لەم شوێنە دوورەدەستەش بەردەوام ڕاوی قوربانی دەکەن، تەنانەت لەناو دار و دەوەندا، تەنانەت لە باراندا دڕدۆنگانە بە دوای کڕیاردا دەگەڕێن.

**شێن تێ:** (بە تووڕەیی): بۆ جنێویان پێ دەدەی؟ (پەتەکە دەبینێ). ئاه.

**سون:** بۆچی چاوت داپچڕاندووە؟

**شێن تێ:** ئەو پەتەت بۆ چییە؟

**سون:** بڕۆ، خوشکە، بڕۆ! من پارەم نییە، هیچم نییە، پارەیەکی مسیشم نییە. ئەگەر هەشم بوایە پێشووتر پەرداخێک ئاوم پێ دەکڕی نەک تۆ.

(باران دەست پێ دەکا)

**شێن تێ:** ئەو پەتەت بۆ چییە؟ نابێ ئەوە بکەن!

**سون:** تۆ هەقت چییە؟ وەلبە!

**شێن تێ:** باران دەبارێ.

**سون:** نەیەیتە ژێر ئەم دارەوە.

**شێن تێ:** (بە بێ جووڵە لە بەردەم بارانەکەدا دەوەستێ): نەخێر.

**سون:** خوشکە واز بێنە. من پیاوی سەودا و مامەڵە نیم. تۆ بۆ من ناشیرینی. قاچت گێڕە.

**شێن تێ:** ئەمە ڕاست نییە.

**سون:** پێشانی مەدە! بە لەعنەت بی، ئەگەر باران باری وەرە ژێر دارەکەوە!

(لەسەرخۆ دەچێ بۆ ئەوێ و لەژێر دارەکە دادەنیشێ)

**شێن تێ:** بۆ دەتانەوێ ئەمە بکەن؟

**سون:** دەتەوێ بیزانی؟ دە پێتی دەڵێم، بۆ ئەوەی لە کۆڵم ببیتەوە. (پشوو). دەزانی فڕۆکەوان چییە؟

**شێن تێ:** بەڵێ لە چایخانەیەکدا فڕۆکەوانێکم بینی.

**سون:** نەخێر، تۆ فڕۆکەوانت نەبینیوە. لەوانەیە چەند گەلحۆیەکی

گومـانلێكراوی كڵاوی چەرم لە سـەر، كوڕی رواڵـی بێ گوێ بۆ مـاتۆڕ و بەبێ هەست بۆ مـەكینـە. ئەمـانە تەنیـا بەوە دەچنە نـاو فـڕۆكەوە لەبەرئـەوەی دەتوانن دەمـی بەڕێوەبەری گـەراجی فڕۆكـە چەور بكەن. بە یـەكێكی ئاوا بڵێ: فـڕۆكـەكـەت لە دوو هـەزار پێ بەرزەوە سـەر بـەرەو خـوار بەناو هـەورەكـاندا نەوی بكـەرەوە و ئەمجا بیگرەوە، بە زەبر خستنە سەر ئامێری بەرزكردنەوە، ئەوا پێت دەڵێ: ئەمـە لە پەیماننـامـەكـەدا نەنووسـراوە. ئەوەی نەفـڕێ، كـە فـڕۆكـەی بخـاتە سـەر زەوی، وەكـو ئەوەی قـوونی خـۆی بێ، ئەوە فـڕۆكـەوان نیـیـە، بگـرە گـەلحـۆیـە. بەڵام من فـڕۆكـەوانم. گـەورەترین گـەلحـۆشـم، چونكە من هـەمـوو كـتـێـبـێكم لەبارەی فڕۆكەوانییەوە لە قوتابخانە لە پەكین خوێندووەتەوە. بەڵام تەنیا لاپەڕەیەكی كـتـێـبێكم نەخـوێندەوە و لەو لاپـەڕەیەدا نووسـرابوو، كـە پێـویسـتـیـیـان بە فـڕۆكـەوان نـەمـاوە. بەو جـۆرە بوومـە فـڕۆكـەوانێكی بێ فـڕۆكـە. فڕۆكـەوانێكی پۆسـتـە بـەبێ پۆست. بەڵام تۆ ناتوانی تێ بگەی ئەمە مانای چییە.

**شێن تێ:** لەو بڕوایەدام لێی تێ دەگەم.

**سـون:** نەخـێـر، خـۆ من پێت دەڵێم، تۆ ناتوانی لێی تـێ بگەی، كـەواتە ناتوانی لێی تێ بگەی.

**شـێن تێ:** (بە نیـوە پێكەنـین و نیـوە گـریانـەوە): كـاتـێ منداڵ بـووین قوڵنگێكمـان هـەبوو باڵێكی پەكی كەوتبوو. لەگەڵمـان دڵۆڤان بوو و گاڵتـەكانی ئێمـەی لە دڵ نەدەگرت و لە دوامانەوە ڕێـی دەكرد، هاتوهاواری بوو كە ئێمـە خێرا ناڕۆین. بەڵام لە پایز و بەهاردا، كاتێ پۆلە گـەورەكان بەسـەر گونددا دەفڕین، زۆر نائارام دەبوو،

من زۆر باش لێی تێ دەگەیشتم.

**سون:** مەگری.

**شێن تێ:** نەخێر.

**سون:** زیان بە ڕووت دەگەیەنێ.

**شێن تێ:** باشە، ئیتر ناگریم.

(بە قۆڵی فرمێسکەکانی دەسڕێتەوە. سون پشتی بە دارەکەوە داوە، بەبێ ئەوەی بۆ لای شێن تێ وەرچەرخێتەوە، دەست بۆ سەر و چاوی دەبا)

**سون:** تۆ ناتوانی بە ڕێکوپێکی ڕووت بسڕیتەوە. (بە دەستەسڕێک سەر و چاوی بۆ دەسڕێتەوە. پشوو)
کاتێ دەبوو دانیشی بۆ ئەوەی من خۆم هەڵنەواسم، دە بەلای کەمەوە لێوت هەڵبێنە.

**شێن تێ:** من هیچ نازانم.

**سون:** خوشکە، بۆچی دەتەوێ پەتەکە لە لقەکە بکەیتەوە؟

**شێن تێ:** من دڵم داخورپا. بە دڵنیاییەوە تەنیا لەبەر ئەوە ویستت بیکەی، لەبەرئەوەی ئێوارەیەکی تەمومژە. (ڕوو لە بینەران دەکا): لە وڵاتەکەماندا
نابێ ئێوارەی تاریک هەبێ
نابێ پردی بەرز بەسەر ڕووبارەکانەوە هەبێ
تەنانەت کاژێری نێوان شەو و بەرەبەیان
سەرجەمی کاتی زستانیش لەگەڵیدا، ئەمە مەترسیدارە.
چونکە بە هۆی کلۆڵییەوە

تەنیا یەک تۆزێک بەسە و
مرۆڤەکان ژیانە حەوسەڵەنەکردووەکان
فڕێ بدەن،

**سون:** باسی خۆت بکە.

**شێن تێ:** باسی چی بکەم؟ من دوکانێکی بچکۆلەم هەیە.

**سون:** (بە تەوسەوە): ئای، تۆ لەشت نافرۆشی، تۆ دوکانت هەیە؟

**شێن تێ:** (بە جەغدەوە): دوکانم هەیە، بەڵام پێشووتر لەشفرۆش بووم.

**سون:** ئەی دوکانەکە، خواوەندەکان پێشکێشیان کردی؟

**شێن تێ:** بەڵێ.

**سون:** ئێوارەیەکی خۆش ڕاوەستان و وتیان: ها ئەوە پارە.

**شێن تێ:** (بە دەنگی نزم پێ دەکەنێ): بەیانییەک.

**سون:** زۆر دڵکەرەوە نیت.

**شێن تێ:** (دوای پشوویەک): دەتوانم کەمێک سەنتوور بژەنم و لاسایی خەڵکی بکەمەوە. (بە دەنگێکی گڕ لاسایی پیاوێکی بە ویقار دەکاتەوە). "نەخێر، شتی وا، دەبێ کیسەی پارەکەم لە بیر کردبێ!" بەڵام دوکانەکە دەبێتە هی من. لەبەرئەوەی یەکەم جار سەنتوورەکەم کردە دیاری. بە خۆمم گوت، ئێستا دەتوانم ببمە مرۆڤێکی وەڕەسکەر و کەمدوو و قەیناکا.
وتم، من ژنێکی دەوڵەمەندم.
بە تەنیا دەڕۆم. بە تەنیا دەخەوم.
وتم، بە درێژاییی ساڵێک
لەگەڵ هیچ پیاوێکدا هیچ ناکەم.

**سون:** بەڵام ئێستا شوو بە یەکێک دەکەی؟ بەو پیاوەی لە چایخانەکەی سەر حەوزەکەیە.

(شێن تێ قسە ناکات)

تۆ چی لەبارەی خۆشەویستییەوە دەزانی؟

**شێن تێ:** هەموو شتێک.

**سون:** خوشکە، تۆ هیچی لەبارەوە نازانی. یان ئەوە ئەو شتە خۆش بوو؟

**شێن تێ:** نەخێر.

**سون:** (دەست بە سەروچاویدا دەهێنێ، بە بێ ئەوەی ڕووی تێ بکا): ئەمە خۆشە؟

**شێن تێ:** بەڵێ.

**سون:** بە قەناعەتی، تۆ وای. ئەمە چۆن شارێکە!

**شێن تێ:** هاوڕێت هەیە؟

**سون:** کۆمەڵێک هاوڕێم هەیە، بەڵام کەس نییە گوێم لێ بگرێ، کە من هێشتا بێکارم. بە جۆرێک چارە بەیەکدا دەدەن، وەکو گوێیان لە یەکێک بێت گازاندەی ئەوە بکا، کە دەریا هێشتا ئاوی تێدایە. ئەی تۆ هاوڕێت هەیە؟

**شێن تێ:** (بە ڕاڕاییەوە): ئامۆزایەکم هەیە.

**سون:** دە خۆتی پێ بپارێزە.

**شێن تێ:** ئەو تەنیا یەک جار لێرە بووە. ئێستا ڕۆیشت و ئیتر هەرگیز ناگەڕێتەوە. بەڵام بۆ وا بێ ئومێدانە قسە دەکەی؟ دەڵێن: بەبێ ئومێد قسەکردن واتە بەبێ چاکە قسەکردن.

**سون:** له قسەکردن بەردەوام بە! هیچ نەبێ دەنگێک دەنگێکە.

**شێن تێ:** (بە جۆش و خرۆشەوە): لەگەڵ ئەو بێنەوایییە گەورەیەشدا، هێشتا مرۆڤی میهرەبان هەیە. کاتێ بچووک بووم، بە بارێک داری سووتەمەنییەوە کەوتم. پیاوێکی پیر هەڵی گرتمەوە و تەنانەت عانەیەکی دامێ. زۆرجار ئەوەم بیر کەوتووەتەوە. بە تایبەتی ئەوانەی کەمیان بۆ خواردن هەیە، بە خۆشحاڵییەوە دەبەخشن. لەوانەیە مرۆڤ سووک و ئاسان حەز بکا پێشانی بدا چی دەتوانێ بکا و بە چی تر دەتوانن باشتر پێشانی بدەن لەوەی دلۆڤان بن؟ بەدکاری تەنیا جۆرێکە لە بێ سەلیقەیی. کە یەکێک گۆرانییەک دەڵێ یان مەکینەیەک دروست دەکا یان برنج دەچێنێ، لە ڕاستیدا ئەمە دلۆڤانییە. ئێوەش دلۆڤانن.

**سون:** بەوە دەچێ، لەلای تۆیش زۆری نەمابێ،

**شێن تێ:** ئێستا من هەستم بە دڵۆپەیەک باران کرد.

**سون:** لە کوێ؟

**شێن تێ:** لە نێوان هەردوو چاومدا.

**سون:** زیاتر لەسەر چاوی ڕاستت یان لەسەر چاوی چەپت؟

**شێن تێ:** زیاتر لەسەر چاوی چەپم.

**سون:** باشە. (پاش ماوەیەک، خەواڵووە). ئەگەر لەگەڵ پیاواندا تەواو بووی؟

**شێن تێ:**

(بە زەردەخەنەوە): بەڵام لاقەکانم خوار نین.

**سون:** لەوانەیە خوار نەبن.

**شێن تێ:** به دڵنیاییییەوە خوار نین.

**سون:** (به ماندوویییەوە پشت به دارەکەوە دەدا): بەڵام لەبەرئەوەی دوو ڕۆژە هیچم نەخواردووە و ڕۆژێکیشە هیچم نەخواردووەتەوە، خوشکە، ئەگەر بشمەوێ ناتوانم لەگەڵت بخەوم.

**شێن تێ:** لە باراندا زۆر خۆشە.

(ڤانگی ئاوفرۆش دێت)

گۆرانیی ئاوفرۆش لە باراندا

دەڵێ: من ئاو دەفرۆشم
ئێستا لەبەر باراندا ڕاوەستاوم
لەبەر ئەو تۆزە ئاوە
زۆر بە پێ ڕۆیشتووم.
ئێستا هاوار دەکەم: ئاو بکڕن!
کەس ئاو ناکڕێ
لە گەرمادا پیشاو و چاوچنۆک
پارەکەی بدەن و هەڵی قوڕێنن.
سەگینە، ئاو بکڕن!

ئەگەر بمتوانیبا ئەم کونە داخەم!
لەم دواییەدا خەونم بینی حەوت ساڵ
باران نەباریوە: ئاو بە دڵۆپ دەپێورا!
ئای چۆن هاواریان دەکرد: ئاوم بدەرێ!
هەر کەسێک کە دەستی بۆ سەتڵەکەم دەبرد
دوای ئەوە تەماشایم دەکرد

ئاخۆ لووتی بۆ من دەگونجێ.
چونکە سەگەکان تامەزرۆی بوون!

(بە پێکەنییەوە).
بەڵێ ئێستا شەربەتی بچووک دەخۆنەوە
لە سەرپشت بە دڵی خۆشەوە
لە گوانی گەورەی هەورەوە
بەبێ ئەوەی نرخەکەی بپرسن
منیش هاوار دەکەم: ئاو بکڕن!
کەس نایکڕێ
لە گەرمادا پیشاو و چاوچنۆک
پارەکەی بدەن و هەڵی بقوڕێنن!
سەگینە، ئاو بکڕن!

(بارانەکە خۆشی کردووەتەوە. شێن تێ ڤانگ دەبینێ بۆ لای ڕادەکا)

**شێن تێ:** ئای ڤانگ، گەڕایتەوە؟ من ئاوکێشەکەم لەلای خۆم بۆ هەڵگرتووی.

**ڤانگ:** زۆر سوپاس بۆ هەڵگرتنەکە! شێن تێ، چۆنی؟

**شێن تێ:** باشە. من مرۆڤێکی زۆر بە ئاوەز و بەجەرگم ناسی. دەمەوێ پەرداخێک لە ئاوەکەت بکڕم.

**ڤانگ:** سەرت بخە بە پشتا و دەمت بکەرەوە و ئاوت هەیە، ئەوەندەی خۆت بتەوێ. لەوێ داربییەکە هێشتا ئاوی لێ دەتکێ.

**شێن تێ:** ڤانگ، بەڵام من ئاوەکەی تۆم دەوێ.

ئەو ئاوەی لە دوورەوە هێنراوە
ئەو ئاوەی هیلاکیی پێوە کێشراوە و
بە زەحمەت دەفرۆشرێ، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ باران دەبارێ.
من بۆ ئەو بەڕێزەی ئەوێ دەمەوێ.
ئەو فڕۆکەوانە، فڕۆکەوانە
لە خەڵکی تر بەجەرگترە. لەگەڵ هەور و
لەگەڵ زریانی گەورەدا
بە ناو ئاسماندا دەفڕێ و
نامەی دلۆڤانی لە هاوڕێکانی وڵاتە دوورەکانەوە دەهێنێ
(پارەکە دەدا و بە پەرداخەکەوە بۆ لای سون ڕادەکا)
(بە پێکەنینەوە بە لای ڤانگ هاوار دەکا): خەوتووە. بێئومێدی و
باران و من ماندوومان کرد.

## نمایشی ناوبڕ

دالّدەی ڤانگ لە لوولەیەکی زێرابدا

ئاوفرۆشەکە خەوتووە. مۆسیقا. لوولەی زێرابەکە دیوادەر دەبێ
و خواوەندەکان دێنە خەونی.

**ڤانگ:** (بە کەیفخۆشییەوە): خاوەن شکۆ، من بینیم! هەروەکو جاران
ماوە!

**یەکەم خواوەند:** ئەوە دڵخۆشمان دەکا.

**ڤانگ:** عاشق بووە! کوڕە هاوڕێکەی پێ پێشان دام. بە ڕاستی وەزعی
باشە.

**یەکەم خواوەند:** مرۆڤ بە خۆشحاڵییەوە گوێی لەو هەواڵانە دەبێ.

هیوادارم ئەمە لە کۆششیدا بۆ باشی بەهێزی بکا.

**ڤانگ:** پێویستە! ئەوەندەی بتوانێ کاری باش دەکا.

**یەکەم خواوەند:** چی کارێکی باش؟ ڤانگی ئازیز بۆمان بگێڕەوە!

**ڤانگ:** بۆ هەموو کەسێک وشەیەکی میهرەبانی هەیە.

**یەکەم خواوەند:** (بە گەرمییەوە) ئێ؟

**ڤانگ:** کەم کەس لە دوکانەکەی بەبێ جگەرە دێتە دەرێ، تەنیا لەبەرئەوەی پارەی نییە.

**یەکەم خواوەند:** ئەمە خراپ نییە. هیچی تریش؟

**ڤانگ:** دالْدەی هەشت سەرخێزانی لای خۆی داوە!

**یەکەم خواوەند** (بە خۆشییەوە بە دووەم خواوەند): هەشت سەرخێزان! (بە ڤانگ): شتی تریش؟

**ڤانگ:** لەگەڵ ئەوەشدا کە باران دەبارێ، پەرداخێک ئاوی لە من کڕی.

**یەکەم خواوەند:** بێگومان. هەموو ئەم چاکییە بچووکانە. گومانی تێدا نییە.

**ڤانگ:** بەڵام پارە زۆر خەرج دەکەن. دوکانێکی وا بچووک ئەوەندە پارەی پێ پەیدا ناکرێ.

**یەکەم خواوەند:** بێگومان، بێگومان! بەڵام باخەوانێکی ژیر بە شوێنێکی بچووکیش پەرجووی ڕاستەقینە دروست دەکا.

**ڤانگ:** بە ڕاستی ئەمە دەکا! هەموو بەیانییەک برنج دابەش دەکا، لە نیوەی داهاتەکە زیاتر بەمە دەڕوا، دەتوانن بڕوای پێ بکەن!

**یەکەم خواوەند** (کەمێک نائومێدە): من هیچ ناڵێم. من بە سەرەتاکە ناڕازی نیم.

**ڤانگ:** بیر لەوە بکەنەوە، کە کاتەکان زۆر باش نین! دەبوو جارێک بۆ کۆمەک بە دوای ئامۆزاکەیدا بنێرێ، چونکە دوکانەکەی تووشی تەگەرە بووبوو.

هەر لەگەڵ شوێنێک پەیدا بوو کە با نەیدەگرتەوە
هەموو مەلە پەڕەوازەکانی ئاسمانی زستان هاتن و
لەسەر جێگەکە دەجەنگان و ڕێوییە برسییەکە دیوارە
باریکەکەی قەپ لێ گرت و گورگە یەک لاقەکە
تەشتە بچووکەکەی خواردنی ڕژاند.

بە کورتی، نەیتوانی هەموو سەودا و مامەڵەکان بە تەنیا ببینێ. بەڵام هەموو هاوڕان کە کچێکی باشە. لە هەموو شوێنێک ناوی: فریشتەی قەراخی شارەکانە. ئەوەندە کاری خێر لە دوکانەکەی ئەوەوە دەردەچێ. لین تۆی دارتاش هەرچ شتێک بڵێ!

**یەکەم خواوەند:** ئەمە چی دەگەیەنێ؟ لین تۆی دارتاش باسی بە خراپ دەکا؟

**ڤانگ:** ئاه، تەنیا دەڵێ، کە پارەی ڕەفەکانی دوکانەکە بە تەواوی نەدراوە.

**دووەم خواوەند:** ئەوە دەڵێی چی؟ پارەی دارتاشێک نەدرا؟ لە دوکانەکەی شێن تێ؟ چۆن توانی ڕێ بە شتی وا بدا؟

**ڤانگ:** پارەی نەبوو.

**دووەم خواوەند:** ئەوە گرینگ نییە، مرۆڤ دەبێ قەرز بداتەوە. هەر لەگەڵ ناهەقی دەرکەوت دەبێ مرۆڤ خۆی لێ لابدا. یەکەم سونەتەکان دەبێ پیت بە پیت جێبەجێ بکرێ، دووەم ڕوحی.

**ڤانگ:** بەڵام خاوەن شکۆ ئامۆزاکەی بوو، نەوەکو خۆی!

**دووەم خواوەند:** دە ئەو ئامۆزایە ئیتر پێ ناخاتە ناو دەرگەکەیەوە!

**ڤانگ:** (بە خەمگینییەوە): خاوەن شکۆ، تێ دەگەم! بۆ بەرگری لە شێن تێ، ڕێم پێ بدەن ئەوە بڵێم، کە ئامۆزاکەی وەکو بازرگانێکی بەڕێز حسێبی بۆ دەکرێ. تەنانەت پۆلیسیش ڕێزی لێ دەگرێ.

**یەکەم خواوەند:** خۆ ئێمە نامانەوێ ئەم ئامۆزا بەڕێزە بە لەعنەت بکەین بەبێ ئەوەی گوێی لێ بگرین. من ددانی پێدا دەنێم، من هیچ لە بازرگانی تێ ناگەم، لەوانەیە باشتر بێ مرۆڤ بپرسێ چی باوە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بازرگانی! ئاخۆ ئەمە پێویستە؟ ئێستا بەردەوام بازرگانی دەکەن؟ ئاخۆ حەوت پادشا باشەکە بازرگانی دەکەن؟ کونگی هەقپەرست ماسیی دەفرۆشت؟ بازرگانی چی پێوەندییەکی بە ژیانێکی ڕەوا و بە شکۆوە هەیە؟

**دووەم خواوەند:** (زۆر پەستە): بەهەرحاڵ نابێ شتێکی وا ڕوو بداتەوە. (وەردەچەرخێتەوە بۆ ئەوەی بڕوا. هەردوو خواوەندەکەی تریش وەردەچەرخێنەوە).

**سێیەم خواوەند:** (دوا کەس دەڕوا، بە شەرمەوە): لەو قسە تۆزێک ڕەقانەی ئەمڕۆ ببوورێ! ئێمە شەکەتین و تێر خەو نەبووینە. ئەو پەناگەی شەوانە! دەوڵەمەندەکان باشترین پێشنیازمان بۆ دەکەن بۆ لای هەژارەکان، بەڵام هەژارەکان ژووری زیادەیان نییە.

**خواوەندەکان:** (بە دەم خۆ دوورخستنەوە و جنێودانەوە): باشترینیان لاوازن! هیچی قەناعەتپێکەری تێدا نییە! کەمە، کەمە! بێگومان هەموو شتێک لە دڵەوەیە، بەڵام هیچی لێ شین نابێ! ئەو دەبوو بەلای کەمەوە...

(مرۆڤ گوێی لێیان نامێنێ)

**ڤانگ:** (بانگیان دەکا): ئاخ، خاوەن شکۆکان، بێبەزەیی مەبن! هەر لە سەرەتاوە داوای شتی زۆر مەکەن!.

٤

## گۆڕەپانی بەردەم دوکانی جگەرەکەی شێن تێ

دوکانی سەرتاشێک، دوکانێکی مافوور و دوکانی جگەرەکەی شێن تێ. دووشەمەیە. لە بەردەم دوکانەکەی شێن تێ-دا دوو کەس لە خێزانە هەشت سەرییەکە و باپیر و براژن وەستاون، هەروەها بێکارەکە و شین.

**براژن:** دوێنێ شەو لەماڵەوە نەبوو!

**شین:** ڕەفتارێکی سەیرە! ئەو ئامۆزا بەڕێزەی ڕۆیشت و خەریکە مرۆڤ ڕادێ بەلای کەمەوە لە فرەیی برنجەکە بە خەڵک بدا و ئەویش چەندان شەو نایەتەوە و مەگەر خواوەندەکان بزانن لە کوێ ئەملا و ئەولا دەکا!

(لە دوکانی سەرتاشەکەوە دەنگی بەرز دەبیسترێ، ڤانگ بە پێ هەڵکەوتن دێتە دەرێ، سەرتاشە قەڵەوەکە، جەنابی شو فو بە دواوەیەتی و مەکینەیەکی قورسی قژلوولکردنی بە دەستەوەیە)

**جەنابی شو فو:** لە کونە لووتتی دەردەهێنم کە دێی بە ئاوە بۆگەنەکەتەوە مشتەرییەکانم وەڕەس دەکەی! پەرداخەکەت بەرە و لێرە لاچۆ!

(ڤانگ دەست دەداتە پەرداخەکە، کە جەنابی شو فو بۆی ڕاگرتووە و مەکینەی قژلوولکردنەکە دەدا بە دەستیدا، ڤانگ بە دەنگی بەرز هاوار دەکا)

ئەمەت دەویست! با ئەمەت بۆ ببێ بە دەرس!

(بە هەناسەبڕکێ دەچێتەوە دوکانی سەرتاشییەکەیەوە)

**بێکارەکە:** (پەرداخەکە هەڵدەگرێتەوە و دەیداتە دەستی ڤانگەوە) لەبەرئەوەی لێی دای دەتوانی شکاتی لێ بکەی.

**ڤانگ:** دەستم لە کار کەوتووە.

**بێکارەکە:** هیچ شوێنێکی شکاوە؟

**ڤانگ:** ناتوانم بیجووڵێنمەوە.

**بێکارەکە:** دانیشە و کەمێک ئاوی بە سەردا بکە!

(ڤانگ دادەنیشێ)

**شین:** بەهەرحاڵ ئاوەکەت هەرزانە.

**براژن:** بەم سەعات هەشتی بەیانییە لێرە پارچە کەتانێکیش پەیدا نابێ. خاتوو دەبێ خەریکی سەرچڵیی خۆی بێ! ئەمە ئابڕووچوونە!

**شین:** (بە دڵتەنگییەوە): ئێمەی لە بیر کردووە!

(شێن تێ سەر بەرەو خوار بە کۆڵانەکەدا دێت، مەنجەڵێکی بە برنجەوە هەڵگرتووە)

**شێن تێ:** (ڕوو دەکاتە بینەران): هەرگیز شارم سەرلەبەیانییان نەبینیوە. لەم ساتانەدا هێشتا هەر لێفە پیسەکە بەسەر تەوێڵمەوە لە ترسی ڕابوون ڕاکشابووم. ئەمڕۆ بە نێو کوڕە ڕۆژنامەفرۆشەکان، ئەو پیاوانەی قیرەکە بە ئاو دەشۆن و ئەو گالیسکانەی گای خەساو ڕایان دەکێشێ بە سەوزەی تازەی لادێوە لە سەریان. ڕێگەیەکی درێژ لە گەڕەکەکەی سونەوە هەتا

ئێرە ڕێم کرد، بەڵام لەگەڵ هەموو هەنگاوێکدا کەیفم خۆشتر بوو. هەمـوو کـات ئـەوەم بیسـتـووە، ئەگـەر مـرۆڤ ئـاشق بێ، بەسـەر هـەوردا ڕێ دەکـا، بەڵام خـۆشـیـی لـەوەدایە، کـە مـرۆڤ بەسـەر زەویدا دەڕوا، بەسـەر قـیـردا. پێـتـان دەڵێم، ڕیزە خانووەکان لە بەیانییاندا وەکو دار و پەردووی خانووی ڕووخاو وان، کە ڕووناکییان تێدا داگیرسێنراوە، کە ئاسمان پەمەیی و هێـشـتـا دیوەدەر بێ، لەبەرئەوەی بەبێ تەپوتۆزە. من پێـتـان دەڵێم، زۆر شـتـتـان لە دەست دەچێ، ئـەگـەر ئـاشق نـەبن و شـارەکەتان لەو سـاتەدا نـەبینن، کە لە ئۆردوگاوە بەرز دەبێتەوە وەکو پیشـەدەستێک بە سکی نـاشـتـاوە، کە سییەکـانی پڕ لە هەوای پاک دەکـا و دەست بۆ ئـامـرازی کـارەکـەی دەبا، وەکـو شـاعیرەکـان دەڵێن. (بە ئەوانەی چاوەڕوانن): بەیانیتان باش! ئەوە برنجـەکەیە! (برنج دابەش دەکات، ئـەمـجا ڤـانگ دەبینێ). بەیانیت باش، ڤـانگ. من ئـەمـڕۆ بێبـاکم. بە دەم ڕێوە سـەیری هەموو کۆگەیەکم کرد، ئێستاش حەز دەکەم دەستماڵێک بکڕم. (دوای کەمێک چاوەڕوانی). ئەوەندە حەز دەکەم جوان دەرکەوم. (خێرا دەچێتە ناو دوکانی مافوورفرۆشەکەوە).

**جەنابی شو فو:** (کە جارێکی تر لە دەرگەکەوە دەرچووەتە دەرێ، ڕوو دەکـاتـە بینەران): مـن ئـەمـڕۆ سـەرسـامم، خـاتوو شـێن تێ، خاوەنی دوکانی جگەرەفرۆشییەکەی بەرامبەر چەند جوانە، کە هەتا ئێستا سەرنجم نەداوەتێ. سێ خولەک سەیری دەکەم و دەگـەمـە ئەو بڕوایەی حـەزم لێی کـردووە. مـرۆڤـێکی ئـەوەندە دلۆڤـانە جـێی بڕوا نـیـیـە! (بە ڤـانگ): لاچۆ لێرە، ناپەسند!

(دەگەڕێتەوە بۆ دوکانی سەرتاشییەکەی)

(شێن تێ و ژن و مێردێکی زۆر پیر، مافوورفرۆشەکە و ژنەکەی، لە دوکـانی مـافـوورفـرۆشـیـیـەکـەوە دێنە دەرەوە. شـێـن تێ دەستماڵێکی لە ملە، مافوورفرۆشەکە ئاوێنەیەکی پێیە)

**پیـرێژنەکـە:** ئەوە زۆر جـوانە و گـرانیش نیـیـە، لەبەرئـەوەی لەژێرەوە کونێکی تێدایە.

**شـێن تێ:** (سـەیری دەسـتـمـاڵەکـەی سـەر باسکی پیـرێژنـەکە دەکـا): سەوزەکەیش جوانە.

**پیرێژنەکە:** (بە زەردەخەنەوە): بەڵام بە داخەوە کەمێک دڕاوە.

**شـێن تێ:** بەڵێ، ئەمـە مـایەی داخـە. من ناتوانم لە دوکـانەکـەمـدا هەنگاوی گەورە بنێم. داهاتم کەمە بەڵام خەرجیم زۆرە.

**پیرێژنەکە:** بۆ خێر. زۆر کاری خێر مەکە. لە سەرەتاوە هەموو جامێک برنج دەور دەبینێ، وا نییە؟

**شێن تێ:** (دەستماڵە کونەکە تاقی دەکاتەوە): تەنیا دەبێ ئەمەم هەبێ، ئێستا بێ پەروام. ئاخۆ ئەم ڕەنگەم لێ دەنیشێ؟

**پیرێژنەکە:** دەبێ لە پیاوێک بپرسن.

**شێن تێ:** (ڕوو لە پیرەمێردەکە دەکا): لێم دێت؟

**پیرەمێردەکە:** باشتر وایە بپرسی لە ...

**شێن تێ:** (زۆر بە نەزاکەتەوە): نەخێر من لە ئێوە دەپرسم.

**پیرەمـێردەکە:** (ئەویش بە نـەزاکـەتەوە): دەسـتـمـاڵەکـەتـان لێ هـاتووە. بەڵام تکایە لایە کاڵەکە بخەرە دەرەوە.

(شێن تێ پارە دەدا)

**پیرێژنەکە:** ئەگەر بە دڵتان نەبوو بیگۆڕنەوە. (دەیباتە لاوە). کەمێک سەرمایەی هەیە؟

**شێن تێ:** (بە پێکەنینەوە): نەخێر.

**پیرێژنەکە:** ئەی دەتوانن کرێی نیو ساڵ بدەن؟

**شێن تێ:** کرێی نیو ساڵ! هەر بە تەواوی لە بیرم چووەتەوە!

**پیرێژنەکە:** وام بە زەیندا هات! دووشەمی داهاتوو یەکی مانگە. دەمەوێ باسی شتێکتان لەگەڵدا بکەم. دەزانن، من و مێردەکەم کەمێک دوودڵ بووین لەو شتەی کە پێوەندیی بە ڕێکلامی هاوسەرکارییەکەوە هەبوو، دوای ئەوەی ئێوەمان ناسی. بڕیارمان دا، لە کاتی تەنگانەدا کۆمەکتان بکەین. ئێمە پارەمان پاشەکەوت کردووە و دەتوانین دووسەد دۆلارە زیوەکەتان بە قەرز بدەینێ. ئەگەر بتانەوێ دەتوانن زەخیرەی جگەرەکەتان بە ڕەهن دابنێن. بێگومان شتی نووسراو لە نێوان ئێمەدا پێویست نییە.

**شێن تێ:** بە ڕاستی دەتانەوێ بە کەسێکی ئاوا بێ پەروا قەرز بدەن؟

**پیرێژنەکە:** بە ڕاشکاوی دەیڵێم، لەوانە بوو بە ئامۆزا بەڕێزەکەتانمان نەدابایە، کە بە دڵنیاییەوە بێ پەروا نییە، بەڵام بە ئاسوودەیییەوە بە ئێوەی دەدەین.

**پیرەمێردەکە:** (دێتە لایانەوە): ڕێک کەوتین؟

**شێن تێ:** من ئارەزوومەندم، ئێستا خواوەندەکان گوێیان لە قسەکانی ژنەکەت بووبووایە، دێنگی بەڕێز. ئەوانە بە دوای مرۆڤگەلێکدا دەگەڕێن کە بەختەوەرن. دەبێ ئێوەش بەختەوەر بن، کە یارمەتیی من دەدەن، لەبەرئەوەی من لە ڕێی خۆشەویستییەوە

تووشی نارەحەتی بووم.

(دوو پیرەکە زەردەخەنە بۆ یەکتر دەکەن)

**پیرەمێردەکە:** ئەوە پارەکەیە.

(زەرفـــێکی دەداتە دەست. شـــێن تێ وەری دەگـــرێ و دادەچەمـێـتـەوە. پیـرەکـانیش دادەچەمێنەوە. دەگـەڕێنەوە بۆ دوکانەکەیان)

**شێن تێ:** (ڕوو دەکاتە ڤانگ، زەرفەکە بەرز دەکاتەوە): ئەمە کرێیە بۆ نیـو سـاڵ! ئەمـە وەکـو پەرجـوو وا نیـیـە؟ ئەی چی لەبارەی دەستماڵەکەمەوە دەڵێی، ڤانگ؟

**ڤانگ:** ئەمەت بۆ ئەو کەسە کڕیوە کە لە پارکی شار بینیم؟

(شێن تێ سەری دەلەقێنێ)

**شین:** لەوانەیە باشـتـر بێ سـەیری دەسـتـە شکاوەکـەی بکەن، لەوەی سەرچڵییە گومانلێکراوەکانتی بۆ بگێڕنەوە!

**شێن تێ:** (زارەترەک): دەستی چییەتی؟

**شین:** سـەرتاشـەکە بە بەرچاومانەوە مـەکینـەی قژلوولکردنەکەی دا بە دەستیدا.

**شێن تێ:** (لەبەر بێپـەرواییـەکـەی دڵی دادەخورپێ): منیش هـەسـتم بە هیچ نەکرد! تۆ دەبێ هەر ئێستا بچی بۆ لای دوکتۆر، ئەگینا دەسـتت ڕەق دەبێ و ئیـتـر هـەرگـیـز ناتوانی بە تـەواوەتی کـار بکەی. ئەمە نەگبەتییەکی گەورەیە. خێرا، هەستە! خێرا برۆ!

**بێکارەکـە:** پێـویسـت ناکـا بچی بۆ لای دوکـتـۆر، بـگرە بۆ لای دادوەر! دەتوانـێ لە سـەرتاشـەکـە کـە دەوڵەمـەندە داوای قـەرەبووی ئازارەکەی بکا.

**ڤانگ:** لەو بڕوایەدای ئومێدێک هەبێ؟

**شین:** ئەگەر بە ڕاستی شکابێ. بەڵام شکاوە؟

**ڤانگ:** لەو بڕوایەدام. زۆر ئاوساوە. خانەنشینیم دەدرێتێ؟

**شین:** بەڵام دەبێ شایەدێکت هەبێ.

**ڤانگ:** بەڵام ئێوە هەموو بینیتان! ئێوە هەمووتان دەتوانن شایەدی بدەن.

(سەیری دەوروبەری خۆی دەکا. بێکارەکە، باپیرە و براژن لە پاڵ دیواری خانووەکە دانیشتوونە و نان دەخۆن. هیچ کەسێکیان سەر هەڵنابڕێ)

**شێن تێ:** (بە شین): بەڵام خۆ ئێوە خۆتان بینیتان!

**شین:** من نامەوێ هیچ سەرە و دەرەیەکم لەگەڵ پۆلیسدا هەبێ.

**شێن تێ:** (بە براژن): دە ئێوە!

**براژن:** من؟ من سەیری ئەوێم نەکرد!

**شین:** بێگومان سەیرتان کرد! تەنیا دەترسن، لەبەرئەوەی سەرتاشەکە هێزی هەیە.

**شێن تێ:** (بە باپیرە): من دڵنیام، ئێوە شایەدیی ئەو پێشهاتە دەدەن.

**براژن:** شایەدییەکەی وەرناگیرێ. ئەو گەلحۆیە.

**شێن تێ:** (بە بێکارەکە): لەوانەیە خانەنشینیی نەبێ.

**بێکارەکە:** من دووجار لەبەر سواڵکردن ناوم نووسراوە. شایەدیی من زیاتر زیانی پێ دەگەیەنێ.

**شێن تێ:** (باوەڕنەکردەنی): کەواتە کەس لە ئێوە نایەوێ بڵێ، چی ڕووی داوە؟ بە ڕۆژی ڕووناک دەستی شکێنراوە، هەموو چاوتان

لێ بووە و کەس نایەوێ قسە بکا؟ (بە توورەییەوە): ئای، بەدبەختینە!
توندوتیژی بەرامبەر براکەتان بەکار دەهێنرێ و ئێوە چاوتان دەنووقێنن!
بەرکەوتوو هاوار دەکا و ئێوە بێدەنگ دەبن؟
ستەمکار دێت و دەچێ و ئێوەش قوربانییەکەی بۆ هەڵدەبژێرن
ئێوەش دەڵێن: ئێمە دەبوێرێ، لەبەرئەوەی دڵتەنگی پێشان نادەین.
ئەمە چ شارێکە، ئێوە چ مرۆڤێکن!
کە لە شارێکدا ناڕەوایی ڕوو دەدا، دەبێ بشێوی بێ
ئەگەر بشێوی نەبێ، باشترە، شارەکە بە ئاگرێک
پێش ئەوەی شەو دابێت نغرۆ بێت!
ڤانگ، ئەگەر کەس نەبێ شایەدیت بۆ بدا، کە لەوێ بوو،
ئەوا من دەمەوێ شایەدیت بۆ بدەم و بڵێم،
کە من بینیم.

**ڤانگ:** من نازانم، ئاخۆ دەتوانم ئەوە قبوولّ بکەم. (سەیری دەستی دەکا، نیگەرانە). دەڵێن ئەوەندە ئاوساوە؟ من وام بۆ دەردەکەوێ، وەکو جارێکی تر ئاوسابێتەوە؟

**بێکارەکە:** (هێوری دەکاتەوە): نەخێر، بە دڵنیاییەوە نەئاوساوە.

**ڤانگ:** بە ڕاستی نەئاوساوە؟ بەڵێ، منیش لەو بڕوایەدام، تەنانەت تۆزێک زۆرتر دەئاوسێ. لەوانەیە جومگەکەی شکابێ! من یەکسەر ئێستا دەچم بۆ لای دادوەر. (بە ئاگادارییەوە دەستی ڕادەگرێ، هەموو کات نیگای تێ دەبڕێ، ڕادەکا)

(شین ڕادەکاتە ناو سەرتاشخانەکەوە)

**بێکارەکە:** دەچێ بۆ لای سەرتاشەکە هەتا مەراییی بۆ بکا.

**براژن:** ئێمە ناتوانین دنیا بگۆڕین.

**شین تێ:** (ورە نەماوە): نەمدەویست جنێوتان پێ بدەم. من تەنیا تووشی دڵەخورپە بوومە. نەخێر، ویستم جنێوتان پێ بدەم. لە بەرچاوم ون بن!

(بێکارەکە، براژن و باپیرە بە دەم خواردن و نرکاندنەوە دەڕۆن)

**شین تێ:** (ڕوو دەکاتە بینەران): ئیتر وەڵامیان نەدایەوە. لە هەر کوێیان دابنێی
لەوێ دەمێننەوە، ئەگەر دەریشیان بکەی
خێرا دەڕۆن!
ئیتر هیچ شتێک نایانجووڵێنێتەوە. تەنیا بە بۆنی خواردن سەریان هەڵدەبڕن.

(پیرێژنێک بەڕاکردن دێت. یانگ خان، دایکی سونە)

**یانگ خان:** (هەناسەی لەبەر بڕاوە): ئێوە خاتوو شین تێن؟ کوڕەکەم هەموو شتێکی بۆ گێڕامەوە. من یانگ خاتوو، دایکی سون. ئێوە لەو بڕوایەدان ئومێدی ئەوەی هەبێ کاری فڕۆکەوانیی دەست بکەوێ! ئەمڕۆ بەیانی، پێش کەمێک، نامەیەک لە کارگێڕیی گەراجی فڕۆکەوانیی پۆستی پەکینەوە هاتووە.

**شین تێ:** کە جارێکی تر دەتوانێ فڕۆکەوانی بکا؟ ئای، یانگ خان!

**یانگ:** بەڵام کارەکە پارەیەکی سامناکی تێ دەچێ: پێنجسەد دۆلاری زیو.

**شێن تێ:** ئەوە زۆرە، بەڵام لەبەر پارە نابێ شتێکی ئاوها سەرنەکەوێ. من خۆ دوکانم هەیە.

**یانگ خان:** ئەگەر بتانتوانیبا شتێک بکەن!

**شێن تێ:** (باوەشی پێدا دەکا): ئەگەر بمتوانیبا کۆمەکی بکەم!

**یانگ خان:** هەلێک بۆ مرۆڤێکی بەهرەدار دەخولقێنن!

**شێن تێ:** چۆن دەتوانن ڕێ لە یەکێک بگرن بە کەڵک بێت! (پاش پشوویەک). تەنیا، بۆ فرۆشتنی دوکانەکە پارەیەکی کەمم دەدەنێ و ئەم دووسەد دۆلارە زیوەشم بە نەقد قەرز کردووە، بێگومان دەتوانن یەکسەر بیبەن. زەخیرەی جگەرەکانم دەفرۆشم و پارەکەی لێ دەدەمەوە. (پارەکەی ژن و مێردە پیرەکەی پێشوو دەداتە دەستی.)

**یانگ خان:** ئای، خاتوو شێن تێ، ئەمە یارمەتییەکە لە شوێنی خۆیدایە. لێرە لە شار ناویان نابوو فڕۆکەوانە مردووەکە، لەبەرئەوەی هەموو لەو قەناعەتەدا بوون، چۆن مردوویەک ناتوانێ بفڕێ، ئەمیش هەر وا.

**شێن تێ:** بەڵام بۆ کاری فڕۆکەوانییەکە هێشتا پێویستمان بە سێسەد دۆلاری زیوە. یانگ خان، دەبێ بیر بکەینەوە. (لەسەرخۆ). من یەکێک دەناسم، لەوەیە بتوانێ یارمەتیم بدات. یەکێک، کە جارێک ڕێگەچارەی لە تەنگژەیێک دۆزییەوە. لە ڕاستیدا نەمویست جارێکی تر ڕووی لێ بنێم، لەبەرئەوەی زۆر ڕەق و فێڵبازە. دەبێ بە ڕاستی ئەمجارە دواجار بێ. بەڵام ئەوە ڕوونە، فڕۆکەوان دەبێ بفڕێ.

(لە دوورەوە دەنگی ماتۆڕ دێت)

**یانگ خان:** ئەگەر ئەو کەسەی باسی دەکەن بیتوانیبا پارەکە پەیدا بکا! ببینن، ئەوە فڕۆکەی بەیانییانی پۆستە، کە بۆ پەکین دەچێ!

**شێن تێ:** (بە زەبرەوە): یانگ خان دەست ڕاوەشێنە! بە دڵنیاییەوە فڕۆکەوانەکە دەتوانێ بمانبینێ! (دەستماڵەکەی ڕادەوەشێنێ). ئێوەش دەست ڕاوەشێنن.

**یانگ خان:** (بە دەم دەست ڕاوەشاندنەوە): ئەوە دەناسن، کە دەفڕێ؟

**شێن تێ:** نەخێر. کەسێکە کە دەفڕێ. چونکە ئەو کەسەی بێئومێد بێ دەبێ بفڕێ، یانگ خان. بە لای کەمەوە یەکێک دەبێ بەسەر بێنەواییدا، یەکێک دەبێ بتوانێ بەسەر هەمووماندا بەرز ببێتەوە! (ڕوو دەکاتە بینەران): یانگ سون، ئازیزەکەم، لەناو گەواڵە هەورەکاندا!

بەرهەڵستیی زریانە گەورەکان دەکا
بەنێو ئاسماندا دەفڕێ و
نامەی میهرەبان
بۆ هاوڕێیانی وڵاتی دوور دەبا.

## نمایشی ناوبڕ

لە بەردەم پەردەدا

شێن تێ ماسک و جلەکەی شوی تای بە دەستەوەیە، دەردەکەوێ و گۆرانی دەڵێ

گۆرانیی بێدەستەڵاتیی خواوەندەکان و مرۆڤە باشەکان
لە وڵاتەکەماندا

ئەوەی بە سوود بێ پێویستی بە بەختە. تەنیا
ئەگەر یارمەتیدەری بەهێز بدۆزێتەوە
دەتوانێ خۆی وەکو بە سوود بسەلمێنێ
مرۆڤە باشەکان ناتوانن بە کاری خۆیان بژین و خواوەندەکان بێدەستەڵاتن.
بۆچی خواوەندەکان تانک و تۆپیان نییە
بۆچی کەشتیی جەنگ و فڕۆکەی بۆمبهاوێژ و مینیان نییە
مرۆڤە بەدناکەکان بڕووخێنن و مرۆڤە باشەکان بپارێزن
(جلوبەرگەکەی سوی تا لەبەر دەکا و چەند هەنگاوێک وەکو ئەو دەڕوا).

مرۆڤە باشەکان ناتوانن
لە وڵاتی ئێمەدا ماوەیەکی درێژ باش بمێننەوە.
لەو شوێنەی قاپەکان خاڵی بن، ئەوانەی نان دەخۆن لە یەکتر دەدەن.
ئای خواوەندەکان، داواکاریی خواوەندەکان
بۆ پڕکردنەوەی کەموکووڕی یارمەتیدەر نین
بۆچی خواوەندەکان لە بازاڕەکانمان دەرناکەون
بە زەردەخەنەوە شتە زۆر و زەبەندەکان دانابەشێننەوە و
ڕێ بەوانە نادەن کە نان و شەراب بەهێزی کردوون
بە میهرەبانییەوە و باش مامەڵەی یەکتر بکەن؟

(ماسکەکەی شوی تا دەکاتە سەر و بە دەنگی ئەو درێژە بە گۆرانییەکەی دەدا).

بۆ ئەوەی نانێکی نیوەڕۆی دەست بکەوێ
پێویستی بەو ڕەقییەیە، کە دەوڵەمەندەکانیان پێ چێ دەبێ.
پێش ئەوەی پێ بە دوازدەدا نەنێن
یارمەتیی کلۆڵێک نادرێ.
بۆچی خـواوەندەکـان لە دەڤـەرەکـانی سـەرەوە بە دەنگی بەرز نالێن
کە قەرزارباری باشەکان و جیهانی باشن؟
بۆچی بە تانک و تۆپەوە پشتی مرۆڤە باشەکان ناگرن و
فەرمان بکەن: ئاگر بێنن! و سەبری سەبر ناکەن؟

٥

## دوكانی جگەرەفرۆشییەكە

شـوی تا لە پشـتـی مێـزی دوكـانەكـەوە دانیـشـتـووە و ڕۆژنامـە دەخـوێـنێـتـەوە. بە هیچ جۆرێـک سـەرنجی شین نادا، كـە بە دەم قسەكردنەوە ئەو ناوە پاک دەكاتەوە.

**شین:** دوكـانێكـی ئاوها بچووک خـێـرا لەناو دەچێ، كە هەنـدێ قسـە و قـسـەڵۆک لەم دەڤـەرەدا بڵاو ببنەوە، دەتوانن بڕوام پێ بكەن. كـاتی ئەوە هـاتووە، كـە ئێـوە وەكـو پیـاوێكی ڕێكوپێک ڕووناكی بخـەنە سـەر ئەو بەزمـەی نێـوان ئەو خـاتووە و ئەو یانگ سـونەی كۆڵانە زەردەكە. لە بیرتـان نەچێ، كە بەڕێز شـو فو، دەلاكـەكەی تەنیـشـتـەوە، پیـاوێكە دوازدە خـانووی هەیە و تەنیـا یەک ژنی هەیە، دوێنێ لەلای من ئاماژەی ئارەزوویەكی مـەراییكەرانەی بۆ ئەو خــاتووە كــرد. تـەنانـەت پرســیــاری لـەبارەی مـــاڵ و سـامـانەكـەیەوە كـرد. دەمـەوێ بڵـێم ئەمـە بەڵگەی مـەیلێكی ڕاسـتـەقینـەیە. (لەبەرئەوەی وەڵامـی نـادرێتـەوە، بە سـەتڵـەكـەوە دەچێتە دەرەوە)

**دەنگی سون:** (لە دەرەوە): ئەمە دوكانەكەی خاتوو شێن تێیە؟

**دەنگی شین:** بەڵێ، هەوە. بەڵام ئەمڕۆ ئامۆزاكەی لێرەیە.

(شـوی تا بە هـەنگاوە سـووكـەكـانی شـێن تێ دەچێـتـە بەردەم ئاوێنەیەک و دەیەوێ دەست بە ڕێكخسـتنی قژەكەی بكا، كاتێ

لە ئاوێنەکەدا هەست بە هەڵەکە دەکا، بە دەم پێکەنینەوە وەردەچەرخێتەوە. یانگ سون دێتە ژوورەوە. شین بە کونجکۆڵییەوە لە پشتییەوە. بە تەنیشتیدا تێ دەپەڕێ و دەچێتە ژوورەکەوە)

**سون:** من یانگ سونم. (شوی تا دادەچەمێتەوە). شین تێ لێرەیە؟

**شوی تا:** نەخێر، لێرە نییە.

**سون:** بەڵام ئێوە ئاگاتان لێیە، ئێمە چ پێوەندییەکمان بە یەکەوە هەیە. (لە دوکانەکە ورد دەبێتەوە). دوکانێکی بەرجەستەیە! هەردەم لەو بڕوایەدا بووم زیادەگۆیی دەکا.
(بە کەیفخۆشییەوە سەیری ناو سندووقە بچووک و مەنجەڵە چینییەکان دەکا). گەلۆ، من جارێکی تر دەفڕم! (چرووتێک هەڵدەگرێ و شوی تا بۆی دادەگیرسێنێ). لەو بڕوایەدای ئێمە دەتوانین سێسەد دۆلاری زیوی تر لە دوکانەکە ببەین؟

**شوی تا:** دەتوانم بپرسم: دەتانەوێ یەکسەر بیفرۆشن؟

**سون:** سێسەدەکەمان بە نەخت هەیە؟ (شوی تا سەری ڕادەوەشێنێ). چاکەی لەگەڵدا کردم کە یەکسەر دووسەدی دامێ، بەڵام بەبێ سێسەدەکە هیچی ترم بۆ ناکرێ.

**شوی تا:** لەوەیە کەمێک خێرا ڕازی بووبێ پارەت بداتێ. لەوەیە دوکانەکەی لە دەست بچێ. دەوترێ: پەلەکردن ئەو بایەیە کە دار و پەردووی بیناکردن دەخا.

**سون:** من ئەو پارەیەم یان ئێستا دەوێ یان ئیتر هەرگیز نامەوێ. ئەو کچەش لەوانە نییە کە زۆر ڕاڕان بۆ ئەوەی شتێک بدەن. لە نێوان ئێمەی پیاوان خۆماندا بێ: هەتا ئێستا لە دانی هیچ

شتێک ڕاڕا نەبووە.

**شوی تا:** ئاوها.

**سون:** ئەمە بەڵگەی باشییەتی.

**شوی تا:** دەتوانم بزانم، پێجسەد دۆلارە زیوەکەت بۆ چییە؟

**سون:** بێگومان، دەبێ پرسیارم لێ بکرێ. بەڕێوەبەری فرۆکەخانە لە پەکین هاوڕێیەکی قوتابخانەی فرینگەمە، دەتوانێ کارم بۆ پەیدا بکا ئەگەر من پێنجسەد دۆلای زیوی بدەمێ.

**شوی تا:** ئەم برە پارەیە زۆر نییە؟

**سون:** نەخێر. دەبێ بێپەروایییەک لەلای فرۆکەوانێک بدۆزێتەوە کە خێزانێکی گەورەی هەیە لەبەر ئەوە زۆر بۆ کارەکەی بەپەرۆشە. ئێوە تێ دەگەن. ئەمەت بە متمانەوە پێ دەڵێم و شێن تێ نابێ بیبیستێ.

**شوی تا:** لەوانەیە نەیبیستێ. بەڵام شتێک لە ئارادایە: ئەی بەڕێوەبەری فرۆکەخانە مانگی داهاتوو ئێوە نافرۆشێ؟

**سون:** من نافرۆشێ. من کەمتەرخەمی نانوێنم. من ماوەیەکی زۆرە بێکارم.

**شوی تا:** (سەر دەلەقێنێ): سەگی برسی گالیسکە خێراتر بۆ ماڵەوە ڕادەکێشێ. (ماوەیەکی زۆر بە وردییەوە لێی دەڕوانێ). بەرپرسیارییەکە زۆر گەورەیە. بەڕێز یانگ سون، ئێوە داوا لە کچەکەی ئامۆزام دەکەن، کە دەستبەرداری سامانە کەمەکەی و هاوڕێکانی بێ لەم شارەدا و چارەنووسی بە تەواوی بداتە دەستی ئێوەوە. من گریمانەی ئەوە دەکەم، کە ئێوە مەبەستی ئەوەتان هەیە شێن تێ بخوازن؟

**سون:** من بۆ ئەمە ئامادەم.

**شـــوی تا:** بەڵام حـــەیف نیـــیـــە بـۆ چەند دۆلارێکی زیوین دوکـــانەکـــە هەرزانفـرۆش بکرێ؟ ئەگـەر خێـرا بفـرۆشـرێ دەبێ بە هـەرزان بیـدەی. ئـەو دووســـەد دۆلارە زیوەی لەلای ئێـوەیە کـرێی شـــەش مـــانگ دەســتـــەبەر دەکـرێ. ئـەمـە دنەی ئێـوەش نادا، درێژە با مامەڵەی دوکانەکە بدەن؟

**ســون:** من؟، دەبێ یانـگ سـونی فـرۆکـەوان لە پشـتـی مـێزی دوکـانەوە ببیـنن: "ئاخـۆ ئارەزووی جگەرەی توند دەکـەن یان مـامناوەندی، بەڕێز؟" ئەمە بۆ یانگ سون مامەڵە نییە، نەک لەم سەدەیەدا!

**شـــوی تا:** ڕێم پـێ بدەن ئەو پرســیـــارە بکەم، ئاخـۆ فـڕین ســەودا و مامەڵەیە؟

**سون:** (نامەیەک لە گیرفانی دەردەهێنێ): بەڕێز، من مـانگی دووسەد و پەنجا دۆلاری زیو وەردەگـرم! خـۆتان نامـەکە بخـوێننەوە. ئەمـە پوول و مۆری پەکینە.

**شوی تا:** دووسەد و پەنجا دۆلاری زیو؟ ئەمە زۆرە.

**سون:** لەو بڕوپەدان من بە خۆڕایی دەفڕم؟

**شـــوی تا:** بەوە دەچێ کـارەکـە باش بێ. بەڕێز یانگ سـون، کـچـەکـەی ئامۆزام ڕای سـپاردووم، بۆ ئەم کارە وەکو فڕۆکەوان کۆمەکتان بکەم، کـە بۆ ئێـوە هـەمـوو شـتـێک دەکـەیەنێ. لە گـۆشـەنیگای ئامـۆزاکەمەوە هـیـچ هۆیەکی گـرینگ دژی ئەوە نابینـم کـە دوای ڕاز و خـواسـتـی دڵی بکەوێ. بە تەواوی مـافی خـۆیەتی بەشـی لە خـۆشــیـی ئەویندا هـەبێ. مـن ئامـادەم، هـەمـوو شـتـێکی ئێـرە بفرۆشم. ئەوە می تسوی خان، خاوەنی خانووەکە دێت، دەمەوێ

پرسیاری ڕای ئەو بۆ فرۆشتنی دوکانەکە بکەم.

**خاوەن خانووەکە:** (دێتە ژوورەوە): ڕۆژباش، بەڕێز شوی تا. هاتنەکەم پێوەندیی بە کرێی دوکانەکەوە هەیە، کە دەبێ دووسبەی بدرێ.

**شوی تا:** می تسوی خان، هەندێ پێشهات هاتوونەتە ئاراوە، کە جێی گومانە، ئاخۆ ئامۆزاکەم دوکانەکە دەهێڵێتەوە. بیر لەوە دەکاتەوە شوو بکات، پیاوی داهاتووی (یانگ سون پێشکێش دەکا)، بەڕێز یانگ سون لەگەڵ خۆی دەیبا بۆ پەکین، کە دەیانەوێ ژیانێکی نوێ دەست پێ بکەن. ئەگەر پارەیەکی باشم بۆ دوکانەکەم بدەنێ دەیفرۆشم.

**خاوەن خانووەکە:** چەندت پێویستە؟

**سون:** سێسەدی نەخت.

**شوی تا:** نەخێر، پێنجسەد!

**خاوەن خانووەکە:** (بە سون): لەوانەیە بتوانم یارمەتیتان بدەم. جگەرەکانت چەندیان تێ چووە؟

**شوی تا:** ئامۆزاکەم لە کاتی خۆیدا هەزار دۆلاری زیوی پێی داوە، شتیشی زۆر کەم فرۆشتووە.

**خاوەن خانووەکە:** هەزار دۆلاری زیو! بێگومان هەڵخەڵەتێنراوە. دەمەوێ شتێکتان پێ بڵێم: من بۆ هەموو دوکانەکە سێسەد دۆلاری زیوتان دەدەمێ، ئەگەر دووسبەی دەربچن.

**سون:** دەیکەین. باشە، برا!

**شوی تا:** ئەمە کەمە!

**سون:** بەسە!

**شوی تا:** بە لای کەمەوە پێنجسەد

**سون:** بۆچی؟

**شوی تا:** ڕێم بدەن، کە شتێک لەگەڵ مارەبڕەکەی ئامۆزاکەمدا باس بکەم. (لەگەڵ سوندا دەچێتە لاوە): هەموو جگەرەکەی ئێرە بە دووسەد دۆلاری زیو بە بارمتە دراوە بە دوو مرۆڤی پیر کە دوێنێ ڕادەستیان کرا.

**سون:** (بەڕاڕاییەوە): هیچی نووسراو لەبارەیەوە لە ئارادایە؟

**شوی تا:** نەخێر.

**سون:** (پاش پشوویەک بە خاوەن خانووەکە دەڵێ): دەتوانین لەسەر سێسەد ڕێک بکەوین.

**خاوەن خانووەکە:** بەڵام دەبێ هێشتا بزانم ئاخۆ دوکانەکە قەرزی لەسەر ماوە یان نەماوە.

**سون:** وەڵام بدەرەوە.

**شوی تا:** دوکانەکە قەرزی لەسەر نییە.

**سون:** کەی سێسەدەکەمان دەدەنێ؟

**خاوەن خانووەکە:** دووسبەی، دەتوانن بیری لێ بکەنەوە. ئەگەر مانگێک کاتتان هەبێ بۆ فرۆشتن بە گرانتر دەیفرۆشن. من سێسەد دەدەم تەنیا لەبەرئەوەی من حەز لە یارمەتی دەکەم کە بەوە دەچێ بۆ کامەرانیی لاوان بێ. (دەڕوا).

**سون:** (پرسیار دەکا): ئێمە ڕێک دەکەوین! سندووق، مەنجەڵ و گونیە، هەمووی بە سێسەد و ئەم داخ و ژانە کۆتاییی دێت. (بە شوی تا): لەوەیە لە شوێنێکی تر هەتا دووسبەی زیاترمان بدرێتێ؟

ئەوسا دەتوانین تەنانەت دووسەدەکە بدەینەوە.

**شوی تا:** نەک بەم ماوە کورتە. ئێمە لە سێسەد دۆلارە زیوەکەی می تسوی زیاترمان نابێ. پارەی سەفەری هەردووکتان و دەستپێکتان هەیە؟

**سون:** بە دڵنیاییەوە.

**شوی تا:** ئەوە چەندە؟

**سون:** من ئەگەر دزیشم کردووە هەر پەیدای دەکەم!

**شوی تا:** ئاوها، دەبێ ئەم برە پارەیەش یەکەم جار پەیدا بکرێ؟

**سون:** زەلام، لە هۆش خۆت مەچۆ. من دێم بۆ پەکین.

**شوی تا:** بەڵام بۆ دوو کەس ئەوەندە هەرزان نییە.

**سون:** دوو کەس؟ من کچەکە لێرە بەجێ دەهێڵم. لە سەرەتادا تەنیا بارێکە بە کۆڵمەوە.

**شوی تا:** تێ دەگەم.

**سون:** بۆ وەکو تەنەکەی کونی نەوت سەیرم دەکەی؟ مرۆڤ دەبێ بە قەدەر بەرەکەی خۆی پێی ڕاکێشێ.

**شوی تا:** ئەی ئامۆزاکەم بە چی بژی؟

**سون:** ئێوە ناتوانن هیچی بۆ بکەن؟

**شوی تا:** هەوڵ دەدەم. (پشوو). حەزم دەکرد ئێوە دووسەد دۆلاری زیوم بدەنێ، بەڕێز یانگ سون، کچەکە لێرە بەجێ بهێڵن هەتا لە تواناتاندا دەبێ دوو بلیتم بۆ پەکین پێشان بدەن.

**سون:** زاوای ئازیز، حەزم دەکرد تۆ خۆت تێ هەڵنەقورتێنی.

**شوی تا:** شێن تێ خاتوو...

**سون:** تۆ واز لە کچەکە بۆ من بهێنە.

**شوی تا:** لەوەیە نەیەوێ دوکانەکەی بفرۆشێ ئەگەر ببیستێ...

**سون:** ئەوساش هەر دەیفرۆشێ.

**شوی تا:** ئەی لە داواکارییەکی من ناترسی؟

**سون:** ئازیز!

**شوی تا:** بەوە دەچێ لە بیرتان چووبێت، کە ئەو مرۆڤە و عەقڵی هەیە.

**سون:** (بە ڕابواردنەوە): هەندێ خەڵک چۆن بیر لە ژنە خزمەکانیان و کاریگەریی قەناعەتی عەقڵانی دەکەنەوە، منیشی سەرسام کرد. هێزی خۆشەویستی یان لەزەتت بیستووە؟ ئێوە دەتانەوێ ئەقڵی بێدار بکەنەوە؟ ئەقڵی نییە! بە پێچەوانەوە ئەو داماوە بەدرێژاییی ژیانی خراپ مامەڵەی کراوە! کە من دەست بخەمە سەر شانی و پێی بڵێم "تۆ لەگەڵمدا دێی"، گوێی لە زەنگ دەبێ و دایکی خۆی ناناسێتەوە.

**شوی تا:** (بە زەحمەت): بەڕێز یانگ سون!

**سون:** بەڕێز... ناوتان هەرچی بێ!

**سون:** دەتوانین بڵێین شتەکەم مسۆگەرە؟ لە بیرتان نەچێ! (چرووتێکی تر دەبا، ئەمجا چەند دانەیەک دەخاتە گیرفانیەوە و لە دواییدا سندووقەکە دەخاتە بن هەنگڵی). تۆ بە دەستی خاڵییەوە ناچی بۆ لای: ئێمە لەسەر هاوسەرکارییەکە سوورین. تۆش سێسەدەکەی بۆ دەهێنی، یان ئەو، یان تۆ! (دەڕوا).

**شین:** (لە ژوورەکەوە سەر دەهێنێتە دەرەوە): ئێسکی سووک نییە! هەموو گەڕەکە زەردەکەش دەزانێ، کە کچەکە بە تەواوی بە پەنجە دەسووڕێنێتەوە.

**شـوی تا:** (هاوار دەکـا): دوکـانـەکە لە دەسـت چوو! ئەو خـۆشی ناویّ! ئەمە ماڵوێرانییـە. من ماڵم وێران بوو! (وەکو ئاژەڵێکی بەندکراو بـە دەوری خـــۆیدا ڕادەکـــا، بـەردەوام چـەندبـارەی دەکـــاتـەوە "دوکـانـەکـە لە دەست چوو!" هـەتا لـە پڕ ڕادەوەســتێ و لـەگـەڵ شـیندا قسـە دەکا) شـین، ئێوە لە زێراب گەورە بوونە و هـەروەها منیش. ئـاخـۆ ئێـمـە کەمـتـەرخـەمـین؟ ئاخـۆ ئێـمـە زەبروزۆرمـان کەمـە؟ نەخێر. من ئامـادەم ملتان بگرم و هێندە ڕاتان وەشـێنم، هـەتا ئەو عـانـەیە بتـفـێننەوە کـە لـێـتــان دزیوم، ئێـوە دەزانن. کاتەکان دۆزەخن، شـار دۆزەخـە، بەڵام ئێمـە چڕنووک لە دیواری لووس گـیـر دەکـەین و سـەردەکـەوین. ئەمـجـا یەکـێک لە ئێـمـە نەگبەتی دەبێتە بەشـی: ئـەو خۆشـی دەوێ. ئەمە بەسـە، ئەو مـاڵی وێران بووە. لاوازییـەکت هـەبـێ و ئابڵـووقـە دەدرێی. مـرۆڤ چۆن دەتوانـێ خـۆی لەم هـەمـوو لاوازییـانـە قـورتـار بکا، پێش هـەمـوو شــتــێک لە کـوشـندەترین لاوازی، خــۆشــەویســتـی؟ ئەمــە زۆر مـەحـاڵە! ئەمـە نرخـەکەی زۆرە! بێگومـان، خۆتان بیـڵێن، ئاخـۆ مــرۆڤ دەتوانـێ هـەمــوو کــات لە ئاگــەداریدا بـێ؟ ئەمـــە چۆن دنیایەکە؟

دەست پێداهێنانەکان دەبنە دەست لە بیناقاقا گیرکردن.

هـەناسـەی ئەشق دەبێتە قیژەی ترس.

بۆچی واشەکان لەوێ دەسووڕێنەوە؟

لەوێ یەکێک بۆ ژوانگە دەڕوا!

**شین:** من وا بیـر دەکـەمـەوە یەکسـەر سـەرتاشـەکە بهێنم. دەبـێ لەگەڵ سـەرتاشـەکەدا قسـە بکەن. ئەو پیاوێکی بە شـەرەفە. سـەرتاشـەکە

پیـاوێکی ڕاسـتـەقینەیە بۆ ئامـۆزاکـەت. (لەبـەرئەوەی وەڵامی دەست ناکەوێ هەڵدێ).

(شـوی تا جـارێکـی تر دێت و دەچێ، هـەتـا بـەڕێز شـو فـو دێتـە ژوورەوە، شین بـە دوایدا دێ، بەڵام دەبـێ بە ئامـــاژەیەکی بـەڕێز شو فو بگەڕێتەوە)

**شوی تا:** (بەرەو ڕووی ڕادەکا): ئازیزەکەم، وەکو بیستوومـە، کە ئێوە مـەیلێکتـان بۆ ئامـۆزاکـەم پێشـان داوە. ڕێگەم پـێ بدەن هـەمـوو داواکـاریـیـەکــانی ڕێز و نـەزاکـەت، کــە پێـویسـتـیـیــان بە دوورەپەرێزییـە بـخـەینە لاوە، چونکە لەم چرکەسـاتەدا خـاتوو لە گەورەترین مەترسیدایە.

**جەنابی شو فو:** ئاه!

**شـوی تا:** هـەتا چەند سـاتێک پێش ئێسـتـا خـاوەنی دوکـانی خـۆی بوو، ئێسـتـا ئامـۆزاکـەم تۆزێک لە سـواڵکەر خـراپتـرە. بەڕێـز شـو فـو، ئەم دوکانە وێران بووە.

**جەنابی شـو فو:** بەڕێز شـوی تا، ئەفسوونی خاتوو شێن تێ لە بـاشیی دوکـانەکـەیدا نـیـیـە، بگرە لە بـاشـیی دڵـیـایەتی. ئـەو ناوەی ئەو خـــاتووە بـەم ناوچەیەی بەخـشـی هـەمـــوو شـتـێک دەگـەیەنێ: فریشتەی دەوروبەری شار.

**شـوی تا:** ئازیز، ئەم دڵـبـاشـیـیـە لە تەنیـا ڕۆژێکدا دووسـەد دۆلاری زیو لەسەر ئامۆزاکەم کەوتووە! دەبێ دەرگە بەسـەر ئەمەدا دابخرێ.

**جـەنابی شـو فـو:** ڕێم پێ بدە من بیـروڕایەکی جیـاواز گـوزارشت لێ بکەم: لە ڕاستیدا دەبێ دەرگە بەسـەر ئـەم دڵباشییەدا بکرێتەوە: ئەمـە سروشـتـی خـاتووە کـاری بـاش بکات. نان بە خـەڵکدان چی

دەگەیەنێ، کە من هەموو بەیانییەک دەیبینم هەستم دەورووژێ. بۆچی نابێ نان بە چوارسەد کەس بدات؟ وەکو بیستوومە، بۆ نموونە سەری خۆی بەوەوە قاڵ دەکا، داڵدەی چەند بێنەوایەک بدا. خانووەکانی پشتی تەویلەکە خاڵین. لە خزمەتیدایە و هەتا دوایی و هەتا دوایی. بەڕێز شوی تا، دەتوانم ئومێدی ئەوەم هەبێ، کە ئەو بیرۆکانەی لەم ڕۆژانەی دواییدا بۆم هاتوون خاتوو شێن تێ گوێیان لێ بگرێ؟

**شوی تا**: بەڕێز شو فو، بە سەرسامییەوە گوێ لەو بیرۆکە جوانانە دەگرێ.

(ڤانگ لەگەڵ پۆلیسەکەدا دێتە ژوورەوە. جەنابی شو فو وەردەچەرخێتەوە و لە ڕەفەکان ورد دەبێتەوە)

**ڤانگ**: خاتوو شێن تێ لێرەیە؟

**شوی تا**: نەخێر.

**ڤانگ**: من ڤانگم، ئاوفرۆشەکە. ئێوە دەبێ بەڕێز شوی تا بن؟

**شوی تا**: زۆر تەواوە. ڕۆژباش، ڤانگ.

**ڤانگ**: من هاوڕێی شێن تێم.

**شوی تا**: دەزانم، ئێوە یەکێکن لە هاوڕێ دێرینەکانی.

**ڤانگ** (بە پۆلیسەکە): دەبینن؟ (بە شوی تا): من لەبەر دەستم هاتوومە.

**پۆلیسەکە**: دەستت شکاوە، ئەوە نکوولیی لێ ناکرێ.

**شوی تا**: (بە خێرایی): من دەبینم ئێوە بۆ دەستتان پێویستتان بە پەڕۆیەکە. (لە ژوورەکەوە ملپێچێک دەهێنێ و بۆ ڤانگی فڕێ دەدا).

**ڤانگ**: بەڵام ئەمە ملپێچە تازەکەیە.

**شوی تا:** ئەو پێویستی پێی نەماوە.

**ڤانگ:** بەڵام ئەمەی کڕیوە بۆ ئەوەی بە دڵی یەکێکی دیاریکراو بێ.

**شوی تا:** وەکو دەرکەوت، ئیتر پێویست ناکا.

**ڤانگ:** (قوفڵێک لە ملپێچەکە دروست دەکا): ئەو تاقە شایەدی منە.

**پۆلیسەکە:** گوایە ئامۆزاکەت بینیویەتی کە شو فوی دەلاک بە مەکینەی قژلوولکردنەکە لە ئاوفرۆشەکەی داوە. ئێوە هیچی لەبارەوە دەزانن؟

**شوی تا:** تەنیا ئەوەندە دەزانم، کە ئامۆزاکەم خۆی لەو شوێنە نەبووە کاتێ ئەو شتە ڕووی داوە.

**ڤانگ:** ئەمە بەدحاڵیبوونە! با یەکەم جار شێن تێ لێرە ئامادە بێ، هەموو شتێک ڕوون دەبێتەوە. شێن تێ شایەدی هەموو شتێک دەدا. لە کوێیە؟

**شوی تا:** (بە جیدی): بەڕێز ڤانگ، ئێوە خۆتان بە هاوڕێی ئامۆزاکەم ناوزەد دەکەن. ئێستا ئامۆزاکەم خەم و پەژارەی زۆرە. لەلایەن هەموانەوە سامناکانە بەکار هێنراوە. لە داهاتوودا ناتوانێ ڕێ بە بچووکترین لاوازیی خۆی بدا. من دڵنیام، ئێوە داوای ئەوە ناکەن، بە تەواوی ماڵی خۆی وێران بکا، بەوەی لە کەیسەکەی ئێوەدا شتێکی تر وەکو ڕاستی بڵێ.

**ڤانگ:** (بە شپرزەییەوە): بەڵام من بە ڕاوێژی ئێوە چووم بۆ لای دادوەر.

**شوی تا:** دادوەر دەبێ دەستت چاک بکاتەوە؟

**پۆلیسەکە:** نەخێر. بەڵام دەبێ وا لە سەرتاشەکە بکات پارە بدا.

(جەنابی شو فو وەردەچەرخێتەوە)

**شوی تا:** بەڕێز ڤانگ، یەکێک لە پرەنسیپەکانم ئەوەیە، دەست وەرنەدەمە شەڕی نێوان هاوڕێکانم. (شوی تا خۆی لە بەردەم جەنابی شو فودا دادەچەمێنێتەوە، ئەویش خۆی بە پشتدا دادەچەمێنێتەوە)

**ڤانگ:** (پەڕۆکەی دەستی دەکاتەوە و لە شوێنی خۆی دای دەنێتەوە. خەمبارە): تێ دەگەم.

**پۆلیسەکە:** ئێستا دەتوانم بڕۆم. بە سەختەکارییەکەتەوە تووشی یەکێکی هەڵە بووی، واتە تووشی پیاوێکی ڕێکوپێک بووی. زەلام، جاری داهاتوو بە سکالاکانتەوە ئاگەدار بە. ئەگەر بەڕێز شو فو بەزەیی نەخاتە پێشی یاساوە، لەوانەیە لەسەر بوختان بخرێیتە زیندانەوە. ئێستا بڕۆ!

(هەردووکیان دەڕۆن)

**شوی تا:** تکا دەکەم، لەم پێشهاتە ببوورن.

**جەنابی شو فو:** ئەو بێتاوانە. (بە جەغدەوە). شتەکەی "ئەو کەسە دیاریکراوە" (ئاماژە بۆ ملپێچەکەی دەکا) بە ڕاستی بەسەرچووە؟ هەر بە یەکجاری بەسەرچووە؟

**شوی تا:** بە تەواوی. مەبەستەکانی ئاشکران. بێگومان، کاتی دەوێ هەتا هەموو شتێک لە بیر دەچێتەوە.

**جەنابی شو فو:** مرۆڤ ئاگەدار دەبێ، وریا.

**شوی تا:** ئەو برینانە تازەن.

**جەنابی شو فو:** سەفەر بۆ لادێ دەکا.

**شـوی تا:** چەند هەفتەیەک. کەیفخۆش دەبێ ئەگەر پێشـووتر بتوانێ لەگەڵ یەکێکدا متـمانەی پێی هەبێ باسی ئەو هەموو شـتانە بکات.

**جـەنابی شـو فـو:** لە کـاتی خـواردنی شـێـوێکی بچـووکـدا، لە چێشتخانەیەکی بچووک بەڵام باشدا.

**شـوی تا:** بە شـێـوەیەکی نهێنی. مـن بە پەلە دەڕۆم ئامـۆزاکـەم ئاگـەدار دەکـەمـەوە. ئاقـڵانە خـۆی پێـشـان دەدا. لەبـەر دوکـانەکـەی زۆر شڵەژاوە، چونکە وەکو دیاریی خواوەندەکان سەیری دەکا. چەند دەقەیەک سەبر بکەن. (دەچێتە ژوورەکەی پشتەوە)

**شین:** (سەر بە ژووردا دەکا): دەتوانین پیرۆزباییتان لێ بکەین؟

**جەنابی شو فو:** دەتوانن. شین خان بە داڵدەدراوەکانی خاتوو شێن تێ ڕابگەیەنە، کـە من لە پشـتی خـانووەکـانی پشـتی تەویلەکـەوە پەناگەیان دەدەمێ.

(بە بزەخەنەوە سەری دەلەقێنێ)

(بە دەم هەسـتـانەوە، ڕوو لە بینەران دەکـا): خـوشک و برایان، ئێـوە من چۆن دەبینن؟ مـرۆڤ دەتوانێ لەوە زیاتر بکـات؟ مـرۆڤ دەتـوانێ لـەوە زیـاتر خــۆبـەخــتـکـەر بـێ؟ هەسـت نـاسکتــر؟ دووربینتـر؟ شـێـوێکی بچـووک! مـرۆڤ بە گـشـتی چۆن بیـر لە شـتێکی بازاڕی و ناقۆڵا دەکاتەوە! هیچ لەو شـتانە ڕوو نادات، هیـچ. دەســتی بـەر گـیــانی نـاکــەوێ، تـەنانـەت بە ڕووکــەش ڕێککەوتیش، لە کاتی خـوێدان دانە دەسـتدا! تەنیا گـۆڕینەوەی بیـرۆکە ڕوو دەدا. دوو ڕۆح یەکتـر دەدۆزنەوە، بەسـەر گـوڵەکـانی سـەر مێـزەکـەوە، گـوڵە داوودیی سـپی. (ئەمـە یاداشت دەکـا).

نەخێر، لێرەدا بارودۆخێکی نەهامەتی بە کار ناهێنرێ، لێرەدا قازانج لە نائومێدی دەکرێ. تێگەیشتن و کۆمەک دەخرێنە ڕوو، بەڵام تا ڕادەیەک بێـــدەنگ. لەوانەیە تەنیـــا بە نیگایەک پێی بزانرێ، نیگایەک، کە لەوانەشە زۆرتر بگەیەنێ.

**شین:** بەڕێز شو فو، هەموو شتێک بە ئارەزووی دڵ گوزەرا؟

**جەنابی شو فو:** ئاه، بە تەواوی بە ئارەزووی دڵ! لەوانەیە گۆڕانکاری لەم دەوروبەرەدا بێـــتـــە ئاراوە. زاتێک وەدەر نراوە چەند بەسەرداداتێکیش بەسەر ئەم دوکانەدا نسکۆیان پێ دەهێنرێ. هەندێ خەڵک کە شەرمیان بە خۆیاندا نایەت، ناوبانگی ئەم کچە بەحورمەتە خراپ بکەن لە داهاتوودا ڕووبەڕووی من دەبنەوە. ئێوە چی لەبارەی ئەم یانگ سونەوە دەزانن؟

**شین:** ئەو پیسترین، تەمەڵترین ...

**جەنابی شو فو:** ئەو هیچ نییە. ئەو بوونی نییە. ئەو لە ئارادا نییە، شین.

(سون دێتە ژوورەوە)

**سون:** چی بووە؟

**شین:** بەڕێز شو فو، حەز دەکەن جەنابی شوی تا بانگ بکەم؟ ئەو حەز ناکا کە خەڵکی نامۆ لە دوکانەکەدا بێن و بچن.

**جەنابی شو فو:** خاتوو شێن تێ گفتوگۆیەکی گرینگی لەگەڵ جەنابی شوی تادا هەیە، کە نابێ بپچڕێنرێ.

**سون:** چی، لێرەیە؟ من نەمبینی بێتە ژوورەوە! ئەمە چ گفتوگۆیەکە؟ دەبێ منیش بەشدار بم!

**جەنابی شو فو:** (ڕێی لێ دەگرێ بچێتە ناو ژوورەکەی پشتەوە): بەڕێزم، دەبێ سەبر بگرن. من بیر دەکەمەوە دەزانم ئێوە کێن. ئەوە بزانە، کە خاتوو شێن تێ و من خەریکی بەیانکردنی شیرینیی خواردنەوەمانین.

**سون:** چی؟

**شێن:** ئەمە سەرت دەسووڕمێنێ، وا نییە؟

(سون زۆرانبازی لەگەڵ سەرتاشەکەدا دەکا بۆ ئەوەی بچێتە ژوورەکەوە، شێن تێ دێتە دەرەوە)

**جەنابی شو فو:** ببوورە، شێن تێی ئازیز. لەوانەیە ڕوونی بکەنەوە...

**سون:** شێن تێ، چی بووە؟ شێت بوویتە؟

**شێن تێ:** (بە دەم هەناسەبڕکێوە): سون، ئامۆزاکەم و جەنابی شو فو ڕێک کەوتوونە، کە گوێ لە بیرۆکەکانی جەنابی شو فو بگرم، مرۆڤ چۆن دەتوانێ یارمەتیی خەڵکەکەی ئەم ناوچەیە بدات. (پشوو). ئامۆزاکەم دژی پێوەندیی من و تۆیە.

**سون:** تۆیش ڕازیت؟

**شێن تێ:** بەڵێ.

(پشوو)

**سون:** پێیان وتی کە من مرۆڤێکی خراپم؟

(شێن تێ قسە ناکا)

شێن تێ لەوانەیە من خراپ بم. هەر لەبەرئەوەشە من پێویستم بە تۆیە. من مرۆڤێکی نزمم. بەبێ سەرمایە، بەبێ ڕەفتار. بەڵام من بەرگری لە خۆم دەکەم. تۆ تووشی نەهامەتی دەکەن، شێن تێ. (دەچێ بۆ لای شێن تێ، بە خەمگینییەوە). سەیری کە! چاو لە

سەرتدا نییە؟ (دەستی دەخاتە سەرشانی). ئاژەڵی داماو، ئێستا دەیانویست دیسان تووشی چیت بکەن؟ بۆ هاوسەرکارییەکی عاقڵانە! بەبێ من سووک و سانا بۆ قەسابخانە پەلکێشتیان دەکرد. خۆت بیڵێ، ئاخۆ تۆ بەبێ من لەگەڵی دەڕۆیشتی؟

**شێن تێ:** بەڵێ.

**سون:** لەگەڵ پیاوێک کە تۆ خۆشت ناوێ!

**شێن تێ:** بەڵێ.

**سون:** هەموو شتێکت لە بیر چووەتەوە؟ لە بیرت چووەتەوە کە باران دەباری؟

**شێن تێ:** نەخێر.

**سون:** کاتێ لقەکەت بڕییەوە و ڕزگارت کردم، کە تۆ پەرداخێک ئاوت بۆ کڕیم، کە پەیمانی پارەت پێ دام، کە جارێکی تر دەتوانم فڕۆکەوانی بکەم؟

**شێن تێ:** (هەڵدەلەرزێ): چیت دەوێ؟

**سون:** کە تۆ لەگەڵمدا بێی.

**شێن تێ:** بەڕێز شو فو، بمبوورن، من دەمەوێ لەگەڵ سوندا بڕۆم.

**سون:** دەزانن، ئێمە یەکترمان خۆش دەوێ. (سون شێن تێ دەباتە لای دەرگەکەوە). کلیلی دوکانەکە لە کوێیە؟ (کلیلەکە لە گیرفانی شێن تێ دەردەهێنێ و دەیداتە شین). ئەگەر تەواو بوونە بیخەرە سەر ئاستانەی دەرگەکە. شێن تێ، وەرە.

**جەنابی شو فو:** بەڵام ئەمە زۆر گیرکردنە! (بۆ دواوە هاوار دەکا). بەڕێز شوی تا!

**سون:** پێی بڵێ لێرە هاتوهاوار نەکا.

**شێن تێ:** بەڕێز شو فو، تکایە بانگی ئامۆزاکەم مەکە. من دەزانم ئەو لەگەڵ مندا هاوڕا نییە. بەڵام من هەست دەکەم ئەو لەسەر هەق نییە. (ڕوو لە بینەران دەکا): دەمەوێ لەگەڵ ئەو کەسەدا بڕۆم کە خۆشم دەوێ.

نامەوێ حسێبی ئەوە بکەم چەندی تێ دەچێ.
نامەوێ بیر لەوە بکەمەوە ئاخۆ ئەمە شتێکی باشە.
نامەوێ بزانم، ئاخۆ ئەو منی خۆش دەوێ.
دەمەوێ لەگەڵ ئەو کەسەدا بڕۆم کە خۆشم دەوێ.

**سون:** ڕاستە.

(هەردووکیان دەڕۆن)

## نمایشی ناوبڕ

لە بەردەم پەردەدا

شێن تێ بە جلوبەرگی بووکێنییەوە بەڕێوەیە بەرەو زەماوەند، ڕوو لە بینەران دەکا

**شێن تێ:** شتێکی سامناکم بەسەر هات. کاتێ لە دەرگەکە چوومە دەرەوە، کەیفخۆش و دڵ پڕ لە خۆزگە، ژنە پیرەکەی فەرشفرۆشەکە لەسەر جادە وەستابوو و بە دەم هەڵلەرزینەوە بۆی گێڕامەوە، مێردەکەی لەبەر شڵەژاویی خەمی پارەکەیەوە، کە بە قەرز پێیان دام، نەخۆش کەوتووە. ئەو بە باشترین شتی دەزانی، کە من ئێستا بەهەرحاڵ پارەکەیان بدەمەوە. بێگومان من پەیمانم پێ دان. زۆر باری سووک بوو و بە دەم گریانەوە خۆزگەی ژیانێکی بەختەوەری بۆم خواست، بە دەم داواکردنی

لێبووردنەوە، کە ناتوانن متمانە بە ئامۆزاکەم و بە داخەوە بە سونیش ناکەن. دەبوو لەسەر پایەکە دانیشم کاتێ ڕۆیشت، ئەوەندە لە خۆم نیگەران بووم. لە پشێویی هەستدا باوەشم بە یانگ سوندا کرد. نەمتوانی بەرهەڵستیی دەنگ و دەست پێداهێنانەکانی بکەم. ئەو چەپەڵییەی بە شوی تای وتبوو نەیتوانی شێن تێ فێر بکا. لە ئامێزیدا ون بووم، بیرم کردەوە: خواوەندەکان ویستیان من لەگەڵ خۆیشم باش بم.

نەهێڵم کەس ماڵوێران ببێ، خۆیشم نا.

هەموو کەسێک کامەران کەم، من خۆیشم، ئەمەش شتێکی باشە.

چۆن توانیم ئەو دوو پیرە باشە لە بیر بکەم! سون وەکو ڕەشەبایەک دوکانەکەمی بە ئاراستەی پەکین برد و لەگەڵیشیدا هەموو هاوڕێکانم. بەڵام ئەو مرۆڤێکی خراپ نییە و منی خۆش دەوێ. هەتا لەگەڵیدا بم هیچ خراپ ناکا. ئەوەی پیاوێک بە پیاوی تری دەڵێ هیچ مانای نییە. لەبەرئەوەی دەیەوێ گەورە و بەهێز دەرکەوێ و بە تایبەتی دڵڕەق. کە بڵێم کە ئەو دوو پیرە ناتوانن باجەکەیان بدەن، لە هەموو شتێک تێ دەگا. پێی خۆشترە بچێتە کارگەی چیمەنتۆ وەکو لەوەی فڕینەکەی لە ڕێی کارێکی ناقۆڵاوە بێ. بێگومان فڕین لەلای ئەو عەشقێکی گەورەیە. ئاخۆ دەتوانم ئەوەندە بەهێز بم، چاکەی تێدا بێدار بکەمەوە؟ ئێستا بە ڕێگەوە بەرەو زەماوەند، لە نێوان ترس و خۆشحاڵیدا دێم و دەچم. (خێرا دەڕوا)

٦

## ژووری پشتەوەی چێشتخانەیەکی هەرزان
## لە کەناری شار

گارسۆنێک شەراب بۆ میوانانی زەماوەند تێ دەکا. باپیرە، براژن، خوشکەزا، شین و بێکارەکە لەلای شێن تێوە وەستاون. لە گۆشەیەکدا ڕەبەنێکی بودی بە تەنیا وەستاوە. لە پێشەوە سون لەگەڵ دایکی، یانگ خان قسە دەکا. سون قاتی ئاهەنگی لەبەردایە.

**سون:** دایە شتێکی ناخۆش. ئێستا لە بێگوناهیی خۆیدا پێی وتم کە ناتوانێ لەبەر من دوکانەکە بفرۆشێ. خەڵکگەلێک داواکاری بەرز دەکەنەوە، لە بەر ئەوەی دووسەد دۆلاری زیویان بە قەرز پێی داوە، کە ئەویش دای بە تۆ. ئامۆزاکەی دەڵێ، هیچ شتێکی نووسراو لە ئارادا نییە.

**یانگ خان:** چیت وەڵام دایەوە؟ بێگومان تۆ ناتوانی بیخوازی.

**سون:** سوودی نییە لەگەڵیدا باسی شتێکی وا بکرێ، زۆر کەللەڕەقە. هەواڵم ناردووە ئامۆزاکەی بێت.

**یانگ خان:** بەڵام ئەو دەیەوێ سەرتاشەکە بیخوازێ.

**سون:** ئەم خواستنەم لە کۆڵ کردەوە. سەرتاشەکە وەکو لە سەربان فڕێی بدەیتە خوارەوە وا بوو. ئامۆزاکەی هەر زوو تێ دەگا، کە

دوکانەکە فرۆشراوە، ئەگەر دووسەدەکە نەدەمەوە، چونکە ئەمجا خاوەن قەرزەکان دەست بە سەر دوکانەکەدا دەگرن، بەڵام ئیشەکەش لە دەست دەچێ، ئەگەر سێسەد دۆلارەکەم نەدەنێ.

**یانگ خان:** لە بەردەم چێشتخانەکەدا چاو دەگێڕم. سون، ئێستا تۆ بڕۆ بۆ لای ژنەکەت!

**شین تێ:** (لە کاتی شەراب تێکردندا ڕوو دەکاتە بینەران): من لە هەڵسەنگاندنی ئەودا بە هەڵەدا نەچووبووم. بە هیچ جۆرێک نائومێدیی پێشان نەدا. لەگەڵ ئەو نسکۆ گەورەیەدا کە بۆ ئەو دەستبەردار بوون لە فڕۆکەوانی دەگەیەنێ، بە تەواوی کەیفی خۆشە. زۆر خۆشم دەوێ. (دەست بۆ سون بەرز دەکاتەوە). سون، پەرداخەکەت بە پەرداخی بووکدا نەداوە!

**سون:** بە خۆشی چی بیکەین؟

**شین تێ:** بە خۆشیی پاشەڕۆژ.

(شەراب دەخۆنەوە)

**سون:** کە جلی ئاهەنگی زاوا ئیتر تەنیا بە قەرز نەهێنرابێ!

**شین تێ:** بەڵام کە جلی بووک هێشتا جاروبار بکەوێتە ناو بارانەوەوە!

**سون:** بە هەموو شتێکی کە ئێمە ئارەزووی دەکەین!

**شین تێ:** کە زوو بەدی بێت!

**یانگ خان:** (لە کاتی ڕۆیشتندا ڕوو دەکاتە شین): من بە کوڕەکەم شاگەشکەم. من هەموو کات پێم وتووە، کە هەموو کەسێکی دەست دەکەوێ. لەبەرئەوەی ئەو وەکو میکانیکی و فڕۆکەوان وانەی خوێندووە. ئەی ئێستا ئەو چیم پێ دەڵێ؟ دەڵێ، دایە من

به خـۆشـەویسـتی ژن دەهێنم. پارە هەمـوو شـتێک نیـیـە. ئەم هاوسەرکارییە لە خۆشەویستییەوەیە! (بە براژن): دەبێ جارێک ڕوو بدا، وانییـە؟ بەڵام بۆ دایک زەحـمـەتە، زەحـمـەتە. (ئاوڕ بۆ دواوە لە ڕەبەنە بوودییەکە دەداتەوە): بە کورتی مەیبـڕێننەوە. ئەگەر ئەوەندەی کاتتان بۆ مامەڵەی پارەکە هەیە بۆ تەدارەکەش هەتانبێ، شایان دەبێ. (بە شێن تێ): ئازیزەکەم، ئێمـە دەبێ کەمێ دوای خەین. یەکێک لە بەنرختـرین میوانەکان هێشتا نەگەیشتووە. (بە هەمووان)، تکایە، ببوورن. (دەڕوا).

**براژن:** هەتا شەراب هەبێ، مرۆڤ بە خۆشحاڵییەوە سەبر دەکا. (دادەنیشن)

**بێکارەکە:** مرۆڤ هیچی لە دەست ناچێ.

**سـون:** (بە دەنگی بەرز و گاڵتەوە لە بەردەم مـیوانەکاندا): دەبێ پێش گواستنەوەت ئەزموونێکت لەگەڵدا بکەم. ئەمە ناپێویست نییە، ئەگەر بڕیاری زەماوەندی وا خێرا بدرێ. (بە میوانەکان): من خـۆ هەر نازانم، چۆن ژنێک دەهێنم. ئەمـە نیگەرانم دەکـا. بۆ نموونە دەتوانی بە سێ گەڵای چا پێنج پیاڵە چا لێ نێی؟

**شێن تێ:** نەخێر.

**سـون:** کـەواتە چام نادرێتێ. دەتوانی لەسـەر دۆشـەکـێکی پـووش بە گەورەیی ئەو کتێبەی ڕەبەنەکە دەیخوێنێتەوە بخەوی؟

**شێن تێ:** هەردووکمان؟

**سون:** بە تەنیا.

**شێن تێ:** دە ناتوانم.

**سون:** من دڵەخورپێم پێ کەوتووە چۆن ژنێکم تووش دەبێ.

(هەمــوو پێ دەکــەنن. لە پشــتی شــێن تێــوە یانگ خــان لە دەرگەکەوە دەردەکەوێ. بە شان هەڵتەکاندن ئاماژە بۆ سون دەکا، کە میوانە چاوەڕوانکراوەکە دیار نییە)

**یانگ خان:** (بە ڕەبەنە بودییەکە، کە سەعاتەکەی پێشان دەدا): ئەوەندە پەلەت نەبێ. تەنیا چەند دەقەیەکی تر. دەبینم، خەڵکی دەخۆنەوە و جگەرە دەکێشن و کەس پەلەی نییە.

(لەلای میوانەکان دادەنیشێ)

**شـێن تێ:** بەڵام ئێمە نابێ باسی ئەوە بکەین، چۆن شتەکانمان ڕێک بخەین؟

**یانگ خــان:** ئاه، تکایە ئەمــڕۆ باسی ســەودا و مــامــەڵە مــەکــەن! سەدایەکی ئەوەندە ناوازە دەخاتە ناو ئاهەنگەوە، وا نییە؟

(زەنگی دەرگە لێ دەدا، هەموو سەیری دەرگەکە دەکەن، بەڵام کەس نایەتە ژوورەوە)

**شێن تێ:** سون، دایکت چاوەڕێی کێ دەکا؟

**سون:** دەبێ بۆ تۆ ببێتە موفاجەئە. شوی تای ئامۆزات چی دەکا؟ من نێوانم لەگەڵیدا زۆر باش بوو. مرۆڤێکی ژیرە! مێشکێکی پێوەیە! بۆچی هیچ ناڵێی؟

**شێن تێ:** نازانم. من نامەوێ بیر لەو بکەمەوە.

**سون:** بۆچی نا؟

**شـێن تێ:** لەبەرئەوەی تۆ نابێ نێوانت لەگەڵیدا خۆش بێ. ئەگەر تۆ منت خۆش بوێ، ناتوانی ئەوت خۆش بوێ.

**سون:** ده به لەعنەتی سێ شەیتان بێت: شەیتانی شکان، شەیتانی تەم و شەیتانی کەمیی گاز. کەللەڕەق بخۆرەوە! (زۆری لێ دەکا)

**براژن:** (بە شین): ئەم ماستە موویەکی تێدایە.

**شین:** چاوەڕوانی شتێکی ترت دەکرد؟

**ڕەبەنەکە:** (شێلگیرانە دەچێ بۆ لای یانگ خان، سەعاتەکەی لە دەستدایە): یانگ خان، من دەبێ بڕۆم. دەبێ بچم بۆ زەماوەندێکی تر و بەیانی زوو دەبێ لە ناشتنی مردوویەکدا ئامادە بم.

**یانگ خان:** لەو بڕوایەدان من پێم خۆشە کە هەموو شتێک دوا بخرێ؟ ئێمە ئومێدمان ئەوە بوو سوراحییەک شەراب بەش بکا. ئێوە ئێستا دەبینن، خەریکە چۆڕی لێ دەبڕێ. (بە دەنگی بەرز بە شێن تێ): شێن تێی ئازیز، من تێ ناگەم، بۆچی ئامۆزاکەت ئەوەندە دوا دەکەوێ!

**شێن تێ:** ئامۆزاکەم؟

**یانگ خان:** بەڵام ئازیزەکەم، ئێمە خۆ چاوەڕوانی ئەوین. من ئەوەندە نەریتگەرم بڵێم، کە خزمێکی ئەوەندە نزیکی بووک دەبێ لە زەماوەندەکەدا ئامادە بێ.

**شێن تێ:** ئۆی، سون، لەبەر سێسەد دۆلارە زیوەکەیە؟

**سون:** (بەبێ ئەوەی سەیری بکا): خۆت گوێت لێیە، لەبەر چییە. ئەو نەریتگەرە. من ڕەچاو دەکەم. تەنیا چارەکە سەعاتێک چاوەڕێ دەکەین، ئەگەر نەهات، لەبەرئەوەی سێ شەیتانەکە چوونەتە کەوڵی، ئێمە دەیگرین!

**یانگ خان:** هەمووان دەزانن، کە کوڕەکەم دەبێ کارێکی وەکو فرۆکەوانیی پۆستی بدرێتێ. ئەمەم زۆر پێ خۆشە. لەو کاتانەدا دەبێ داهاتی زۆر بێ.

**براژن:** گوایە ئیشەکەی لە پەکینە، وا نییە؟

**یانگ خان:** بەڵێ، لە پەکینە.

**شێن تێ:** سون، دەبێ بە دایکت بڵێی، کە ئەوەی پەکین هیچی لێ شین نابێ.

**سون:** ئامۆزاکەت پێی دەڵێ، ئەگەر ئەویش وەکو تۆ بیر بکاتەوە. لە نێوان خۆماندا بێ: من وا بیر ناکەمەوە.

**شێن تێ:** (بە پەشۆکاوییەوە): سون!

**سون:** چەند ڕقم لەم سێچوانە دەبێتەوە! چۆن شارێکە! دەزانی من هەموویان چۆن دەبینم، کاتێ چاوم نیوە دادەخەم؟ وەکو ئەسپ. بە خەم و خەفەتەوە سەریان بەرز دەکەنەوە: ئەوە چییە بە سەریانەوە دەگرمێنێ؟ چۆن مرۆڤ پێویستی پێیان نەماوە؟ چۆن کاتەکەیان بە سەرچووە؟ هەتا مردن دەتوانن لە شاری ئەسپاندا قەپ لە خۆیان بگرن! ئاخ، بەس لێرە دەرچوومایە!

**شێن تێ:** بەڵام گفتم بە پیرەمێرد و پیرێژنەکە داوە پارەکەیان بدەمەوە.

**سون:** بەڵێ، ئەوەت پێ وتم. لەبەرئەوەی تۆ ئەو گەمژەییانە دەکەی، باشە کە ئامۆزاکەت بێت. بخۆرەوە و واز لە سەودا و مامەڵە بێنە بۆ ئێمە! ئێمە ئەمە ڕایی دەکەین.

**شێن تێ:** (بە پەشۆکاوییەوە): بەڵام ئامۆزاکەم ناتوانێ بێت!

**سون:** ئەمە مانای چییە؟

**شێن تێ:** لەوێ نەماوە.

**سون:** دەتەوێ پێم بڵێی چۆن بیر لە پاشەڕۆژمان دەکەیتەوە؟

**شێن تێ:** من وام بیر کردەوە، تۆ هێشتا دووسەد دۆلارە زیوەکەت ماوە. سبەی دەتوانین بیدەینەوە و جگەرەکان بهێڵینەوە، کە نرخی زیاترە و بە یەکەوە لە بەردەم کارگەی چیمەنتۆدا بیفرۆشین، لەبەرئەوەی ناتوانین کرێی شەش مانگەکە بدەین.

**سون:** لە بیری کە! خوشکە، خێرا ئەوە لە بیر کە! من لەسەر جادە ڕاوەستم و تووتن بە هەرزان بە کرێکارانی چیمەنتۆ بفرۆشم، من، یانگ سونی فڕۆکەوان! پێم خۆشە دووسەدەکە بە شەوێک بەفیڕۆ بدەم، پێم خۆشە فڕێی بدەمە جۆگەلەوە! ئامۆزاکەت دەمناسێ. لەگەڵ ئەودا ڕێک کەوتم کە سێسەدەکە بۆ زەماوەند بهێنێ.

**شێن تێ:** ئامۆزاکەم ناتوانێ بێت.

**سون:** من وام زانی ناتوانێ لە هیچ شوێنێک بمێنێتەوە.

**شێن تێ:** ئەو ناتوانێ لەو شوێنە بێ کە منی لێم.

**سون:** ئەمە چەند پڕ نهێنییە!

**شێن تێ:** سون، تۆ دەبێ ئەوە بزانی، ئەو هاوڕێی تۆ نییە. ئەوە منم کە خۆشم دەوێی. شوی تای ئامۆزام کەسی خۆش ناوێ. ئەو هاوڕێمە، بەڵام ئەو هاوڕێی هیچ هاوڕێیەکم نییە. ئەو بەوە ڕازی بوو کە تۆ پارەی پیرەمێرد و پیرێژنەکەت پێ درا، لەبەرئەوەی بیری لە ئیشی فڕۆکەوانییەکەی پەکین کردەوە. بەڵام سێسەد دۆلارە زیوەکەت بۆ زەماوەند بۆ ناهێنێ.

**سون:** ئەی لەبەرچی نایهێنێ؟

**شێن تێ:** (سەیری ناو چاوی دەکا): ئەو دەڵێ، تۆ تەنیا بلیتێکت بۆ پەکین کڕیوە.

**سون:** بەڵێ، ئەوە دوێنێ بوو، بەڵام سەیر کە، ئەمڕۆ دەتوانم چی پێشان بدەم! (نیوەی دوو کاغەز لە گیرفانی باخەڵی دەردەهێنێ). پێویست ناکا پیرێژنەکە بیبینێ. ئەمە دوو بلیتە بۆ پەکین، بۆ من و بۆ تۆ. لەو بڕوایەدای ئامۆزاکەت هێشتا دژی هاوسەرکارییەکە بێت؟

**شێن تێ:** نەخێر. ئیشەکە باشە. دوکانەکەشم نەماوە.

**سون:** لەبەر تۆ مۆبیلەکەم فرۆشت.

**شێن تێ:** لەوە زیاتر قسە مەکە! بلیتەکانم پێشان بدە! ترسێکی زۆرم هەیە، هەروا سووک و ئاسان لەگەڵ تۆدا بڕۆم. بەڵام سون، من ناتوانم سێسەد دۆلارە زیوەکەت بدەمێ، ئەی چی لە پیرەمێرد و پیرێژنەکە بکەم؟

**سون:** ئەی چی لە من دەکەی؟ (پشوو). باشترە بخۆیتەوە! یان لەوانەی کە ئاگەداری خۆیانن؟ من حەزم لە ژنی ئاگەدار نییە. کە بخۆمەوە جارێکی تر دەفرم. ئەی تۆ، ئەگەر بخۆیتەوە لەوانەیە لێم تێ بگەی.

**شێن تێ:** لەو بڕوایەدا مەبە من لێت تێ ناگەم. کە تۆ دەتەوێ بفڕی و من دەتوانم کۆمەکت بکەم.

**سون:** "ئازیزەکەم، ئەمە فڕۆکەیەکە، بەڵام تەنیا یەک باڵی هەیە!"

**شێن تێ:** سون، ئێمە ناتوانین بە ڕاشکاوی ئەو کارەی پەکینمان

دەست کەوێ. لەبەر ئەوە پێویستم بە دووسەد دۆلارە زیوەکە هەیە، کە من پێتم دا. سون، یەکسەر بمدەرەوە!

**سون:** "سون، یەکسەر بمدەرەوە!" ئەرێ تۆ باسی چی دەکەی؟ تۆ ژنی منی یان نا؟ چونکە تۆ خۆت دەزانی خیانەتم لێ دەکەی؟ مایەی بەختەوەرییە، بەختەوەریی تۆیش، پشت بە تۆ نابەستم، لەبەرئەوەی هەموو شتێک بڕاوەتەوە.

**یانگ خان:** (بە ڕەقییەوە): سون، تۆ دڵنیای کە ئامۆزاکەی بووکێ دێت؟ خەریکە وا دەردەکەوێ کە شتێکی دژی ئەم هاوسەرکارییە هەیە، لەبەرئەوەی نایەت.

**سون:** دایە تۆ چۆن بیر دەکەیتەوە! من و ئەو یەک دڵ و یەک گیانین. من بە تەواوی دەرگەکە دەدەمە سەرپشت، بۆ ئەوەی کە بە هەڵەداوان هات یەکسەر بماندۆزێتەوە، هەتا ببێتە برازاوای سونی هاوڕێی. (دەچێ بۆ لای دەرگەکە و بە پێی دەیکاتەوە. ئەمجا بە دەم لەتردانەوە دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی زۆری خواردووەتەوە و جارێکی تر لەلای شێن تێ دادەنیشێتەوە). چاوەڕێ دەکەین. ئامۆزاکەت لە تۆ ئاقڵترە، ئەو حەکیمانە دەڵێ، خۆشەویستی بەشێکە لە ژیان. لەمەش گرینگتر ئەوەیە، ئەو دەزانێ بۆ تۆ چی دەگەیەنێ: بەبێ دوکان و بەبێ هاوسەرکاری! (چاوەڕێ دەکەن)

**یانگ خان:** ئێستا!

(دەنگی هەنگاو دەبیسترێ و هەموو سەیری دەرگەکە دەکەن. بەڵام دەنگی هەنگاوەکان نامێنێ)

**شین:** ئەمە ئابڕووچوونە. مرۆڤ دەتوانێ هەستی پێ بکا، مرۆڤ

دەتوانێ بۆنی بکا. بووک چاوەڕوانی زەمـــاوەندە، بەڵام زاوا چاوەڕوانی ئامۆزایە.

**سون:** جەنابی ئامۆزا خۆی دوا دەخا.

**شێن تێ:** (بە دەنگی نزم)، ئۆی سون!

**سون:** لێرە بلیتەکانت لە گیرفاندایە و دانیشتووی و شێتێک لە تەکتەوە کە نازانێ حیساب بکات! من ئەو ڕۆژە دەبینم، کە تۆ پۆلیس دەنێریتە گیانم، بۆ ئەوەی دووسەد دۆلارە زیوەکەم لێ بستێنن.

**شێن تێ:** (ڕوو دەکاتە بینەران): ئەو مرۆڤێکی خراپە و دەیەوێ منیش مرۆڤێکی خراپ بم. من لێرەم کە خۆشم دەوێ و ئەو چاوەڕێی ئامۆزا دەکا. بەڵام مرۆڤە هەست ناسکەکان بە دەورمەوەن، پیرێژنەکە و مێردە نەخۆشەکەی، هەژارەکان، کە بەیانییان لە بەردەم دەرگە چاوەڕوانی برنجن، پیاوێکی نەناسیاوی خەڵکی پەکینیش، کە خەمی کارەکەیەتی. هەموویانیش دەمپارێزن، بەوەی هەموو متمانەیان پێمە.

**سون:** (چاو لە سوراحییە شووشەکە دەبڕێ، کە خەریکە شەرابی تێدا نامێنێ): سوراحییە شووشەکە بە شەرابەکەی ناویەوە سەعاتی ئێمەیە. ئێمە هەژارین، کە میوانەکانیش شەرابەکە بخۆنەوە کاتەکەمان بۆ هەموو کات بەسەر دەچێ.
(ئاماژە بۆ یانگ خان دەکەن کە بێدەنگ بێ، چونکە جارێکی تر دەنگی پێ دەبیسترێ)

**گارسۆنەکە:** (دێتە ژوورەوە): یانگ خان، فەرمانی سوراحییەکی تر شەراب دەکەن؟

**یانگ خان:** نەخێر، لەو بڕوایەدام، بەس بێ. شەراب تەنیا لەش گەرم دەکا، وا نییە؟

**شین:** گرانیشە.

**یانگ خان:** بەهۆی خواردنەوەوە هەموو کات ئارەق دەکەمەوە.

**گارسۆنەکە:** دەتوانم ئەمجا داوای حیسابەکە بکەم؟

**یانگ خان:** (گوێی لێ نابێ): تکا لە بەڕێزەکان دەکەم، کەمێکی تر سەبر بکەن، خزمەکە دەبێ بەڕێوە بێت. (بە گارسۆنەکە): ئاهەنگەکە تێک مەدە!

**گارسۆنەکە:** ناتوانم ڕێتان بدەم بڕۆن بەبێ ئەوەی حیسابەکە بدەن.

**یانگ خان:** بەڵام لێرە من دەناسن!

**گارسۆنەکە:** وایە.

**یانگ خان:** ئێستا خزمەت زۆر نابەجێیە! سون، تۆ چی دەڵێی؟

**ڕەبەنەکە:** من لە خزمەت مەرەخەس دەبم. (بە سەنگینی دەڕوا).

**یانگ خان:** (بێئومێد): هەموو بە ئارامی دانیشن! ڕەبەنەکە دوای چەند دەقەیەکی کەم دەگەڕێتەوە.

**سون:** دایە، لێ گەڕێ. بەڕێزەکانم، پاش ئەوەی ڕەبەنەکە ڕۆیشت، ئیتر ناتوانین ڕێتان لێ بگرین.

**براژن:** باپیرە، وەرە!

**باپیرە:** (بە جیدییەوە پەرداخەکەی فڕ دەکا): بە سەلامەتیی بووک!

**خوشکەزا:** (بە شین تێ): لێی مەگرن. ئەو بە میهرەبانییەوە دەیڵێ. خۆشی دەوێن.

**شین:** من بەمە دەڵێم شوورەیی!

(هەموو میوانەکان دەڕۆن)

**شێن تێ:** سون، منیش بڕۆم؟

**سون:** نەخێر، چاوەڕێ کە. (خشڵی بووکێنییەکەی شێن تێ ڕادەکێشێ، بە جۆرێک سون لابەلا دادەنیشێ). ئەمە زەماوەندی تۆ نییە؟ من چاوەڕانم و پیرێژنەکەش هێشتا چاوەڕوانە. ئەو حەز دەکا بازەکە لەنێو هەورەکاندا ببینێ. بێگومان من ئێستا خەریکە دەگەمە ئەو بڕوایەی، ئەوە هەرگیز ڕوو نادا، کە بچێتە بەر دەرگە و فڕۆکەکەی بەسەر خانووەکەدا گرمەی بێ. (ئاماژە بۆ جێیە خاڵییەکان دەکا، وەکو میوانەکان هێشتا لەوێ بن). خوشک و برایان، دەمەتەقێکان چییان بەسەرهات؟ ئێرەتان بەدڵ نییە؟ زەماوەندەکە لەبەر خزمە گرینگەکە تەنیا کەمێک دوا خراوە و لەبەرئەوەی بووکێ نازانێ، خۆشەویستی چییە. بۆ ئەوەی میوانەکان کاتێکی خۆش بەسەر بەرن، من، زاوا، گۆرانییەک دەڵێم. (گۆرانی دەڵێ)

گۆرانیی هەرگیز
ڕۆژێک لە ڕۆژان، خۆ هەموو کەسێک گوێی لەمە بووە
ئەوەی لە لانکێکی هەژارانەدا ڕاکشابوو
کوڕی ژنە هەژارەکە دێتە سەر عەرشی زێڕین
ئەو ڕۆژەش ناوی هەرگیزە.
لە ڕۆژی هەرگیزدا
لەسەر عەرشێکی زێڕین دانیشتووە.

لەو ڕۆژەدا چاکە جێی خۆی دەگرێ

خراپە دەبێتە هۆی ملپەڕاندن
لێهاتوویی و دەستکەوت ڕووی خۆیان خۆش دەکەن
نان و خوێ دەگۆڕنەوە.
لە هەرگیزدا
نان و خوێ دەگۆڕنەوە.

گیا لە ئاسمانەوە سەیری خوارەوە دەکا
زیخ و چەو بە ڕووباردا سەر بەرەوژوور خل دەبنەوە
مرۆڤ تەنیا باشە. بەبێ ئەوەی لەوە زیاتر بکا
زەوی دەبێتە بەهەشت.
لە ڕۆژی هەرگیزدا
زەوی دەبێتە بەهەشت.

لەو ڕۆژەدا دەبمە فڕۆکەوان
تۆش جەنەراڵی
پیاوە کات زۆرەکە لەو ڕۆژەدا کارت چنگ دەکەوێ
تۆش ژنی داماو ئارامیی خۆت دەبێ.
لە ڕۆژی هەرگیزدا
ژنی داماو ئارامیی خۆت دەبێ.

لەبەرئەوەی ناتوانین ئیتر چاوەڕوان بین
دەوترێ، ئەمە هەمووی
نەک لە شەودا سەعات حەوت و نیو یان هەشت
بگرە لە کاتی قووقەی کەڵەشێردا

له ڕۆژی هەرگیزدا
له کاتی یەکەم قووقەی کەڵەشێردا.

**یانگ خان:** ئەو ئیتر نایەت.

(هەرسێکیان دانیشتوونە و دووانیان سەیری دەرگەکە دەکەن).

## گەمەی ناوبڕ

کوخی شەوانەی ڤانگ

جارێکی تر خواوەندەکان دێنە خەونی ئاوفرۆشەکە. بەسەر کتێبێکی گەورەوە خەوی لێ کەوتووە. مۆسیقا.

**ڤانگ:** شتێکی باشە ئێوە هاتن، خاوەن شکۆ! مۆڵەتم پێ بدەن پرسیارێک بکەم، کە ئۆقرەی لێ بڕیوم. له کوخی ڕووخاوی قەشەیەکدا، کە ماڵی گواستووەتەوە و له کارگەیەکی چیمەنتۆدا بووەته کرێکاری غەشیم کتێبێکم دۆزییەوە و تێیدا شوێنێکی سەیرم بەدی کرد. دەمەوێ بۆتانی بخوێنمەوە. لێرەدا (به دەستی چەپی له کتێبێکی خەیاڵیدا بەسەر کتێبەکەی که له باوەشیایەتی لاپەڕە هەڵدەداتەوە و ئەم کتێبە خەیاڵییە بۆ خوێندنەوە بەرز دەکاتەوە، له کاتێکدا کتێبە ڕاستەقینەکە دانراوە): "له سونگ شوێنێک هەیە ناوی دۆرنهاینە. لەوێ کاتئالپن، دارسەروو و دارتوو دەڕوێن. درەختەکان که ناوقەدیان بستێک یان دوو بست دەبێ، ئەو خەڵکانه دەیانبڕنەوە کە چیلکەیان بۆ قەفەزی سەگەکانیان پێویستە. ئەو درەختانەی ناوقەدیان سێ، چوار پێ دەبێ، لەلایەن ماڵباته خانەدان و دەوڵەمەندەکانەوە دەبڕێنەوە، که به دوای تەختەدا دەگەڕێن بۆ

دارەمەیتەکانیان. ئەو درەختانەی حەوت، هەشت پێ ناوقەدیانە لەلایەن ئەوانەوە دەبڕدرێنەوە کە بە دوای کاریتەدا بۆ ڤێلا نایابەکانیان دەگەڕێن. بەو جۆرە ناگەنە ساڵەکانی خۆیان، بگرە لە نیوەی ڕێگەدا دەبنە قوربانیی مشار و تەور. ئەمە دەردی بەکارهاتنە."

**سێیەم خواوەند:** بەڵام بێکەڵکترین دەبێتە باشترین.

**ڤانگ:** نەخێر، تەنیا کامەرانترین. خراپترین کامەرانترینە.

**یەکەم خواوەند:** چی شتێک دەنووسرێ!

**دووەم خواوەند:** ئاوفرۆش، بۆچی ئەم بەراوردە ئەوەندە بە قووڵی دەتهەژێنێ؟

**ڤانگ:** لەبەر شێن تێ، خاوەن شکۆ! لە خۆشەویستییەکەیدا نسکۆی هێنا، لەبەرئەوەی گوێڕایەڵی داواکاریی خۆشەویستی ئەوانی تر بوو. خاوەن شکۆ، لەوانەیە بە ڕاستی بۆ ئەم جیهانە باش بێ!

**یەکەم خواوەند:** قسەی هیچ! تۆ مرۆڤی لاوازی کڵۆڵ! بەوە دەچێ ئەسپێ و گومان نیوەی لەشتیان خواردبێ.

**ڤانگ:** بێگومان، خاوەن شکۆ! بمبوورە! من تەنیا بیرم کردەوە، کە ئێوە دەتوانن دەست لە کارەکە وەردەن.

**یەکەم خواوەند:** زۆر مەحاڵە. ئەم هاوڕێیەی ئێرەمان (ئاماژە بۆ سێیەم خواوەند دەکا، کە چاوی بە لێدان شین هەڵگەڕاوە) دوێنێ دەستی لە شەڕێک وەردا، تۆ خۆت ئەنجامەکەی دەبینی.

**ڤانگ:** بەڵام ئامۆزاکەی جارێکی تر دەبوو بانگ بکرێ. مرۆڤێکی زۆر کارامەیە، من خۆم بە چاوی خۆم بینیم، بەڵام ئەویش نەیتوانی

هیچ بکا. بەوە دەچێ دوکانەکە لە دەست چووبێ.

**سێیەم خواوەند:** (بە نائارامییەوە): لەوانەیە باشتر بێ یارمەتیی بدەین.

**یەکەم خواوەند:** من لەو بڕوایەدام، کە دەبێ خۆی خۆی کۆمەکی خۆی بکا.

**دووەم خواوەند:** (بە ڕەقی): هەتا باری خراپتر بێ ئەوەندە مرۆڤی چاک باشتر خۆی پێشان دەدا. ئازار مرۆڤ پاک دەکاتەوە!

**یەکەم خواوەند:** ئێمە هەموو ئومێدێکمان بەوە.

**سێیەم خواوەند:** لە گەڕانەکەماندا زۆر سەرکەوتوو نین. لێرە و لەوێ هەوڵی باش، ئامانجی دڵخۆشکەر، بنەماگەی بەرز، بەڵام ئەمانە هەمووی بەحاڵ دەتوانن مرۆڤێک پێک بهێنن. کە ئێمە مرۆڤی تا ڕادەیەک باشمان تووش دەبێ، ژیانێک ناژین شایستەی مرۆڤ بێ. (بە پەنهانی): بە تایبەتی کوخی شەوانەکە زۆر خراپە. بەو پووشانەی پێمانەوە نووساون دەتوانی ببینی چۆن شەوەکانمان دەگوزەرێنین.

**ڤانگ:** تەنیا شتێک، ناتوانن بەلای کەمەوە ...

**خواوەندەکان:** هیچ شتێک. ئێمە تەنیا چاودێرین. ئێمە لەو بڕوایەداین، کە مرۆڤە باشەکەمان لەسەر ئەم زەوییە ڕەشەدا دەردەبا. وزەی لەگەڵ بارەکەیدا زیاد دەکا. ئاوفرۆش، تەنیا چاوەڕوان بە، بەچاوی خۆت دەبینی، هەموو شتێکی باش ... (سیمای خواوەندەکان هەردەم کاڵتر دەبێتەوە، دەنگیان بەردەوام کزتر دەبێ. ئێستا ون دەبن و دەنگەکان نامێنن).

٧

## دالانێک لە پشتەوەی دوکانی جگەرەفرۆشییەکەی شێن تێوە

گالیسکەیەک چەند شتێکی ناومالّی کەمی بە سەرەوەیە. شێن تێ و شین جل لە تەنافێک دەکەنەوە.

**شین:** من تێ ناگەم، بۆچی ئێوە بە چەقۆ و بە دان بۆ دوکانەکەت تەقەلا نادەن.

**شێن تێ:** چۆن؟ من کرێکەشم نییە. چونکە دەبێ ئەو دووسەد دۆلارە زیوەی پیرەمێرد و پیرێژنەکە ئەمرۆ بدەمەوە، بەلام لەبەرئەوەی من بە کەسێکی ترم داوە، دەبێ جگەرەکەم بە مى تسوى خان بفرۆشم.

**شین:** کەواتە هەموو شتێک ئاو بردی! پیاوت نییە، جگەرەت نییە، دالّدەت نییە! ئەگەر یەکێک بیەوێ لە ئێمە باشتر بێ ئەمەی بە نسیب دەبێ. ئێستا دەتانەوێ بە چی بژین؟

**شێن تێ:** نازانم. لەوانەیە بتوانم بە تووتن بژارکردن تۆزێک پارەم دەست کەوێ.

**شین:** پانتۆڵەکەی جەنابی شوی تا لێرە چی دەکا؟ دەبێ بە ڕووتی لێرە ڕۆیشتبێ.

**شێن تێ:** پانتۆڵێکی تریشی هەیە.

**شین:** وام زانی وتتان بۆ هەتاهەتایە سەفەری کردووە؟ بۆچی

پانتۆڵەکەی بەجێ دەهێڵێ؟

**شێن تێ:** لەوانەیە پێویستی پێی نەمابێ.

**شێن:** نابێ هەڵگیرێ؟

**شێن تێ:** نەخێر

(جەنابی شو فو بە هەڵەداوان دێتە ژوورەوە)

**جەنابی شـو فو:** هیچ مەڵێن. هەمـوو شتێک دەزانم. ئێـوە ئەوینی خۆتان کردە قـوربانی بۆ ئەوەی ئەو پیرەژن و پیـرەمێردە، کـە متـمانەیان پێ کردی ماڵوێران نەبن. ئەوە خۆڕا نییە ئەم دەڤەرە، ئەم دەڤەرە بەدگومـان و بەدنـاکە ناوی "فریشتـەی قـەراغ شـارەکان"یان لێ ناوی. مارەبڕەکەت نەیتوانی بگاتە بەرزیی ئاکاریت، ئێوە ئەوتان بەجێ هێـشت. ئێـسـتـاش دوکـانەکـەتـان دادەخـەن، ئەم دوورگـە بچـووکـەی پەنادانە بۆ زۆر کـەس! من ناتوانم ببینـم. لە دەرگـەی دوکانەکـەمـەوە هەمـوو بەیانیـیـەک ئەو خـەڵکە کلـۆڵەم لە بەردەم دوکانەکتدا دەبینی و خۆشتم دەبینی برنج دابەش دەکەی. ئاخۆ دەبێ ئەمە بۆ هەموو کات کۆتاییی بێت؟ دەبێ ئێستا چاکە نغرۆ ببێ؟ ئاه، ئەگەر ڕێم بدەن لە کـارە باشـەکـەتدا کۆمـەکت بکەم! نەخێـر، هیچ مـەڵێـن! من دڵنیـاکـردنەوەم ناوێ. گفـتم ناوێ، کـە کـۆمـەکـەکـەم قـبـووڵ بـکەن! بەڵام ئەوە (دەفتـەرێکی چەکی پارە دەردەهێنێ و چەکـێک ئیـمـزا دەکـا، کـە بۆی دەخـاتـە سـەر عـەرەبانەکە) چەکـێکی خـاڵیـتـان بۆ ئیـمزا دەکـەم، کە ئێـوە بە ئارەزووی خـۆتان دەتوانن پڕی بکـەنەوە و ئەمـجـا بە بێـدەنگی و خاکەڕایی دەڕۆم، بەبێ داواکاریی بەرامبەر، لەسەر پەنجەی پێ، بە نەوازشەوە، خۆنەویستانە. (دەڕوا).

**شین:** (چەکەکە دەپشکنێ): ئێوە قورتارتان بوو! خەڵکی وەکو تۆ بەختتان هەیە! ئێوە هەموو کات گەمژەیەک دەدۆزنەوە. بەڵام ئێستا دەستی خۆت بوەشێنە! هەزار دۆلاری زیوی لەسەر بنووسە و من بە پەلە دەچم بۆ بانک، پێش ئەوەی ئەو بێتەوە سەر خۆی.

**شێن تێ:** سەبەتەی جلەکان بخەرە سەر عەرەبانەکە. دەتوانم حیسابی جلەکان بەبێ چەکی پارەکەش بدەم.

**شین:** چی؟ ناتانەوێ چەکەکە قبوولّ بکەن؟ ئەمە تاوانە! تەنیا لەبەرئەوەی ئێوە وا بیر دەکەنەوە، کە دەبێ شووی پێ بکەن؟ ئەمە تەنیا شێتییە. یەکێکی ئاوها دەیەوێ گاڵتەی پێ بکرێ! ئەوە لەزەت بە مرۆڤ دەبەخشێ. هێشتا هەر دەتانەوێ دەست بە فرۆکەوانەکەتانەوە بگرن، کە هەموو کۆڵانە زەردەکە و هەموو ئەم ناوچەیە دەزانن، چەند لەگەڵ ئێوەدا خراپ بووە؟

**شێن تێ:** هەموو شتێک لە تەنگەتاوییەوە سەرچاوەی گرتووە. (ڕوو دەکاتە بینەران): شەوان دەمبینی لە خەودا گووپەکانی پڕ بوونە: بەدناک بوون.
بەیانی چاکەتەکەیم دەخستە بەر ڕووناکییەکە، لە دیوارەکەوە دەرەوەم دەبینی.
کاتێ زەردەخەنە فێڵبازانەکەم دەبینی، ترسم لێ دەنیشت، بەڵام کاتێ پێڵاوە کون کونەکانم دەبینی، خۆشم دەویست.

**شین:** کەواتە ئێوە بەرگریی لێ دەکەن؟ شتی وا شێتانەم هەرگیز نەبینیوە. (بە تووڕەییەوە). من کاتێ دڵم ئاو دەخواتەوە، کە ئێوە لەم دەوروبەرە دەربهێنین.

**شـێن تێ** (لە کـاتی هەڵگرتنی جلەکـاندا لەتر دەدا): کـەمـێک سـەرم دەسوورێتەوە.

**شین** (جلەکـانی لێ وەردەگرێ): زۆرجـار بەرچاوتان تاریک دەبێ، کـاتێ خـۆتان درێژ بکەنەوە یان داچەمـێنەوە؟ ئەگـەر تەنیـا شـتـێکی بچووک بـەڕێوە نەبێ! (پێ دەکەنێ). ئەو باش هەڵی خـەڵەتاندی! ئەگـەر ئەمـە ڕوو بدات، چەکـەکە پـووچ دەبێ! بۆ هـەلێکی ئاوها بیری لێ نەکرابووەوە. (بە سـەبەتە جلەکەوە دەچێتە پشتەوە)

(شـێن تێ بەبێ جـووڵە لـە دوایەوە تەمـاشـای دەکـا. ئەمـجـا لە جەسـتـەی خۆی ورد دەبێتەوە، دەستی لێ دەدا، خۆشـییەکی زۆر لەسـەر ڕووی دەردەکەوێ)

**شـێن تێ** (بە دەنگی نزم): ئای خـۆشـنوودی! مـرۆڤـێکی بچـووک لە جـەسـتـەمـدا سـەر هەڵدەدا. هێشـتـا هیچ نابینرێ. بەڵام لێرەیە. جیـهـان بە پەنـهـانییەوە چاوەڕوانیـەتی. لە شـارەکـاندا دەوترێ: ئێـسـتـا یەکـێک دێت کـە مـرۆڤ دەبێ حـسـێبی بۆ بکا. (کـوڕە بچووکەکەی بە بینەران دەناسێنێ)

فڕۆکەوانێک!

سڵاو لە داگیرکارە نوێیەکەی چیا و دەڤەرە چەپەکان بکەن!

یەکێک نامە لە مرۆڤەوە بۆ مرۆڤ

بەسـەر بیاوانە تووشەکاندا دەبات!

(دەست بەوە دەکـا بێت و بچـێت و دەسـتـی کوڕە بچـووکەکـەی بگرێ) وەرە، کـوڕم، سـەیری دنیـا بکە. ئەوە درەخـتە، داچەمـەوە، سـڵاوی لـێ بکە. (داچەمـینەوەی پێـشـان دەدا). ئاوها، ئێـسـتـا یەکـتـر دەناسن. گوێ بگرە، ئەوە ئاوفرۆشـەکە دێت. هـاوڕێیـە،

تەوقەی لەگەڵ بکە. خەم مەخۆ. "تکایە، پەرداخێک ئاوی تازە بۆ کوڕەکەم. گەرمە." (پەرداخەکەی دەداتێ). ئاه، پۆلیسەکە! خۆمانی لێ لادەدەین. با چەند گێلاسێک لەوێ، لە باخچەکەی جەنابی فێ پونگی داراوە بهێنین. دەبێ نەبینرێین. وەرە، بێ باوک! تۆش گێلاست دەوێ! لەسەرخۆ، لەسەرخۆ، کوڕم! (بە ئاگەدارییەوە سەیری دەوروبەر دەکەن). نەخێر، لێرەوە، دەوەنەکە دەمانشارێتەوە. نەخێر، یەکسەر پەلاماری نەدەی، ناتوانی ئەوە بکەی، لەم حاڵەتەدا. (بەوە دەچێ شێن تێ ڕابکێشێ، بەرهەڵستیی دەکا). دەبێ ئاقڵ بین. (لە پڕ دەستبەردار دەبێ). باشە ئەگەر تۆ بتەوێ تەنیا پەلامariyان بدەی... (بەرزی دەکاتەوە). دەتوانی بگەیتە گێلاسەکان! بیخەرە دەمتەوە، لەوێ شوێنەکەیان باشە. (خۆی یەکێک دەخوا، کە ئەو کردوویەتییە دەمیەوە). تامی خۆشە. پۆلیسەکە بە لەعنەتی شەیتان بێت. ئێستا دەبێ ڕابکەین. (هەڵدێن) ئەمە جادەکەیە، ئێستا ئارام بە، لەسەرخۆ بڕۆ، بۆ ئەوەی نەکەوینە بەرچاو. وەکو هەر هیچ ڕووی نەدابێ... (بە دەم پیاسەوە لەگەڵ منداڵەکەدا گۆرانی دەڵێ)

هەڵووژەیەک بەبێ هۆ
هێرشی کردە سەر دەربەدەرێک
بەڵام پیاوەکە ناوازە گورج و گۆڵ بوو
گازی لە پشتەملی هەڵووژەکە گرت.

(ڤانگی ئاوفرۆش هاتووەتە ژوورەوە، دەستی منداڵێکی گرتووە. بە سەرسامییەوە سەیری شێن تێ دەکا)

**شێن تێ** (ڤانگ دەکۆکێ): ئاھ ڤانگ! ڕۆژباش.

**ڤانگ:** بیستم وەزعت باش نییە، کە تەنانەت دەبێ دوکانەکەت بفرۆشی بۆ ئەوەی قەرزەکانت بدەیتەوە، بەڵام ئەو منداڵە پەناگەی نییە. بە دەوری قەسابخانەکەدا سووڕایەوە. بەوە دەچێ منداڵی لین تۆی دارتاش بێت، کە پێش چەند هەفتەیەک دوکانەکەی لە دەست داوە و لەو کاتەوە شەراب دەخواتەوە. منداڵەکانی بە برسێتی دەسووڕێنەوە. چییان لێ بکەین؟

**شێن تێ** (منداڵەکەی لێ وەردەگرێ): وەرە، پیاوی بچووک! (ڕوو دەکاتە بینەران): هۆو، ئێوە! یەکێک داوای پەناگە دەکا.
نەوەیەکی سبەی بۆ ئەمڕۆ لێتان دەپارێتەوە!
هاوڕێکەی، داگیرکەرەکە، کە دەیناسێ
قسەکەری ئەوە.
(بە ڤانگ): ئەو دەتوانێ بەباشی لە کۆختەکانی جەنابی شو فودا بژی، منیش لەوانەیە بۆ ئەوێ بڕۆم. من خۆم منداڵێکم دەبێ. بەڵام بۆ کەسی باس مەکە، ئەگینا یانگ سون دەیبیستێتەوە و ئەو پێویستی بە ئێمە نییە. لە خوارووی شار بە دوای لین تۆدا بگەڕێ و پێی بڵێ، با بێت بۆ ئێرە.

**ڤانگ:** زۆر سوپاس، شێن تێ. من دەمزانی تۆ شتێک دەدۆزیتەوە. (بە منداڵەکە): دەبینی، مرۆڤی باش هەموو کات ڕێگەچارەیەک پێ دەزانێ. خێرا دەڕۆم و باوکت دەدۆزمەوە. (دەیەوێ بڕوا)

**شێن تێ:** ئای ڤانگ، ئێستا بیرم دەکەوێتەوە: دەستت چۆنە؟ ویستم شایەتیت بۆ بدەم، بەڵام ئامۆزاکەم ...

**ڤانگ:** خەمی دەستی منت نەبێ. سەیرکە، فێر بووم بەبێ دەستە

ڕاستم دەربەرم. خەریکە پێویستم پێی نامێنێ. (پێشانی دەدا، چۆن دەتوانێ بەبێ دەستی ڕاستیشی ئامێرەکەی بەکار بهێنێ.) سەیرکە، من چۆنی دەکەم.

**شین تێ:** بەڵام نابێ دەستت ڕەق ببێ! ئەم عەرەبانەیە ببە، هەمووی بفرۆشە و بە پارەکەی برۆ بۆ لای دوکتۆر. من شەرم دەکەم، کە لەلای تۆ نسکۆم هێنا. ئەی دەبێ چۆن بیرت کردبێتەوە کە کۆختەکەم لە سەرتاشەکە وەرگرت!

**ڤانگ:** ئێستا بێنەواکان دەتوانن لەوێ بژین، یان تۆ خۆت، ئەمە لە دەستم گرینگترە. من ئێستا دەچم دارتاشەکە دەهێنم. (دەڕوا)

**شین تێ:** (بە دوایدا بانگی دەکا): گفتم بدەرێ، کە لەگەڵمدا دێی بۆ لای دوکتۆر!

(شین گەڕاوەتەوە و بەردەوام دەستی بۆ ڕادەوەشێنێ)

**شین تێ:** چییە؟

**شین:** شێت بوونە، عەرەبانەکەش بە هەموو شتەکانی سەریەوە، چیی ترتان هەیە بیکەنە دیاری؟ دەستی چی پێوەندیی بە ئێوەوە هەیە؟ ئەگەر سەرتاشەکە پێ بزانێ، لەو تاقە داڵدەیەش وەدەرتان دەنێ، کە دەتوانن وەری بگرن. هێشتا پارەی جلوبەرگەکەتان نەداوەتێ!

**شین تێ:** ئێوە بۆچی ئەوەندە بەدناکن؟
زەحمەت نییە خەڵکی
بەر شەق بدەی؟ دەماری تەوێڵیان
دەئاوسێ، لە شەکەتیدا، چاوچنۆک بن.
بێگومان دەستێک درێژ کرابێ

دەستێک دەبەخشێ و بە هەمان ئاسانی وەردەگرێ.
تەنیا بە چاوچنۆکییەوە قەپاڵ پێداکردن دەبێ عەزیەتی خۆی بدا.

ئاه. چ فریوێکە، ببەخشی! چەند خۆشە
میهرەبان بی! وشەیەکی خۆش
وەکو هەناسەیەکی ئاسوودە سەر دەردێنێ.
(شێن بە تووڕەیی دەڕوا)
(بە منداڵەکە): لێرە دانیشە هەتا باوکت دێت.
(منداڵەکە لەسەر زەوییەکە دادەنیشێ

ژن و مێردە پیرەکە دێنە ناو دالانەکەوە، کە شێن تێ لە ڕۆژی کردنەوەی دوکانەکەیدا سەردانی کردن. پیاوەکە و ژنەکە گونیەی قورسیان هەڵگرتووە)

**ژنەکە:** شێن تێ، بە تەنیای؟

(لەبەرئەوەی شێن تێ سەر دەلەقێنێ، ژنەکە بانگی خوشکەزاکەی دەکا بێتە ژوورەوە، کە ئەویش گونیەکی هەڵگرتووە)

ئامۆزاکەت لە کوێیە؟

**شێن تێ:** لێرە نەماوە.

**ژنەکە:** جارێکی تر دێتەوە؟

**شێن تێ:** نەخێر، من دەست لە دوکانەکە هەڵدەگرم.

**ژنەکە:** ئەوە دەزانین. لەبەر ئەوە هاتووین. چەند گونیەیەک گەڵا تووتنمان هێناوە، کە یەکێک قەرزارمان بوو و دەمانەوێ داوات

لێ بکەین ئەمانەش لەگەڵ شتومەکەکانتدا بۆ ماڵە تازەکەت بگوازیتەوە. هێشتا هیچ شوێنێکمان نییە بتوانین بۆ ئەوێی ببەین و لەسەر جادەش بەم گونییەیانەوە زۆر بەرچاو دەردەکەوین. نازانین چۆن دەتوانی ئەم چاکە بچووکەمان لەگەڵدا نەکەی، دوای ئەوەی ئێمە لە دوکانەکەی تۆدا تووشی نەگبەتی بووین.

**شێن تێ:** من دەمەوێ بە خۆشحاڵییەوە ئەو چاکەیەتان لەگەڵدا بکەم.

**پیاوەکە:** ئەگەر هەر کەسێک لێی پرسین، گونیەکان هی کێن، دەتوانی بڵێی هی خۆمن.

**شێن تێ:** کێ دەبێ لێم بپرسێ؟

**ژنەکە:** (بە توندی سەیری دەکا): بۆ نموونە پۆلیس. پۆلیس هەر لە سەرەتاوە دژمانە و دەیەوێ ماڵمان وێران بکا. گونیەکان لە کوێ دانێین؟

**شێن تێ:** نازانم، من نامەوێ ئێستا شتێک بکەم ببێتە هۆی ئەوەی بکەومە گرتیگەوە.

**ژنەکە:** ئەمە بە کاری تۆ ناچێ. ئێمە دەبێ ئەو چەند گونیە تووتنە نەگبەتییە لە دەست دەین، کە هەموو شتێکە لە سامان و دارابییەکەمان بۆمان مابێتەوە!

(شێن تێ کەللەڕەقانە قسە ناکا)

**پیاوەکە:** بیر لەوە بکەرەوە، کە ئەم تووتنە دەتوانێ ببێتە بناغەی کارگەیەکی بچووک. دەتوانین سەرکەوین.

**شێن تێ:** باشە، گونیەکان بۆ ئێوە هەڵدەگرم. موەقەت دەیانخەینە ژوورەکەی پشتەوە.

(بە گـونیـەکـانەوە دەچنە ژوورەکـەی پشـتـەوە. منداڵەکـە چاودێرییـان دەکـا. ئێـسـتـا سـەیری دەوروبەری خـۆی دەکـا و دەچێ بۆ لای تەنەکـەی خـاشـاکـەکـە بە دەست شـتـی لێ دەردەهێنێ. دەست بە خـواردنی شـتـەکـان دەکـا. شـێن تێ و ئەوانی تر دەگەڕێنەوە)

**ژنەکە:** خۆ تێ دەگەی، ئێمە بەتەواوی پشتمان بە تۆ بەستووە.

**شێن تێ:** بەڵێ. (منداڵەکە دەبینێ و لە جێی خۆی ڕەق دەبێ)

**پیاوەکە:** دووسبەی لە خانووەکانی جەنابی شو فودا سەردانت دەکەین.

**شێن تێ:** ئێستا خێرا بڕۆن، من وەزعم باش نییە.

(پاڵیان پێوە دەنێ. هەرسێکیان دەڕۆن)

برسییەتی. دەست بە سەتڵی خاشاکەکەدا دەکا. (منداڵەکە بەرز دەکـاتـەوە، لە ئاخـاوتنێکدا پەژارەی خـۆی لەبارەی چارەنووسی منداڵانی هەژارەوە گـوزارشت لێ دەکـا، دەمـە بچووکە بۆرەکە پێشانی بینەران دەدا. جەغد لە شێلگیریی خۆی دەکاتەوە، بە هیچ جۆرێک بەو ڕەقییە مامەڵەی منداڵەکەی خۆی نەکا)

ئاه کوڕم، ئاه فڕۆکەوان! دێیتە ناو
چ دنیایەکەوە؟ دەیەڵن، تۆیش
دەست بە تەنەکەی خاشاکدا بکەی؟
دە سەیری دەمە بچووکە بۆرەکە بکەن!
(منداڵەکە پێشان دەدا)
چۆن مامەڵەی هاوشێوەکانی خۆتان دەکەن؟
بەزەییت بە ئاوڵەمەی جەستەی خۆتاندا نایەتەوە؟

بەزەییتان بە خۆتاندا نایەتەوە، هەی نەگبەتینە؟
ئەگەر ببمە پڵنگیش دەبێ بەلای کەمەوە بەرگری
لە منداڵی خۆم بکەم.
بەڵێ، لەو کاتەوە ئەوەم دیوە، دەمەوێ لە هەموو شتێک
جیا ببمەوە و ئارام نەگرم
هەتا کوڕەکەم ڕزگار دەکەم، بەلای کەمەوە ئەو!
ئەوەی لە زێرابدا، لە قوتابخانەکەمدا فێری بوومە
لە ڕێی بۆکس و هەڵخەڵەتاندنەوە، ئێستا
دەبێ خزمەتی تۆ بکا، کوڕم، دەمەوێ
بۆت باش بم و ئەگەر پێویست بکا پڵنگ و
ئاژەڵی وەحشی بم بۆ ئەوانی تر
دەبێ وا بێ.
(دەڕوا بۆ ئەوەی خۆی بکاتە ئامۆزاکەی)
(لە کاتی ڕۆیشتندا): جارێکی تریش پێویستە، ئومێدەوارم بۆ دوامین جار.
(پانتۆڵەکەی شوی تا لەگەڵ خۆی دەبا. شین لە کاتی گەڕانەوەیدا کونجکۆلانە لە دواوە سەیری دەکا. براژن و باپیرە دێنە ژوورەوە)

**براژن:** دوکانەکە داخراوە، شتومەکی ماڵ لە دالانەکەدان! ئەمە کۆتاییە!

**شین:** ئەنجامی سەرکێشی، شەهوانیەت و نەرگسییەتە! ئەی سەفەرەکە بەرەو کوێیە؟ سەر بەرەوخوار! بەرەو کۆختەکانی جەنابی شو فوە، بۆ لای ئێوە!

**براژن:** بەڵام سەری بەوە سوور دەمێنێ! ئێمە هاتووین بۆ ئەوەی گازندە بکەین! کونەمشکی شێدار بە زەویی بۆگەنەوە! سەرتاشەکە تەنیا لەبەر ئەوە بە ئێمەی داوە، لەبەرئەوەی زەخیرەی سابوونەکەی تێیدا کەڕوو لێیانی داوە. "من پەناگەیەکم بۆ ئێوە هەیە، چی دەڵێن؟" ئێمە دەڵێین شوورەییە.

(بێکارەکە دێتە ژوورەوە)

**بێکارەکە:** ئەوە ڕاستە کە شێن تێ بار دەکا؟

**براژن:** بەڵێ. ویستی خۆی بدزێتەوە، دەبوو کەس پێی نەزانێ.

**شین:** شەرم دەکا، لەبەرئەوەی ماڵی وێران بووە.

**بێکارەکە:** (پەشۆکاوە): دەبێ تەلەفۆن بۆ ئامۆزاکەی بکات! هەموو گرەوی ئەوە بکەن، کە تەلەفۆن بۆ ئامۆزاکەی دەکا! ئەو بە تەنیا دەتوانێ شتێک بکا.

**براژن:** ئەوە ڕاستە! ئەوەندە پیسکەیە، بەڵام ئەوە ژیانی ڕزگار دەکا و ئەویش دەیدا.

**بێکارەکە:** من بیرم لە خۆمان نەکردەوە، من بیرم لەو کردەوە. بەڵام ئەوە ڕاستە، دەبێ لەبەر ئێمەش تەلەفۆنی بۆ بکرێ.

(ڤانگ لەگەڵ دارتاشەکەدا دێتە ژوورەوە. دوو منداڵی بە دەستەوەیە)

**دارتاشەکە:** من بە ڕاستی نازانم چۆن سوپاستان بکەم. (بەوانی تر): دەبێ خانوویەکمان دەست بکەوێ.

**شین:** لە کوێ؟

**دارتاشەکە:** لە خانووەکانی جەنابی شو فودا! فێنگی بچووکیش بوو،

که وەرچەرخانەکەی هێنایە ئاراوە! ئەوە تۆ لێرەی! "یەکێک لێرە داوای پەناگە دەکا"، دەبێ بە خاتوو شێن تێ بوترێ و یەکسەر خانوویەکمان بۆ پەیدا دەکا. ئێوە سوپاسی براکەتان بکەن!

(دارتاشەکە و منداڵەکانی بە گاڵتەوە لە بەردەم منداڵەکەدا دادەچەمێنەوە)

**دارتاشەکە:** سوپاست دەکەین، پەناگەدەر!

(شوی تا دێتە ژوورەوە)

**شوی تا:** دەتوانم لێتان بپرسم ئێوە هەموو لێرە چیتان دەوێ؟

**بێکارەکە:** بەڕێز شوی تا!

**ڤانگ:** ڕۆژباش، بەڕێز شوی تا. من نەمزانی کە گەڕاونەتەوە. ئێوە لین تۆی دارتاش دەناسن؟ خاتوو شێن تێ گفتی پەناگەیەکی لە خانووەکانی جەنابی شو فودا داوەتێ.

**شوی تا:** خانووەکانی جەنابی شو فو خاڵی نین.

**دارتاشەکە:** کەواتە ناتوانین لەوێ بژین؟

**شوی تا:** نەخێر، ئەو شوێنانە بۆ شتی تر دیاری کراون.

**براژن:** ئەمە واتە، کە ئێمەش هەموو دەبێ دەرچین؟

**شوی تا:** لەوە دەترسم.

**براژن:** بەڵام ئێمە هەموو بۆ کوێ بچین؟

**شوی تا:** (شانی هەڵدەتەکێنێ): ئەوەندەی من لە خاتوو شێن تێ دەگەم، کە سەفەری کردووە نیازی ئەوەی نییە دەست لە هەمووتان هەڵگرێ. بەڵام لە داهاتوودا دەبێ هەموو شتەکان ئاقڵانەتر ڕێک بخرێن. نانپێدان بەبێ کاری بەرامبەر

ڕادەگیرێ. لە جیاتیی ئەوە دەرفەت بە هەموو کەسێک دەدرێ، بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە سەرکەوێ. خاتوو شێن تێ بڕیاری داوە، کار بە هەمووتان بدا. هەر کەسێک ئێستا بۆ خانووەکانی شو فو دوام کەوێ، نابرێتە ناو هیچەوە.

**براژن:** ئەمە واتە، ئێمە دەبێ هەموو بۆ شێن تێ کار بکەین؟

**شوی تا:** بەڵێ. کاری جگەرە دەکەن. لە ژوورەکەی پشتەوەدا سێ ڕەشکە تووتنی لێیە. بیانهێنن!

**براژن:** لە بیرتان نەچێ، کە ئێمە خۆمان خاوەن دوکان بووین. ئێمە پێمان باشترە بۆ خۆمان کار بکەین. ئێمە تووتنی خۆمان هەیە.

**شوی تا** (بە بێکارەکە و بە دارتاشەکە): لەوانەیە بتانەوێ بۆ شێن تێ کار بکەن، لەبەرئەوەی ئێوە تووتنی خۆتان نییە؟

(دارتاشەکە و بێکارەکە بە خەمگینییەوە دەچنە ژوورەوە. خاوەن خانووەکە دێت)

**خاوەن خانووەکە:** بەڕێز شوی تا، فرۆشتنەکە بە چی گەیشت. ئەوە سێسەد دۆلارە زیوەکەم هەیە.

**شوی تا:** می تسوی خاتوو، بڕیارم دا نەیفرۆشم، بەڵکو قەواڵەی کرێ ئیمزا بکەم.

**خاوەن خانووەکە:** چی؟ لە پڕ پارەکەت بۆ فڕۆکەوانەکە پێویست نییە؟

**شوی تا:** نەخێر.

**خاوەن خانووەکە:** ئەی کرێکەت هەیە؟

**شوی تا** (لە عەرەبانەکەوە کە شتومەکی ناو ماڵەکەی تێدایە چەکەکەی سەرتاشەکە دەردەهێنێ و پڕی دەکاتەوە): چەکێکی دە هەزار

دۆلاری زیوم هەیە، جەنابی شو فو ئیمزای کردووە، کە حەزی لە ئامۆزاکەمە. می تسوی خان خۆتان دڵنیا بکەنەوە! کرێی شەش مانگی داهاتوو پێش سەعات شەشی ئێوارە لە دەستاندایە. ئێستاش، می تسوی خان، مۆڵەتم بدەن، درێژە بە کارەکەم بدەم. ئەمرۆ زۆر سەرم قاڵە و داوای لێبووردنتان لێ دەکەم.

**خاوەن خانوو:** ئاه، جەنابی شو فو دوای فرۆکەوانەکە دەکەوێ! دە هەزار دۆلاری زیو! بەڕێز شوی تا، بەهەرحاڵ من سەرم لە بێباری و ڕووکاریی کچە گەنجەکان سەرم سوور دەمێنێ. (دەڕوا)

(دارتاشەکە و بێکارەکە گونیەکان دەهێنن)

**دارتاشەکە:** من نازانم بۆچی دەبێ من گونیەکانتان بۆ هەڵگرم.

**شوی تا:** ئەوە بەسە، کە من بیزانم. کوڕەکەت زۆری برسییە. بەڕێز لین تۆ، دەیەوێ نان بخوا.

**براژن:** گونیەکان دەبینێ: شووبراکەم لێرە بوو؟

**شین:** بەڵێ.

**براژن:** وایە. من گونیەکان دەناسمەوە. ئەمە توتنەکەی ئێمەیە!

**شوی تا:** باشتر وایە بە دەنگی بەرز نەیڵێن. ئەمە توتنی منە، دەتوانن ببینن کە لە ژوورەکەی مندا بوون. ئەگەر گومانێکتان هەیە، دەتوانین بچین بۆ پۆلیس و گومانەکەتان بڕەوێنینەوە. ئەمەتان دەوێ؟

**براژن:** (بە توورەییەوە): نەخێر.

**شوی تا:** بەوە دەچێ، کە توتنی خۆتانتان نەبێ. لەوەیە بەو دەستە

فریاگوزارەدا بدەن، کە شێن تێ بۆی درێژ کردن؟ ئەو خێرەم لەگەڵدا دەکەن، ڕێی خانووەکانی جەنابی شو فوم پێشان بدەن.

(دەستی کوڕە هەرە گەورەکەی دارتاشەکە دەگرێ، شوی تا دەڕوا، دارتاشەکە، منداڵەکانی تری، براژن، باپیرە، بێکارەکە بە دوایدا. دارتاشەکە و بێکارەکە گونیەکان ڕادەکێشن)

**ڤانگ:** ئەو مرۆڤێکی بەدناکە، بەڵام شێن تێ مرۆڤێکی باشە.

**شین:** نازانم. پانتۆڵێک بە تەنافەکەوە نەماوە و لە پێی ئامۆزادایە. ئەمە شتێکی تێدایە. دەمەوێ بزانم چییە.

(پیرەمێردەکە و پیرێژنەکە دێنە ژوورەوە)

**پیرێژنەکە:** خاتوو شێن تێ لێرە نییە؟

**شین:** (بە داڵغەلێدانەوە): سەفەری کردووە.

**پیرێژنەکە:** ئەمە سەیرە. دەیویست شتێکمان بۆ بهێنێ.

**ڤانگ:** (بە خەمگینییەوە سەیری دەستی دەکا): ویستی یارمەتیی منیش بدات. دەستم ڕەق دەبێ. بە دڵنیاییەوە بەم زووانە دەگەڕێتەوە. ئامۆزا هەردەم زۆر بە کورتی لێرەیە.

**شین:** بەڵێ، وا نییە؟

## نمایشی ناوبڕ

کوخی شەوانەی ڤانگ

مۆسیقا. لە خەوندا ئاوفرۆشەکە دڵەڕاوکێکانی بە خواوەندەکان ڕادەگەیەنێ. خواوەندەکان هێشتا هەر خەریکی گەشتە درێژەکانیانن. ماندوو دەردەکەون. پاش ڕامانێکی کورت، سەریان بەسەر شانیاندا بەرەو ئاوفرۆشەکە وەردەگێڕن.

**ڤانگ:** خاوەن شکۆ، پێش ئەوەی دەرکەوتنتان بێدارم بکاتەوە، خەونم بینی و شێن تێی خوشکم لە تەنگەتاویی قامیشەلانی ڕووبارەکەدا بینی، لەو شوێنەدا کە خۆکوژەکان دەدۆزرێنەوە. سەیر لەتری دەدا و ملی شۆڕ کردبووەوە، وەکو شتێکی نەرم، بەڵام قورسی هەڵگرتبێ، کە بۆ ناو قوڕەکە پاڵی دەنا. کاتێ بانگیم کرد، هاواری لێ کردم کە دەبێ گورزە ڕێنوێنییەکان ببەم بۆ کەناری ئەوبەرەوە، بە جۆرێکی تەڕ نەبن، ئەگینا پیتەکان تێک دەچن. بە جەغدەوە: من هیچم بەسەر شانیەوە نەبینی. بەڵام من بە ترسەوە بیرم دەکەوێتەوە، کە ئێوەی خواوەند باسی فەزیلەتە گەورەکانتان بۆی دەکرد، وەکو سوپاس بۆ ئەوەی، کە ئەو ئێوەی گرتە خۆی، کاتێ بە دوای پەناگەیەکی شەودا لە ڕوو دامابوون، ئای شەرمەزاری! من دڵنیام ئێوە لە خەمی من بۆ ئەو تێ دەگەن.

**سێیەم خواوەند:** پێشنیازی چی دەکەی؟

**ڤانگ:** خاوەن شکۆ، تۆزێک کەمکردنەوەی ڕێنوێنییەکان. کەمێک سووککردنەوەی گورزی ڕێنوێنییەکان، بە بەزەیینە، بە هۆی کاتە خراپەکانەوە.

**سێیەم خواوەند:** وەکو چی ڤانگ، وەکو چی؟

**ڤانگ:** بۆ نموونە وەکو، تەنیا داوای چاکە بکرێ لە جیاتیی خۆشەویستی یان ...

**سێیەم خواوەند:** بەڵام نەگبەت، ئەمە قورسترە!

**ڤانگ:** یان هەقیانەت لە جیاتیی دادپەروەری.

**سێیەم خواوەند:** بەڵام ئەمە کاری زۆرتر دەگەیەنێ!

**ڤانگ:** کەواتە تەنیا نەزاکەت لە جیاتیی شەرەف!

**سێیەم خواوەند:** بەڵام گومانکار، ئەمە زۆرترە!

(بە ماندوویی دەست بە گەشت دەکەنەوە)

## ٨
## کارگەی جگەرەکەی شوی تا

لە کۆختەکانی جەنابی شو فودا شوی تا کارگەیەکی بچووکی جگەرەی دامەزراندووە. لە پشتی شیشەبەندەوە چەند خێزانێک، بە تایبەتی ژن و منداڵ هەڵتڕووشکاون، سامناکانە بەسەر یەکدا کەوتوون، براژن و باپیرە و دارتاشەکە و منداڵەکانیان لەگەڵدایە.

یانگ خان دێتە بەردەم کۆختەکە، سونی کوڕی بە دواوەیەتی.

**یانگ خان** (ڕوو دەکاتە بینەران): من دەبێ پێتانی ڕابگەیەنم، چۆن سونی کوڕم لە ڕێی حیکمەت و تیژیی جەنابی شوی تای لەلایەن هەمووانەوە ڕێزلێگیراوەوە لە مرۆڤێکی بەدڕەفتارەوە بووە مرۆڤێکی بە سوود. وەکو ئەم دەوروبەرە پێی دەزانێ، جەنابی شوی تا لە نزیکی تەویلەکە کارگەیەکی بچووک بەڵام خێرا گەشەکردووی کردەوە. پێش سێ مانگ بە پێویستم زانی لەگەڵ کوڕەکەمدا لەوێ سەردانی بکەم. پاش کەمێک چاوەڕوانی پێشوازیی لێ کردم.

(لە کارگەکە شوی تا بەرەو ڕووی یانگ خان دێت)

**شوی تا**: یانگ خان، چۆن دەتوانم لە خزمەتتاندا بم؟

**یانگ خان**: بەڕێز شوی تا، من دەمەوێ لەلای ئێوە قسەیەکی باش بۆ کوڕەکەم بکەم. ئەمڕۆ بەیانی پۆلیس لەلامان بوو و پێی وتین، کە

ئێــوە بە نـاوی خــاتوو شــێن تێــوە لـەبەر شکـاندنـی پەیمـانی هـاوسـەرکاری و فرِوفێڵی دووسـەد دۆلاری زیو شکاتت کردووە.

**شوی تا:** زۆر ڕاستە، یانگ خان.

**یانگ خان:** بەڕێز شـوی تا، بۆ خـاتری خواوەندەکان، ناتوانن جـارێکی تر بـەزەیی پێش مــاف بخــەن؟ پـارەکـە ڕۆیشت. لە مــاوەی دوو ڕۆژدا خــەرجی کـرد، کــاتێ پلانـی کـاری فـرۆکـەوانی ســەری نەگــرت. مـن دەزانم ئەو بەدفــەڕە. ئەو مــۆبیلەکــەی منیــشی فـرۆشـتبـوو و دەیویسـت بەبێ دایکە پیـرەکـەی بچێ بۆ پەکین. (دەگری). ڕۆژێ لە ڕۆژان خـاتوو شـێن تـێ ڕای لەبارەی ئەوەوە زۆر باش بوو.

**شوی تا:** بەڕێز یانگ سون، ئێوە چیتان هـەیە پێمی بلێن؟

**سون** (بە خەمگینییەوە): من پارەکەم نەماوە.

**شـوی تا:** یانگ خـان، لـەبەر ئەو لاوازییـەی کـە ئـامـۆزاکـەم لـەبەر هـەر هۆیـەکی کـە من تێی نـاگـەم بـۆ کـوڕە بـەرەڵاکـەت هـەیبـوو، من ئـامـادەم، هـەوڵێکی تریشی لەگەڵدا بدەم. ئامـۆزاکەم پێی وتم کە لە ڕێی کــارێکی ســەرڕاسـتـانەوە چاوەڕوانی چاکبـوونەوەیەتی. دەتوانێ لە کارگەکە کار بکا. بەرە بەرە دووسـەد دۆلارە زیوەکە لە مووچەکەی دەبرن.

**سون:** واتە زیندان یان کارگە؟

**شوی تا:** ئێوە دەتوانن هـەڵبژێرن.

**سون:** من ناتوانم ئیتر لەگەڵ شێن تێدا قسە بکەم؟

**شوی تا:** نەخێر.

**سون:** شوێنی کارەکەم لە کوێیە؟

**یانگ خان:** هەزار جار سوپاس، بەڕێز شوی تا! ئێوە بێ کۆتا باشن و خواوەندەکان پاداشتتان بدەنەوە. (بە سون): تۆ لە ڕێی ڕاست لات داوە. هەوڵ بدە لە ڕێی کاری ڕاشکاوانەوە، جارێک بتوانی سەیری ناوچاوی دایکت بکەی.

(سون بە دوای شوی تادا دەچێتە ناو کارگەکەوە. یانگ خان دەگەڕێتەوە بۆ سەر سەکۆکە)

**یانگ خان:** هەفتەکانی یەکەم بۆ سون سەخت بوون. کارەکەی بە دڵ نەبوو. دەرفەتی کەم بوو سەرنج بۆ خۆی ڕابکێشێ. لە هەفتەی سێیەمدا ڕووداوێک بووە یارمەتیدەری. ئەو و دارتاشەکەی پێشوو لین تۆ دەبوو گورزەی تووتن بگوازنەوە.

(سون و دارتاشەکەی پێشوو هەریەکە و دوو گورزەی تووتن ڕادەکێشن)

**دارتاشەکە** (بە دەم ناڵاندنەوە ڕادەمێنێ و لەسەر گورزەیەک دادەنیشێ): لەوە زیاتر ناتوانم. هێزم تێدا نامێنێ. من چیی تر لاو نیم بۆ ئەم جۆرە کارانە.

**سون** (ئەویش دادەنیشێ): بۆچی گورزەکانیان بۆ فڕێ نادەی؟

**دارتاشەکە:** ئەی بە چی بژین؟ بۆ ئەوەی شتە هەرە پێویستەکانمان هەبێ تەنانەت دەبێ کار بە منداڵەکانیش بکەم. ئەگەر خاتوو شێن تێ ئەمە ببینێ! ئەو باش بوو.

**سون:** ئەو خراپترین کەس نەبوو. ئەگەر هاوپێوەندییەکان ئەوەندە خراپ نەبوایەن، زۆر باش بەیەکەوە هەڵمان دەکرد. دەمەوێ بزانم لە کوێیە. باشترە بەردەوام بین. ئەو لەم کاتانەدا دێت. (هەڵدەستن)

(سـون دەبینـێ شـوی تـا دێت): ئیـفلیـج، یەکـێک لە گـورزەکـانم بدەرێ! (سون یەکێک لە گورزەکان لە لین تۆ وەردەگرێ)

**دارتاشـەکە:** زۆر سـوپاس! بەڵێ ئەگەر ئەو لێرە بووایـە، یەکسـەر لەلای مـیـهـرەبان دەبووی، کـە بیبـینـیـایە تۆ یارمـەتیی پیـاوێکی پیـر دەدەی. ئاه بەڵێ!

(شوی تا دێتە ژوورەوە)

**یانگ خـان:** بێگومـان جـەنابی شـوی تا بە تـەنیـا نیگایەک دەبینـێ کێ کرێکارێکی باشە، کە لە کار ناترسێ و دەست دەداتە شت.

**شوی تا:** ڕاوەستن! چی بووە؟ بۆ تەنیا یەک گورزەیەک هەڵدەگری؟

**دارتاشەکە:** ئەمڕۆ کەمێک هیلاکم، بەڕێز شـوی تا، یانگ سـون ئەوەندە دلۆڤان بوو ...

**شــوی تا:** بگەڕێرەوە و سێ گـورزە بێنە، هـاوڕێ. ئەوەی یانـگ سـون دەیتوانی، تۆش دەیتوانی. یانگ سون ئیرادەی هەیە و تۆ نیتە.

**یانگ خان:** (لە کاتێکدا دارتاشـەکە دوو گورزەی تر دەهـێنێ): بێگومان هیچ بـە سـون ناڵێ، بەڵام جـەنابی شـوی تا ئاگـای لـێ بوو. لە شەمووی داهاتووشدا لە کاتی مووچەداندا...

(مـێـزێک دادەنرێ و شــوی تا بە کـیـســەیەک پارەوە دێت. لە تەنیـشت سـەرپەرشـتیـار بێکارەکـەی پێشـووەوە – دەوەسـتێ، مووچە دەدا. سون دەچێتە بەردەم مێزەکە)

**سەرپەرشتیار:** یانگ سون شەش دۆلاری زیو.

**سون:** ببـوورە، دەبێ تەنیـا پێنج بێ، پێنج دۆلاری زیو. (لیسـتـەکـە لە دەستـی سـەرپەشتیارەکە وەردەگرێ). تکایە سـەیر کەن، لێرەدا

به هەڵە پێنج ڕۆژ نووسراوە، بەڵام من ڕۆژێک ئامادە نەبووم، لەبەر تەرمێنێکی دادگە. (بە مەراییییەوە). من نامەوێ شتێکم بدرێتێ کە شایانم نەبێ، هەرچی چەندە مووچەکە زۆر کەمیش بێ!

**سەرپەرشتیار:** کەواتە پێنج دۆلاری زیو! (بە شوی تا): بەڕێز شوی تا، حاڵەتێکی دەگمەنە!

**شوی تا:** چۆن دەبێ لێرەدا شەش ڕۆژ نووسرابێ، ئەگەر تەنیا پێنج بووبن؟

**سەرپەرشتیار:** لەوانەیە بە ڕاستی سەهووم کردبێ، بەڕێز شوی تا. (بە سون، بە ساردییەوە): جارێکی تر ڕوو نادا.

**شوی تا** (سون–ی دەباتە لاوە): لەم ماوەیەدا چاودێریم کرد، کە ئێوە مرۆڤێکی بەهێزن و هێزەکەتان بۆ کارگە دەخەنە کارەوە. ئەمڕۆ دەبینن ئێوە تەنانەت مرۆڤێکی سەرڕاستیشن. زۆرجار ڕوو دەدا کە سەرپەرشتیارەکە بە زیانی کارگەکە سەهوو دەکا؟

**سون:** ئەو ناسیاوی لەناو کرێکارەکان هەیە و وەکو یەکێک لەوان سەیری دەکرێ.

**شوی تا:** تێ دەگەم. خزمەت پاداشتی خۆی هەیە. خەڵاتت دەوێ؟

**سون:** نەخێر. بەڵام لەوانەیە مۆڵەت هەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم، کە من مرۆڤێکی ژیرم. دەزانن، من خوێندنم تەواو کردووە. سەرپەرشتیارەکە مەبەستی لەگەڵ کرێکارەکاندا باشە، بەڵام ئەو خوێندنی نەکردووە، ناتوانێ تێ بگا، کارگەکە پێویستی بە چییە. بەڕێز شوی تا هەفتەیەک کاتی تاقیکردنەوەم بدەنێ، من لەو بڕوایەدام، بتوانم بۆتانی بسەلمێنم، کە ژیرییەکەم لە هێزی

بازووم بۆ کارگەکە بە بەهاترە.

**یانگ خان:** ئەمانە قسەی بوێرانە بوون، بەڵام لەو ئێوارەیەدا بە سونەکەی خۆم گوت: "تۆ فرۆکەوانی. لەو شوێنەش ئێستا لێیت پێشانی بدە کە دەتوانی بەرەو بەرزایی هەڵکشێی! بازەکەم، بفڕە!" بە ڕاستی خوێندن و ژیری چی شتی گەورە بەرهەم دەهێنن! چۆن یەکێک دەتوانێ بەبێ ئەم شتانە سەر بە خەڵکە خانەدانەکە بێت؟ کوڕەکەم کاری ڕاستەقینەی پەڕجوو دەکا لە کارگەکەی جەنابی شوی تادا!

(سون قاچی بڵاو کردووەتەوە و لە پشتی کرێکارەکانەوە ڕاوەستاوە. بەسەر سەریانەوە سەبەتەیەک گەڵا تووتن دەدەنە دەستی یەکترەوە)

**سون:** گەلۆ، ئەوە کاری ڕاشکاوانە نییە! ئەم سەبەتەیە دەبێ تۆکمەتر بگوازرێتەوە! (بە منداڵێک): تۆ دەتوانی لەسەر زەوییەکە دانیشی، لەبەرئەوەی لەسەر زەوییەکە جێ ناگری! دەشتوانی زۆر باش ئیشی پەستەکاندنەوە بگریتە دەست، بەڵێ، تۆ لەوێ! سەگە تەمەڵینە، ئێمە بۆچی مووچەتان دەدەینێ؟ بە سەبەتەکەوە قایمتر! بە لەعنەتی شەیتان بن! باپیرە گەورە بخەنە لاوە و با لەگەڵ منداڵەکاندا تەنیا بژار بکا! ئێستا لێرە تەمەڵی سەروەرە! هەمووی بە تاکتی مۆسیقا! (بۆ تاکت دەست بە دەستدا دەدا و سەبەتەکە خێراتر دەستە و دەست دەکا)

**یانگ خان:** هیچ دوژمنایەتییەک، هیچ تەوسێکی مرۆڤی نەفام و نەزان ڕێیان لە کوڕەکەم نەگرت، ئەرکەکانی بە جێ بێنێ، چونکە لە دوژمنایەتیکردن و تەوسی کەم نەبوو.

(یەکێک لە کرێکارەکان گۆرانیی فیلی هەشتەم دەڵێ. ئەوانی تر بۆی دەسێننەوە)

گۆرانیی فیلی هەشتەم

١

جەنابی جین حەوت فیلی هەبوو
ئەمجا هەشتەمیشی هاتە سەر.
حەوتیان کێوی بوون و هەشتەمیان کەوی بوو
هەشتەمیش بوو پاسەوانی دەکردن.
خێراتر غار بدەن!
جەنابی جین دارستانێکی هەبوو
دەبوو پێش داهاتنی شەو بیبڕنەوە
بەم زووانەش شەو دادێ!

٢

حەوت فیل دارستانەکە دەبڕنەوە
جەنابی جین سواری هەشتەم بوو.
بە درێژاییی ڕۆژ ژمارە هەشت بە تەمەڵی پاسەوانی دەکرد
سەیری دەکرد چ کارێک دەکەن.
خێراتر چاڵ بکەن!
جەنابی جین دارستانێکی هەیە
دەبێ پێش داهاتنی شەو بیبڕنەوە
بەم زووانەش شەو دادێ!

٣

حەوت فیل لەوە زیاتر نەیانویست
کونەلووتیان لە داربڕینەوە پڕ بووبوو
جەنابی جین شڵەژابوو، لە حەوتەکە دڵی ئێشابوو
دەفرێک برنجی دایە هەشتەم!
ئەمە چییە؟
جەنابی جین دارستانێکی هەیە
دەبێ پێش داهاتنی شەو بیبڕنەوە
بەم زووانەش شەو دادێ!

٤

حەوت فیل ددانیان نەبوو
تەنیا هەشتەم هێشتا ددانی هەبوو.
ژمارە هەشت لە ئارادا بوو، حەوتەکەی ئەتک کرد
جەنابی جین لە پشتەوە ڕاوەستابوو و پێ دەکەنی
چاڵ هەڵکەنن!
جەنابی جین دارستانێکی هەیە
دەبێ پێش داهاتنی شەو بیبڕنەوە
بەم زووانەش شەو دادێ!

(شووی تا لەسەرخۆ و بە شێنەیی و جگەرەکێشانەوە هاتووەتە پێشەوە. یانگ سون ڕێفرەینی سێیەم کۆپلەی بە دەم پێکەنینەوە وتوەتەوە و دوا کۆپلەی بەهۆی چەپڵەلێدانەوە خێراتر کردووە)

**یانگ خان:** بەڕاستی ئێمە ناتوانین پڕ بەپێستی خۆی سوپاسی

جەنابی شوی تا بکەین. بەبێ ئەوەی هیچ بکات، بەڵام بە ڕەقی و حیکمەت هەموو شتێکی باشی دەرهێنا، کە لە سوندا بوو! پەیمانی خەیاڵییانەی وەکو ئامۆزا زۆر ستایشکراوەکەی نەدا، بگرە ناچاری کاری سەرڕاستانەی کرد. ئێستا سون مرۆڤێکی ترە وەکو پێش لە سێ مانگ. دەبێ ددان بەمەدا بنێین! "مرۆڤی خانەدان وەکو زەنگ وایە، مرۆڤ لێی دا، زرنگەی دێ، ئەگەر لێ نەدرێ، زرنگەی نایەت"، وەکو باو و باپیران دەڵێن.

٩

## دوکانی جگەرەفرۆشی شێن تێ

دوکانەکە بووەتە مۆڵ، کورسیی یانە و فەرشی تێدا دانراوە. باران دەبارێ، شوی تا، ئێستا قەڵەو بووە، خواحافیزی لە ژن و پیاوە مافوورفرۆشەکە دەکا. شین بە کەیفخۆشییەوە سەیر دەکا. دیارە جلی نوێی پۆشیوە.

**شوی تا:** بە داخەوە، کە ناتوانم بڵێم کەی دەگەڕێتەوە.

**پیرێژنەکە:** ئەمڕۆ نامەیەکمان بە دوو سەد دۆلاری زیوەوە بۆ هاتووە، کە بە قەرز پێمان دابوو. ناوی نێرەر نەنووسرابوو. بەڵام دەبێ نامەکە لە شێن تێوە هاتبێ. زۆر حەز دەکەین نامەی بۆ بنێرین، ناونیشانەکەی چییە؟

**شوی تا:** بەداخەوە، ئەوەش نازانم.

**پیرەمێردەکە:** بڕۆین؟

**پیرێژنەکە:** ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر دەگەڕێتەوە.

(شووی تا دادەچەمێتەوە. پیرێژنەکە و پیرەمێردەکە بە نادڵنیایی و شڵەژانەوە دەڕۆن)

**شین:** پارەکەیان درەنگ درایەوە. ئێستا دوکانەکەیان لە دەست چوو، لەبەرئەوەی نەیانتوانی باجەکەیان بدەن.

**شوی تا:** بۆچی نەهاتن بۆ لای من؟

**شین:** به خۆشحاڵییەوە نایەن بۆ لای ئێوە. لە سەرەتاوە چاوەڕوان بوون شێن تێ بگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی هیچ شتێکی نووسراویان نەبوو. لە ڕۆژە تەنگەکاندا پیرەمێردەکە تای لێ هات و ژنەکەش شەو و ڕۆژ بە دیاریەوە بوو.

**شوی تا:** (دەبێ دانیشێ، لەبەرئەوەی وەزعی خراپە): دیسان سەرم دەسووڕێتەوە!

**شین:** (خەریکی دەبێ): ئێوە لە مانگی حەتەومدان! نابێ خۆتان بپەشۆکێنن. ئاسوودە بن کە منتان هەیە. بەبێ یارمەتیی مرۆڤی تر کەس ناتوانێ دەرببا. ئێستا لە کاژێرە سەختەکاندا لە پشتتم. (پێ دەکەنێ).

**شوی تا:** (بە کزییەوە): شین خان، دەتوانم پشتتان پێ ببەستم؟

**شین:** بێگومان! بێگومان کەمێک پارە لەسەرتان دەکەوێ. یەخەکەت بکەرەوە، بۆتان ئاسانتر دەبێ.

**شوی تا:** (داماوانە): شین خان، هەموو شتێک تەنیا بۆ منداڵەکەیە.

**شین:** هەموو شتێک بۆ منداڵەکەیە.

**شوی تا:** تەنیا زۆر خێرا قەڵەو دەبم. دەبێ ئەمە دەرکەوێ.

**شوی تا:** ئەمە دەکەنە خەتای خۆشگوزەرانی.

**شوی تا:** ئەی منداڵەکە چی لێ دێت؟

**شین:** هەموو ڕۆژێک سێ جار ئەمە دەپرسن. دەدرێتە یەکێک بەخێوی کا. باشترین بەخێوکەرێ کە بە پارە دەست بکەوێ.

**شوی تا:** بەڵێ. (بە ترسەوە): کەس نابێ هەرگیز شوی تا ببینێ.

**شین:** هەرگیز. هەموو کات تەنیا شێن تێ.

**شـوی تا:** بەڵام ئەو قسەڵۆکەی ئەم دەوروبەرە! ئاوفرۆشەکە بە قسەکانیەوە! بە نهێنی چاودێریی دوکانەکە دەکەن!

**شین:** هەتا سەرتاشەکە نەزانێ، هیچمان لە دەست ناچێ. قومێک ئاو بخۆنەوە.

(سون قاتێکی کەشخەی لەبەرە و فایلی بازرگانیی بەدەستەوەیە. بە سەرسوورمانەوە سەیری شوی تا دەکا لە باوەشی شیندا)

**سون:** من وەڕەستان دەکەم؟

**شـوی تا:** (بە زەحمەت هەڵدەستێتە سەرپێ و بە لەرزان دەچێ بۆ دەرگەکە): شین خان، هەتا بەیانی!

(شین دەستکێشەکانی لە دەست دەکا، بە دەم زەردەخەنەوە دەڕوا)

**سون:** دەستکێش! لە کوێوە، لەبەر چی، بۆچی؟ پێستی دادەماڵێ؟ (لەبەرئەوەی شوی تا وەڵام ناداتەوە). ئێوەش دەبێ بۆ هەستی ناسک کراوە بن؟ سەیرە. (لاپەڕەیەک لە مەلەفەکەی دەردەهێنێ). بەهەرحاڵ لەم دواییەدا وەزعتان باش نییە، وەزعتان وەکو جاران باش نییە. میزاج. بێزاریی. نەخۆشن؟ ئەمە بووەتە هۆی زیاندان لە دوکانەکە. جارێکی تر نووسراوێک لە پۆلیسەوە هاتووە. دەیانەوێ کارگەکە دابخەن. دەڵێن، دەتوانن زۆرترین دوو قات ڕێ بە مرۆڤ بدەن بۆ هەر ژوورێک، وەکو یاسا ڕێگەی دەدا. بەڕێز شوی تا، دەبێ شتێک بکەن!

(شوی تا چرکەساتێک بە دەم داڵغەوە سەیری دەکا. ئەمجا دەچێتە ژوورەکەوە و بە کیسەیەکەوە دەگەڕێتەوە. شەپقەیەکی

درێژی تێدا دەردەهێنێ و فرێی دەداتە سەر مێزی نووسینەکە)

**شوی تا:** کارگەکە خواستی ئەوەیە نێردراوەکانی جلوبەرگی ڕێکوپێکیان لەبەردا بێت.

**سون:** ئەمەتان بۆ من کڕیوە؟

**شوی تا:** (بێ پەروایانە): تاقی بکەرەوە، ئاخۆ بۆتان دەگونجێ. (سون بە سەرسامییەوە سەیر دەکا و دەیکاتە سەری. شوی تا شەپقەکە بە پشکنینەوە چاک دەکا)

**سون:** خزمەتکارەکەت، بەڵام ئەم جارە خۆتان لە من مەدزنەوە. ئێوە دەبێ ئەمڕۆ لەگەڵ سەرتاشەکەدا باسی پڕۆژە نوێیەکە بکەن.

**شوی تا:** سەرتاشەکە مەرجگەلێک دەخاتە بەردەم کە جێبەجێ ناکرێن.

**سون:** ئەگەر بتانەوێ پێم بڵێن، چ مەرجگەلێک.

**شوی تا:** (خۆی لە بابەتەکە لادەدا): کۆختەکان باشن.

**سون:** بەڵێ، بۆ ئەو ڕووتە و پووتانە باشە، کە کاری تێدا دەکەن، بەڵام بۆ تووتنەکە بەس نییە. شێی هەیە. پێش دانیشتن لەگەڵ می تسوی باسی شوێنەکانی لەگەڵ دەکەم. ئەگەر ئێمە می تسوی بۆ خۆمان ببەینەوە، دەتوانین شڕەوپڕە، شتە شکاو و کۆتکەدارەکان فڕێ بدەینە دەرەوە. زۆر باش نین. من می تسوی خان لە کاتی خواردنەوەی پەرداخێ چادا نەرم دەکەم و کرێی شوێنەکە دەبێتە نیوەی.

**شوی تا:** (بە توندی): ئەمە ڕوو نادا. حەز دەکەم لەبەر بەرژەوەندی و ناوبانگی کارگەکە هەموو کات خۆتان دوور بگرن و خوێنساردانە بەپێی داواکاری سەودا و مامەڵە ڕەفتار بکەن.

**سوون:** بۆچی هێندە هەڵچوونە؟ هۆیەکەی قسە و قسەڵۆکە ناخۆشەکانی ئەم دەوروبەرەن؟

**شوی تا:** من سەری خۆم بە قسە و قسەڵۆکەوە نایەشێنم.

**سوون:** کەواتە دیسان بارانەکەیە. بە باران هەردەم هەڵدەچن و خەمۆک دەبن. دەمەوێ بزانم، لەبەرچی.

**دەنگی ڤانگ:** (لە دەرەوە): من ئاوم بۆ فرۆشتن هەیە

ئێستاش لە باراندا وەستاوم

لەبەر ئاوە کەمەکەم

لە دوورەوە بە ڕاکردن هاتووم.

ئێستاکانێش هاوار دەکەم: ئاو بکڕن!

کەسیش نایکڕێ

لە گەرمادا پیشاو و چاوچنۆک

پارەکەی بدەن و هەڵی قوڕێنن.

**سوون:** ئەوە ئاوفرۆشە لەعنەتییەکەیە. ئێستا دەست بە ڕاکەڕاکەکەی دەکاتەوە.

**دەنگی ڤانگ:** (لە دەرەوە): مرۆڤی باش لە شاردا نەماوە؟ لێرەش لە گۆڕەپانەکەدا، کە شێن تێی باش دەژیا؟ لە کوێیە، کە تەنانەت لە کاتی بارانیشدا پەرداخێکی لێ دەکڕیم، پێش چەند مانگێک، لە کامەرانیی دڵیدا؟ ئێستا لە کوێیە؟ ئێوارەیەک چووە ناو ئەم خانووە و ئیتر هەرگیز نەهاتەوە دەرەوە!

**سوون:** دەمی دانەخەم؟ ئەمە چ پێوەندیی بەوەوە هەیە، ئەو لە کوێیە! من لەو بڕوایەدام ئێوە تەنیا لەبەر ئەوە نایڵێن، بۆ ئەوەی من نەیزانم.

**ڤانگ:** (دێته ژوورەوە): بەڕێز شوی تا، جارێکی تر لێتان دەپرسمەوە، شێن تێ کەی دەگەڕێتەوە. ئێستا شەش مانگ بەسەرچوون، کە چووە بۆ سەفەر. (لەبەرئەوەی شوی تا بێدەنگە). لەم نێوەندەدا زۆر شت لێرە ڕووی داوە، کە ئەگەر لێرە بوایە هەرگیز ڕوویان نەدەدا. (لەبەرئەوەی شوی تا هێشتا هەر بێدەنگە). بەڕێز شوی تا، لەم دەوروبەرە قسە و قسەلۆک بڵاو بووەتەوە، کە شێن تێ شتێکی بەسەر هاتووە. ئێمە، هاوڕێکانی زۆر نیگەرانین. ئەوەندە میهرەبانی، ئێستا ناونیشانەکەیمان بدەیتێ!

**شوی تا:** بەڕێز ڤانگ، بە داخەوە ئێستا کاتم نییە. هەفتەی داهاتوو جارێکی تر بێنەوە.

**ڤانگ:** (هەڵچووە): ئەوە بەرچاوە، ئەو برنجەی کە هەژاران بەردەوام لێرە وەریان دەگرت، ماوەیەکە دیسان بەیانییان لە بەردەرگەکە دادەنرێ.

**شوی تا:** لەمەوە چی ئەنجامگیری دەکرێ؟

**ڤانگ:** کە شێن تا سەفەری نەکردووە.

**شوی تا:** بەڵکو؟ (لەبەرئەوەی ڤانگ بێدەنگە). دە من وەڵامەکەی خۆمتان پێ ڕادەگەیەنم. بۆ هەموو کات ڕۆیشتووە. بەڕێز ڤانگ، ئەگەر ئێوە هاوڕێی شێن تێن، هەتا دەکرێ پرسیار کەم بکەن لە کوێیە. ئەمە ئامۆژگاریی منە.

**ڤانگ:** ئامۆژگارییەکی جوانە! بەڕێز شوی تا، شێن تێ پێش ونبوونی پێی وتم کە گوایە سکی هەیە!

**سون:** چی؟

**شوی تا:** (بە خێرایی) درۆیە!

**ڤـانگ:** (به جـیـدییـەتێکی زۆرەوە به شـوی تا): بەڕێز شـوی تـا، لەو بڕوایەدا مەبن، کە هاوڕێکانی شێن تا دەستبەرداری ئەوە دەبن پرسـیـاری بکەن. مـرۆڤـێکی بـاش بە ئاسـانـی لە بیـر نـاکـرێ. مرۆڤی باش زۆر نییە. (دەڕوا)

(شـوی تا لە جـێی خـۆی وشک دەبێ و لە دواوە سـەیری دەکـا. ئەمجا خێرا دەچێتە ژوورەکەوە)

**سون:** (ڕوو دەکاتە بینەران): شـێن تێ دووگیـانە؟ مـن خـرۆشـاوم! مـن تەڵەکـەم لـێ کـراوە! دەبێ یەکسـەر بە ئامـۆزاکـەی وتـبێ و ئەم ناکـەسـبـەچەیە بێگومـان یەکسـەر بۆ شـوێنێکـی تری بردووە. "جانتاکەت بپێچەوە و خۆت ون کە، پێش ئەوەی باوکی منداڵەکە پێ بزانێ!" ئـەمـە هـەر زۆر نـائـاسـاییـیـە. ئەمـە نـامـرۆڤـانەیە. مـن کوڕێکم هەیە. یانگێک لەسـەر پەردە دەردەکـەوێ! ئەی چی ڕوو دەدا؟ کچـەکە ون دەبێ و لێرە بێگارم پێ دەکەن! (تووڕە دەبێ). بە شـەپقـەیەک بە ڕێم دەخەن! (پێ بە زەویدا دەکوتێ). تاوانبار! دز! منداڵڕفـێن! کـچـەکـە بەبێ پارێزگـارییـە! (لە ژوورەکـەوە هـەنسکی گریان دەبیسترێ. سون بە بێدەنگی دەوەستێ). ئەوە هـەنسک نەبوو؟ ئـەوە کـێـیـە؟ بڕایەوە. ئەم هـەنسکە چیـیـە لە ژوورەکـەوە دێت؟ خـۆ ئەو سـەگە تەڵەکەبازە شـوی تا هـەنسک نادا؟ ئەی کێ هەنسک دەدا؟ ئەمە چی دەگەیەنێ، کە برنجەکە هێشـتا هەر لە بەردەرگە دادەنرێ؟ کچەکە هێشتا هەر لێرەیە؟ ئەو تەنیا دەیشـارێتەوە؟ ئەی کێی تر لەناو ژوورەکەدا هەنسک دەدا؟ ئەمە دەرفەتێکی باشە! دەبێ هەر بیدۆزمەوە، ئەگەر سکی پڕ بێ!

(شـوی تا لە ژوورەکـە دەگـەڕێتـەوە. دەچێتـە بەردەم دەرگەکـە و سـەیری بارانەکە دەکا)

**سون:** لە کوێیە؟

**شـوی تا:** (دەسـتی بەرز دەکـاتەوە و گـوێ ڕادەدێرێ): چرکـەسـاتێک! سەعات نۆیە. بەڵام ئەمڕۆ هیچ نابیستریّ. بارانەکە بە هێزە.

**سون:** (بە تەوسەوە): دەتانەوێ گوێتان لە چی بێ؟

**شوی تا:** فڕۆکەی پۆست.

**سون:** گاڵتە مەکەن.

**شـوی تا:** جـارێک گـوێم لـێ بوو دەتانـەوێ فـڕۆکـەوانـی بکـەن؟ ئەو ئارەزووەتان لە دەست داوە؟

**سون:** من گلەییم لـە کارەکـەی ئێسـتـام نییـە، ئەگـەر مـەبەسـتـتـان ئەوە بێت. من حـەز بە کاری شـەو ناکـەم، دەزانن. فڕۆکـەوانیی پۆست کـاری شـەوە. وەکـو بڵێـی کارگـەکـەم خـۆش دەوێ. خـۆ هـەر هیـچ نەبێ کـارگـەی ژنـی پاشـەڕۆژمـە، ئەگـەر سـەفـەریشـی کردبێ. خـۆ سەفەری کردووە؟

**شوی تا:** بۆچی ئەو پرسیارە دەکەن؟

**سون:** لەوەیە، کاروبارەکانی ئێستاش هەر نائارامم بکەن.

**شوی تا:** لەوەیە ئەمە بەلای ئامۆزاکەمەوە گرینگ بێ.

**سـون:** بەهـەرحـاڵ شـتـەکانی بە جـۆرێک سـەرقـاڵم دەکـەن نەتوانم چاو لێک بنێم، ئـەگـەر بۆ نمـوونە ئازادیی جـووڵانەوەی لـێ قـەدەغـە بکرێ.

**شوی تا:** لەلایەن کێوە؟

**سون:** لەلایەن ئێوەوە!

(پشوو)

**شوی تا:** لە حاڵەتێکی وادا چی دەکەن؟

**سون:** لەوانەیە یەکەم جار گفتوگۆ لەبارەی پێگەکەمەوە لە کارگەکە بکەم.

**شوی تا:** ئاوها. ئەی ئەگەر کارگە، واتە من، پێگەیەکی گونجاوتان بۆ مەیسەر بکەم، دەتوانێ حسێبی ئەوە بکات، کە دەستبەرداری گەڕان بە دوای ژنەکەی پێشووی پاشەڕۆژتاندا دەبن؟

**سون:** لەوەیە.

**شوی تا:** ئەی بیر دەکەنەوە پێگە نوێیەکەتان لە کارگەدا چۆن بێ؟

**سون:** دەستبالایی. بۆ نموونە بیر لە وەدەرنانی ئێوە دەکەمەوە.

**شوی تا:** ئەی ئەگەر کارگە لە جیاتیی من تۆ وەدەر نێ؟

**سون:** لەوانەیە بگەڕێمەوە، بەڵام بە تەنیا نا.

**شوی تا:** ئەی؟

**سون:** لەگەڵ پۆلیسدا.

**شوی تا:** لەگەڵ پۆلیسدا. گریمان، پۆلیس کەس لێرە نادۆزێتەوە؟

**سون:** لەوانەیە لەو ژوورەدا بگەڕێ! بەڕێز شوی تا، تاسەم بۆ ژنە لە دڵا خۆشەویستەکەم بێ سنوورە. هەست دەکەم دەبێ شتێک بکەم بۆ ئەوەی جارێکی تر لە ئامێزی بگرمەوە. (بە هێمنی). دووگیانە و پێویستی بە مرۆڤێکە لەلای بێت. دەبێ لەگەڵ ئاوفرۆشەکەدا قسە بکەم. (دەڕوا)

(شوی تا بەبێ جووڵە لە دواوە سەیری دەکا. ئەمجا خێرا

دەگەڕێتەوە بۆ ژوورەکە. هەموو پێویستییەکانی شێن تێ دەهێنێ، جلی ژێرەوە، جلوبەرگ، شتومەکی ئارایشت. ماوەیەکی درێژ لەو دەسماڵە ڕادەمێنێ کە شێن تێ لە ژن و پیاوە مافوورفرۆشەکەی کڕی. ئەمجا هەمووی دەکاتە بوخچە و لەژێر مێزەکەدا دەیشارێتەوە، لەبەرئەوەی گوێی لە دەنگەدەنگ دەبێ. ژنە خاوەن خانووەکە و جەنابی شو فو دێنە ژوورەوە. سڵاو لە شوی تا دەکەن و چەتر و جزمەکانیان دادەنێن)

**خاوەن خانووەکە:** بەڕێز شوی تا، وا پایز دادێ.

**جەنابی شو فو:** وەرزێکی میلانخۆلییە!

**خاوەن خانووەکە:** ئەی نوێنەرە دڵفڕێنە بازرگانییەکەتان لە کوێیە؟ ژنکوژێکی سامناک! بەڵام ئێوە لەم لایەنەوە نایناسن. بەهەرحاڵ دەزانێ ئەم دڵفڕێنییەی لەگەڵ ئەرکە بازرگانییەکەیدا بگونجێنێ، بە جۆرێکی ئێوە تەنیا قازانجی لێ بکەن.

**شوی تا:** (دادەچەمێتەوە): فەرموون دانیشن!

(دادەنیشن و دەست بە جگەرەکێشان دەکەن)

هاوڕێیان پێشهاتێکی چاوەڕواننەکراو، کە لەوانەیە هەندێ ئەنجامی هەبێ، ناچارم دەکا، پەلە بکەم لەو دانوستاندنانەی لەبارەی داهاتووی کارەکەمەوە ئەنجامم داون. بەڕێز شو فو کارگەکەم لە تەنگژەدایە.

**جەنابی شو فو:** کارگەکە هەردەم لە تەنگژەدایە.

**شوی تا:** بەڵام ئێستا پۆلیس بە ئاشکرا هەڕەشەی داخستنی دەکا، ئەگەر لە کاتی دانوستاندندا نەتوانم شوێنێکی تر پەنجەنوما بکەم. بەڕێز شو فو، ئەمە تاقە موڵکی ئامۆزاکەمە، کە هەردەم

ئارەزوویەکی گەورەتان بۆی پێشان داوە.

**جەنابی شو فو:** بەڕێز شوی تا، هەست بەبێ ئارەزووییەکی قوول دەکەم باسی پڕۆژە بەردەوام گەورەبووەکانتان بکەم. من باسی شێوێکی بچووک دەکەم لەگەڵ ئامۆزاکەتاندا، ئێوە ئاماژە بۆ تەنگژەی دارایی دەکەن. من خانوو بۆ بێنەوایان دەخەمە بەردەستی ئامۆزاکەت، ئێوە کارگەی تێدا دادەمەزرێنن. من چەکێکی پارەی دەدەمێ، ئێوە دەیخەنە بەرچاو. ئامۆزاکەت ون دەبێ، ئێوە سەد هەزار دۆلاری زیو داوا دەکەن بەو تێبینییەوە، کە خانووەکانم بچووکن، بەڕێز، ئامۆزاکەت لە کوێیە؟

**شوی تا:** بەڕێز شو فو هێور ببنەوە. من دەتوانم ئەمڕۆ پێتان ڕابگەیەنم، کە بەم زووانە دەگەڕێتەوە.

**جەنابی شو فو:** بەم زووانە؟ کەی؟ چەندان هەفتەیە گوێم لە "بەم زووانە" دەبێت.

**شوی تا:** من داوای ئیمزای نوێم لە ئێوە نەکردووە. من تەنیا لێم پرسین، ئاخۆ ئێوە لە پڕۆژەکانمدا بەشداری دەکەن ئەگەر ئامۆزاکەم بگەڕێتەوە.

**جەنابی شو فو:** من هەزار جار پێم وتن، کە من ئیتر ئامادە نیم لەگەڵ ئێوەدا باسی هیچ شتێک بکەم، بە پێچەوانەوە ئامادەم لەگەڵ ئامۆزاکەتاندا باسی هەموو شتێک بکەم. بەڵام بەوە دەچێ ئێوە ئاستەنگ بخەنە بەردەم گفتوگۆیەکی لەو بابەتەوە.

**شوی تا:** ئیتر نامەوێ ئاستەنگی بخەمە بەردەم.

**جەنابی شو فو:** کەی دێتە ئاراوە؟

**شوی تا:** (بە نادڵنیاییەوە): دوای سێ مانگ.

**جەنابی شو فو:** (بە تووڕەیییەوە): دە دوای سێ مانگ ئیمزای دەکەم.

**شوی تا:** بەڵام دەبێ هەموو شتێک ئامادە بکرێ.

**جەنابی شو فو:** شوی تا، دەتوانن هەموو شتێک ئامادە بکەن، ئەگەر ئێوە گەیشتبنە ئەو قەناعەتە، کە ئامۆزاکەت بە ڕاستی دێت.

**شوی تا:** می تسوی خان، ئێوە لەلایەنی خۆتانەوە ئامادەن، لەلای پۆلیس بیسەلمێنن، کە من دەتوانم جێی کارگەکەتان بەکار بهێنم؟

**خاوەن خانووەکە:** بێگومان، ئەگەر ئێوە بۆ من دەست لە کارگێڕە بازرگانییەکەیان هەڵگرن. چەندان هەفتەیە دەزانن، کە ئەوە مەرجی منە. (بە جەنابی شو فو): ئەو کوڕە گەنجە لەلایەنی بازرگانییەوە ئەوەندە بە سەلیقەیە، منیش پێویستم بە کارگێڕێکە.

**شوی تا:** دەبێ لەوەش تێ بگەن، کە ئێستا ناتوانم دەستبەرداری جەنابی یانگ سون بم، لەگەڵ هەموو ئاستەنگییەکان و تەندروستیمدا کە لەم دواییەدا گۆڕاوە! خۆ من هەر لە سەرەتاوە ئامادە بووم بۆتانی بە جێ بهێڵم، بەڵام ...

**خاوەن خانووەکە:** بەڵێ، بەڵام!

(پشوو)

باشە، سبەی لە نووسینگەکەتاندا ئامادە دەبێ.

**جەنابی شو فو:** من پێشوازی لەوە دەکەم، کە توانیتان ئەو بڕیارە بدەن، شوی تا. ئەگەر خاتوو شێن تێ بە ڕاستی بگەڕێتەوە، ئامادەیی ئەو کوڕە گەنجە لێرە زۆر نابەجێیە. وەکو دەزانین کاتی خۆی کاریگەرییەکی زۆر ترسناکی بەسەریدا پیادە دەکرد.

**شوی تا:** (دادەچەمێتەوە): بێگومان. لە ڕاڕاییم ببوورە کە لە هەردوو حاڵەتەکەدا درێژەی کێشا، ئەوەی پێوەندیی بە شێن تێی ئامۆزام و جەنابی یانگ سونەوە هەیە، کە لایەقی ئەوە نییە ببێتە بازرگان. ئەم مرۆڤانە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە یەکەوە نزیک بوون.

**خاوەن خانووەکە:** من لێتان دەبوورم.

**شوی تا:** (سەیری دەرگەکە دەکا): هاوڕێکانم، با بە کۆتاییەک بگەین. لەم دوکانەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بچووک و پەرپووت بووە و خەڵکە هەژارەکەی گەڕەک لە شێن تێی باش جگەرەیان دەکڕی بڕیار دەدەین، هاوڕێکانی، ئێستاش دانانی دوازدە دوکانی جوان، کە لە داهاتوودا دەبێ جگەرەی باشی شێن تێیان تێدا بفرۆشرێ. وەکو پێیان وتووم، گەل ئەمڕۆ ناوی پادشای تووتنی سێچوانیان لێ ناوم. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم کارگەیەم تەنیا لە بەرژەوەندیی ئامۆزاکەمدا بەڕێوە بردووە. ئەم کارگەیە هی خۆی و منداڵەکانی و منداڵی منداڵەکانێتی.

(لە دەرەوە دەنگەدەنگی ئاپۆڕەی خەڵک دەگاتە ژوورەوە. سون، ڤانگ و پۆلیسەکە دێنە ژوورەوە)

**پۆلیسەکە:** بەڕێز شوی تا، بەداخێکی زۆرەوە ڕەوشی ورووژاوی کۆڵانەکە ناچارم دەکا، دوای سکاڵایەک بکەوم کە لە کارگەکەی خۆتانەوە کراوە، گوایە ئازادیتان لە ئامۆزاکەتان، خاتوو شێن تێ زەوت کردووە.

**شوی تا:** ئەمە ڕاست نییە.

**پۆلیسەکە:** بەڕێز یانگ سون شایەتیی ئەوە دەدا، کە لە ژوورەکەی

پشتەوە گوێی لە هەنسکی گریان بووە، کە تەنیا دەبێ هی ژن بێت.

**خاوەن خانووەکە:** ئەمە مایەی پێکەنینە. من و جەنابی شو فو، دوو دانیشتووی بە شەرەفی ئەم شارە، کە پۆلیس ناتوانێ گومان لە قسەکانیان بکات، شایەتیی ئەوە دەدەن، کە لێرە هەنسک نەدراوە. ئێمە بە ئارامی چروتەکانمان دەکێشین.

**پۆلیسەکە:** بەداخەوە من ئەو ئەرکەم پێ سپێردراوە، ژووری ناوبراوەکە بپشکنم.

(شوی تا دەرگەکە دەکاتەوە. پۆلیسەکە بە داچەمینەوە دەچێتە نێو ئاستانەکەوە. سەیری ناوەوە دەکا، ئەمجا وەردەچەرخێتەوە و زەردەخەنە دەکا)

بە ڕاستی ئێرە هیچ مرۆڤێکی لێ نییە.

**سون:** (چووەتە تەک پۆلیسەکەوە): بەڵام من گوێم لە هەنسک بوو! (نیگای دەکەوێتە سەر مێزەکە، کە شوی تا بوخچەکەی ئاخنیوەتە ژێریەوە. بۆی ڕادەکا). ئەمە پێشووتر لێرە نەبوو! (دەیکاتەوە، جل و شتەکانی شێن تێ پێشان دەدا)

**ڤانگ:** ئەمانە شتەکانی شێن تێن! (بۆ دەرگەکە ڕادەکا و بۆ دەرەوە هاوار دەکا). جلەکانی دۆزرانەوە.

**پۆلیسەکە:** (شتەکان هەڵدەگرێ): ئێوە دەڵێن کە ئامۆزاکەتان سەفەری کردووە. بوخچەیەکی شاراوە بە شتەکانیەوە لەژێر مێزەکەدا دەدۆزینەوە. بەڕێز شوی تا، کچەکە لە کوێ دەدۆزرێتەوە؟

**شوی تا:** من ئەدرێسەکەی نازانم.

**پۆلیسەکە:** ئەمە زۆر جێگەی داخە.

دەنگێک لەناو ئاپۆڕەی خەڵکەوە: شتەکانی شێن تێ دۆزرانەوە! پادشای جگەرە کچەکەی کوشتووە و شاردوویەتییەوە!

**پۆلیسەکە:** بەڕێز شوی تا، داواتان لێ دەکەم بە دوامدا بێن بۆ بنکەی پۆلیس.

**شـــوی تا:** (لە بەردەم خـــاوەن خـــانووەکـــە و جـــەنابی شـــو فـــودا دادەچەمـــێـــتـــەوە): بەڕێزان، من بۆ ئەو ئابڕووچوونە داوای لێبووردنتان لێ دەکەم. بەڵام لە سێچوان هێشتا دادوەر هەیە. من دڵنیام، هەموو شتێک لەم ماوەیەدا ڕوون دەبێتەوە. (لە پێش پۆلیسەکەوە دەچێتە دەرەوە)

**ڤانگ:** تاوانێکی دژوار ڕووی داوە!

**سون:** (بە پەستی): بەڵام لەوێوە گوێم لە هەنسک بوو.

## نمایشی ناوبڕ

کۆختی شەوانەی ڤانگ

مۆسیقا. بۆ دواجار خواوەندەکان دێنە خەونی ئاوفرۆشەکە. زۆر گۆڕاون. نیشانەی گەشتە دوور و شەکەتیی قووڵ و بەسەرهاتی بەدی جیاوازیان پێوە دیارە. یەکێکیان شەپقەکەی لە سەردا دڕێنراوە، یەکێکی تریان لاقێکی لە تەڵەیەکدا لە دەست داوە و هەرسێکیان بە پێخاوسی ڕێ دەکەن.

**ڤـــانگ:** وا دەردەکـــەون! خـــاوەن شکۆ، شـــتی بەدناک لە دوکـــانی جگەرەکەی شێن تێ-دا ڕوو دەدەن! شێن دیسان سەفەری کردووە! ئامۆزا هەموو شتێکی گرتووەتە دەستی خۆی! ئەمڕۆ دەستگیریان کرد. دەڵێن گوایە ئەو کوشتوویەتی، بۆ ئەوەی

دەست بەسەر دوکانەکەدا بگرێ. بەڵام من بڕوا بەوە ناکەم، چونکە من خەونێکم بینی، بۆی گێڕامەوە، کە ئامۆزاکەی بەندی کردووە. ئای خاوەن شکۆ، دەبێ ئێوە هەر ئێستا بگەڕێنەوە و ئازادی کەن.

**یەکەم خواوەند:** ئەمە دژوارە. هەموو گەڕانەکەمان نسکۆی هێنا. خەڵکی باشمان کەم دۆزییەوە، ئەگەر یەکێکیشمان دۆزیبێتەوە، ژیانێکی مرۆڤانە نەژیاوە. بڕیارمان دا پشتگیریی شێن تێ بکەین.

**دووەم خواوەند:** ئەگەر هێشتا باش مابێ!

**ڤانگ:** بێگومان، بەڵام ون بووە!

**یەکەم خواوەند:** دە هەموو شتێک لە دەست چووە.

**دووەم خواوەند:** سەبر.

**یەکەم خواوەند:** ئیتر سەبری چی؟ ئەگەر نەدۆزرێتەوە دەبێ ئێمە دەست بکێشینەوە! چ دنیایەکمان دۆزییەوە، لە هەموو شوێنێک، بێنەوایی، ملکەچی و زبڵ! تەنانەت دەشت و دەریشمان لێ بووەتەوە. درەختە جوانەکان بە تەل سەربڕدراون و لەودیوی زنجیرە شاخەکانەوە گوێمان لە دەنگی تۆپە و لە هیچ شوێنێکیش مرۆڤێکی باش نییە کە دەربیا!

**سێیەم خواوەند:** ئاه، ئاوفرۆش، بەوە دەچێ ڕێنوێنییەکانمان کوشندە بن! ترسی ئەوەم هەیە هەموو ئەو شتانە دەبێ بسڕدرێنەوە، کە ئێمە وەکو پەیڕەو دامان ناون. خەڵکی زۆر سەرقاڵن بەوەوە ژیانێکی سادە قورتار بکەن. مەبەستی باش دەیانگەیەنێتە کەناری خەرەند، کاری باش دەیانخاتە خوارەوە. (بەهەردوو

خواوەندەکەی تر): دەبێ قبووڵی بکەن، زەوی مایەی ژیان نییە.

**یەکەم خواوەند:** (بە توندی): نەخێر، مرۆڤەکان هیچ بەهایەکیان نییە!

**سێیەم خواوەند:** لەبەرئەوەی جیهان زۆر ساردوسڕە!

**دووەم خواوەند:** لەبەرئەوەی مرۆڤەکان زۆر لاوازن!

**یەکەم خواوەند:** ئابڕوو، ئازیزان، ئابڕوو! برایان، ئێمە نابێ دڕدۆنگ بین. خۆ یەکێکمان دۆزییەوە، کە باش بوو و خراپ نەبوو و تەنیا ون بووە. با پەلە کەین بیدۆزینەوە. یەکێک بەسە. ئێمە نەمانگوت هەموو شتێک باش دەبێ، ئەگەر تەنیا یەکێک بدۆزرێتەوە کە تەحەمولی ئەم دنیایە بکا، تەنیا یەکێک!

(خێرا دیار نامێنن)

## هۆڵی دادگە

بە گرووپ: جەنابی شو فو و خاوەن خانووەکە. سون و دایکی. ڤانگ، دارتاشەکە، باپیرە، سۆزانییە گەنجەکە، پیرەژن و پیرەمێردەکە. شین. پۆلیسەکە. براژن: پیرەمێردەکە: زۆر بەدەستەڵاتە!

**ڤانگ:** دەیەوێ دوازدە دوکانی نوێ بکاتەوە.

**دارتاشەکە:** دادوەرەکە چۆن بڕیارێکی دادپەروەرانە بدات، کە هاورێکانی شکات لێکراوەکە، شو فوی سەرتاش و می تسوی خاوەن خانوو هاورێی بن؟

**براژن:** بینیویانە کە دوێنێ ئێوارە شین بە ڕاسپاردەی جەنابی شوی تا قازێکی قەڵەوی بردووەتە مەتبەخەکەی دادوەرەوە. ڕۆن لە سەبەتەکەوە چۆڕاوە.

**پیرێژنەکە:** (بە ڤانگ): شێن تێی داماو هەرگیز نادۆزرێتەوە.

**ڤانگ:** بەڵێ، تەنیا خواوەندەکان دەتوانن ڕاستی بدۆزنەوە.

**پۆلیسەکە:** بێدەنگی! ئەنجوومەنی داد دەرکەوت.

(سێ خواوەندەکە بە جبەی دادوەرییەوە دەردەکەون. لە کاتێکدا بە درێژایی سەکۆکە بۆ سەر کورسییەکانیان دەڕۆن، مرۆڤ گوێی لێ دەبێ بە چرپە قسە دەکەن)

**سێیەم خواوەند:** بۆیان دەردەکەوێ. گەواهینامەکان زۆر خراپ تەزویر کراون.

**دووەم خواوەند:** لە پرێش گومان لە تێکچوونی گەدەی دادوەر دەکەن.

**یەکەم خواوەند:** نەخێر، ئاساییە، لەبەرئەوەی نیو قازی خواردووە.

**شێن:** دادوەری تازەن!

**ڤانگ:** دادوەری زۆر باشیشن!

(کاتێ سێیەم خواوەند لە دوای دواوە دەڕوا، گوێی لێی دەبێ، ئاوڕی بۆ دەداتەوە و زەردەخەنەی بۆ دەکا. خواوەندەکان دادەنیشن. یەکەم خواوەند چەکوش بە مێزەکەدا دەدا. پۆلیس شوی تا دەهێنێتە ژوورەوە، کە بە فیکوهوڕ پێشوازیی لێ دەکرێ، بەڵام بە شکۆوە بەڕێوە دەچێ): پۆلیسەکە: خۆت بۆ موفاجەئەیەک ئامادە بکە. ئەمە فو یی چێنگی دادوەر نییە. بەڵام دادوەرە نوێیەکانیش زۆر نەرم دەردەکەون.

(شوی تا سەیری خواوەندەکان دەکا و دەبوورێتەوە)

سۆزانییە گەنجەکە: چی بوو؟ شای توونن لە هۆش خۆی چوو.

**براژن:** بەڵێ، لە کاتی سەیرکردنی دادوەرە نوێیەکاندا!

**ڤانگ:** بەوە دەچێ بیانناسێ! من لەمە تێ ناگەم.

**یەکەم خواوەند:** ئێوە شوی تای بازرگانی گەورەی تووتنن؟

**شوی تا:** (زۆر بە کزی): بەڵێ.

**یەکەم خواوەند:** دژی ئێوە داوای یاسایی تۆمار کراوە، کە ئامۆزا شەرعییەکەت، خاتوو شێن تێتان لەناوبردووە، بۆ ئەوەی دەست بەسەر دوکانەکانیدا بگرن. خۆتان بە تاوانبار دەزانن؟

**شوی تا:** نەخێر.

**یەکەم خواوەند:** (مەلەفەکان هەڵدەداتەوە): ئێمە لە پێشدا گوێ لە پۆلیسەکانی گەڕەک دەگرین لەبارەی ناوبانگی شکات لێکراو و ناوبانگی ئامۆزاکەیەوە.

**پۆلیسەکە:** (دێتە پێشەوە): خاتوو شێن تێ کچێک بوو، کە بە خۆشحاڵییەوە دڵی هەموو خەڵکی خۆش دەکرد، وەکو دەوترێ، دڵێکی فراوانی هەبوو. بە پێچەوانەوە جەنابی شوی تا پیاوی بنەماگەکانە. دڵباشیی خاتوو ناچاری کرد هەنگاوی توند وتیژ بنێ. خاوەن شکۆ، بەڵام بە پێچەوانەی کچەکەوە، پشتی یاسای دەگرت. پەردەی لەسەر خەڵکگەلێک هەڵدایەوە، کە ئامۆزاکەی بە متمانەوە پەنای دابوون، دەرکەوت باندی دزین، لە حاڵەتێکی تردا لە دوا چرکەساتدا شێن تێی پاراست لە دادگە بە درۆ شایەتی بدا، من جەنابی شوی تا وەکو هاووڵاتییەکی بەڕێز و پەیڕەوکەری یاسا دەناسم.

**یەکەم خواوەند:** خەڵکی تر لێرە هەیە، کە بیانەوێ شایەتیی ئەوە بدەن، کەتنێکی، کە سکاڵالێکراوەکە سەرکۆنەی پێ دەکرێ لە توانایدایە پێی هەستێ؟

(شو فو و ژنە خاوەن خانووەکە چوونەتە پێشەوە)

**پۆلیسەکە:** (بە گوێی خواوەندەکاندا دەچرپێنێ): جەنابی شو فو، بەڕێزێکی زۆر دەستڕۆیشتوو!

**جەنابی شو فو:** جەنابی شوی تا وەکو بازرگانێکی بەڕێز ناوبانگی دەرکردووە. سەرۆکی دووەمی ژووری بازرگانییە و لە ناوچەکەی خۆیدا وەکو دادوەری ئاشتەوایی دیاری کراوە.

**ڤانگ:** (بە هاوار و قیژە قسەکەی پێ دەبڕێ): لەلایەن ئێوەوە دیاری کراوە! ئێوە بازرگانیی لەگەڵدا دەکەن.

**پۆلیسەکە:** (بە چرپە): زاتێکی بەدە!

**خاوەن خانووەکە:** وەکو سەرۆکی کۆمەڵەی فریاگوزاری دەمەوێ بە ئەنجوومەنی دادگە ڕابگەیەنم، کە جەنابی شوی تا نەوەکو هەر خەریکە باشترین شوێنە ڕووناک و تەندروستەکان لە کارگەکانی تووتندا ببەخشێتە مرۆڤێکی زۆر، بگرە بەردەوام کۆمەکی خانەی کەمئەندامەکانیشمان دەکا.

**پۆلیسەکە:** (بە چرپە): می تسوی خان، هاوڕێیەکی نزیکی فو یی چێنگی دادوەرە!

**یەکەم خواوەند:** بەڵێ، بەڵێ، بەڵام ئێستا دەبێ ببیستین، ئاخۆ کەسێک شتی کەمتر باش لەبارەی شکات لێکراوەکەوە دەڵێ.

(ڤانگ، دارتاشەکە، ژن و مێردە پیرەکە، بێکارەکە، براژن، سۆزانییە گەنجەکە هاتوونەتە پێشەوە)

**پۆلیسەکە:** هیچ و پووچەکانی گەڕەک!

**یەکەم خواوەند:** باشە، چی لەبارەی ڕەفتاری گشتیی شوی تاوە دەزانن؟

**دەنگ و هاوار:** (تێکەڵ و پێکەڵ): ئەو ماڵی وێران کردین! پاڵەپەستۆی خستە سەرم! کاری خراپی پێ کردین! بێنەواکانی ڕووتاندەوە! درۆی لەگەڵ کردین! فڕوفێڵی لێ کردین! کوشتینی!

**یەکەم خواوەند:** شکات لێکراو، چی وەڵامێکتان هەیە؟

**شوی تا:** من هیچم نەکردووە جگە لەوەی بوونی ڕووتی ئامۆزاکەم قورتار کردووە، خاوەن شکۆ. من تەنیا کاتێک هاتم، کە مەترسی لە ئارادا بوو دوکانە بچووکەکەی لە دەست دەدا. سێ جار دەبوو بێم. هەرگیز نەمویست بمێنمەوە. هەلومەرجەکان وایان پێویست کرد، کە دوا جار بمێنمەوە. هەموو کاتەکە تەنیا زەحمەتم دەبینی. ئامۆزاکەم خۆشەویست بوو، منیش کارە پیسەکەم ڕادەپەڕاند. لەبەر ئەوە قێزەونم.

**براژن:** تۆ وای. خاوەن شکۆ. کوڕەکانمان ببەن! (بە شوی تا): من نامەوێ باسی گورزەکان بکەم.

**شوی تا:** بۆچی نا؟ بۆچی نا؟

**براژن:** (بە خواوەندەکان): شێن تا داڵدەی داین، هەر ئەویش ئێمەی بەگرتن دا.

**شوی تا:** ئێوە کێکتان دزی!

**براژن:** ئێستا وا پێشان دەدا، وەکو کێکەکانی نانەواکەی بە لاوە گرینگ بووبێ! دەیویست دوکانەکە بۆ خۆی ببا!

**شوی تا:** دوکانەکە پەناگە نییە، هەی خۆپەرستینە!

**براژن:** بەڵام ئێمە داڵدەمان نەبوو!

**شوی تا:** ئێوە زۆر بوون!

**ڤانگ:** ئەی ئەوانەی ئێرە! (ئاماژە بۆ پیرەژن و پیرەمێردەکە دەکا) ئەوانیش خۆپەرست بوون؟

**پیرەمێردەکە:** ئێمە پاشەکەوتەکەمان خستە دوکانەکەی شێن تێوە. بۆچی دوکانەکەت لە دەست داین؟

**شوی تا:** لەبەرئەوەی ئامۆزاکەم دەیویست کۆمەکی فرۆکەوانێک بکا بفرێ. من دەبوو پارەکە بدەم!

**ڤانگ:** لەوەیە ئەو ئەوەی ویستبێ، بەڵام تۆ ئیشە بەسوودەکەت لە پەکین هەبێ. دوکانەکەت پێ باش نەبوو.

**شوی تا:** کرێی دوکانەکە زۆر بوو!

**شێن:** من دەتوانم بیسەلمێنم.

**شوی تا:** ئامۆزاکەشم لە بازرگانی تێ نەدەگەیشت.

**شێن:** ئەمەیش سەرباری شتەکانی تر! جگە لەوە حەزی لە فرۆکەوانەکە کردبوو.

**شوی تا:** بۆم نەبوو کەسم خۆش بوێ؟

**ڤانگ:** بێگومان بۆت هەبوو! ئەی بۆچی حەزت دەکرد زۆری لێ بکەی بۆ ئەوەی شوو بە پیاوێکی ناخۆشەویست بکات، ئەم سەرتاشەی ئێرە؟

**شوی تا:** ئەو پیاوەی خۆشی دەویست هیچ و پووچ بوو.

**ڤانگ:** ئەوەی ئەوێ؟ (ئاماژە بۆ سون دەکا)

**سون:** (لە جێی خۆی هەڵدەستێتە سەرپێ): لەبەرئەوەی هیچ و پووچ بوو لە نووسینگەکە وەرت گرت!

**شوی تا:** بۆ ئەوەی چاکت بکەمەوە! بۆ ئەوەی چاکت بکەمەوە!

**براژن:** بۆ ئەوەی بیکاتە ڕاونەر!

**ڤانگ:** کاتێ چاک بووەوە، بەمت نەفرۆشت؟ (ئاماژە بۆ خاوەن خانووەکە دەکا). لە هەموو شوێنێک بڵاوی کردەوە.

**شوی تا:** لەبەرئەوەی تەنیا کاتێک شوێنەکەی دەدامێ ئەگەر ئەو مەرایی بۆ بکردایە!

**خاوەن خانووەکە:** درۆیە! ئیتر باسی شوێنەکانم مەکە! من هیچ پێوەندییەکم بە ئێوەوە نییە، بکوژ! (بە دڵشکاوییەوە خێرا دەڕوا)

**سون:** (بنەبڕکەرانە): خاوەن شکۆ، دەبێ قسەیەکی خێری بۆ بکەم!

**براژن:** بێگومان دەبێ بیکەی. تۆ کارمەندی ئەوی.

**بێکارەکە:** ئەو بەدترین ڕاونەرە، کە هەبووە. ئەو زۆر پیس و بۆگەنە.

**سون:** خاوەن شکۆ، شکات لێکراوەکە منی کردبێتە هەر شتێک، بکوژ نییە. چەند خولەکێک پێش دەسگیرکردنی لە ژوورەکەی پشتی دوکانەکەوە گوێم لە دەنگی شێن تێ بوو!

**یەکەم خواوەند:** (بە پەرۆشییەوە): کەواتە دەژیا؟ بە تەواوی گوێت لە چی بوو!

**سون:** (بە دڵخۆشییەوە): گوێم لە هەنسک بوو، خاوەن شکۆ، هەنسک!

**سێیەم خواوەند:** هەنسکەکەت ناسییەوە؟

**سون:** بەڵێ. نەدەبوو دەنگی بناسمەوە؟

**جەنابی شو فو:** بەڵێ، زۆرجار وات لێی کردووە بەرهەنسک بدات!

**سون:** من بەختەوەرم کرد. بەڵام دوایی ئەو (ئاماژە بۆ شوی تا دەکا) ویستی بە تۆی بفرۆشێ.

**شوی تا:** (بە سون): لەبەرئەوەی تۆ خۆشت نەدەویست!

**ڤانگ:** نەخێر: لەبەر پارە!

**شوی تا:** خاوەن شکۆ، بەڵام پارەکە بۆ چی پێویست بوو؟ (بە سون): تۆ ویستت، هەموو هاوڕێکانی بکاتە قوربانی، بەڵام سەرتاشەکە خانووەکان و پارەکەی خستە بەردەست، بۆ ئەوەی کۆمەکی هەژارەکان بکرێ. بۆ ئەوەی بتوانێ کاری باش بکا، دەبوو لە سەرتاشەکەی مارە بکەم.

**ڤانگ:** بۆچی نەتهێشت چاکە بکا کاتێ چەکە گەورەکە ئیمزا بکا؟ بۆچی هاوڕێکانی شێن تێت ناردە کۆلێتە پیسە شێدارەکانەوە، کارگەی جگەرەکەت، پادشای توتن؟

**شوی تا:** ئەمە بۆ منداڵەکە بوو.

**دارتاشەکە:** ئەی منداڵەکانم؟ چیت لە منداڵەکانم کرد؟

(شووی تا قسە ناکا)

**ڤانگ:** ئێستا قسە ناکەی! خواوەندەکان وەکو سەرچاوەیەکی بچووکی چاکە دوکانەکەیان دایە شێن تێ. هەموو کات ویستی چاکە بکا، هەموو کات تۆ هاتی و پووچت کردەوە.

**شوی تا:** (تووڕەیە): گەمژە، ئەگەر وا نەبوایە سەرچاوەکە وشکی دەکرد.

**شین:** خاوەن شکۆ، ئەوە ڕاستە!

**ڤانگ:** سەرچاوە سوودی چییە، ئەگەر نەتوانرێ لێی هەڵبهێنجرێ؟

**شوی تا:** چاکە واتە ماڵوێرانی!

**ڤانگ:** (بە دڕندەیی): بەڵام کاری خراپ، واتە ژیانی خۆش، وا نییە؟

چیت لە شێن تێی باش کرد؟، هەی مرۆڤی خراپ؟ خاوەن شکۆ، چەند مرۆڤی باش هەیە؟ بەڵام ئەو باش بوو! کاتێ ئەوەی ئەوێ دەستی شکاندم، ویستی شایەتیم بۆ بدا. منیش ئێستا شایەتیی بۆ دەدەم. من شایەتی دەدەم، باش بوو. (دەستی بۆ سوێندخواردن بەرز دەکاتەوە)

**سێیەم خواوەند:** ئاوفرۆش، چی بەسەر دەستەوەیە؟ دەستت ڕەق بووە.

**ڤانگ:** (ئاماژە بۆ شوی تا دەکا): خەتای ئەوە، تەنیا ئەو! شێن تێ ویستی پارەم بۆ پزیشک بداتێ، ئەمجا ئەو هات. تۆ دوژمنی کوشندەی بووی!

**شوی تا:** من تاقە هاوڕێی بووم.

**هەموو:** لە کوێیە؟

**شوی تا:** سەفەری کردووە.

**ڤانگ:** بۆ کوێ؟

**شوی تا:** نایڵێم!

**هەموو:** بەڵام بۆچی دەبوو سەفەر بکا؟

**شوی تا:** (هاوار دەکا): ئەگینا ئێوە لەتوپەتتان دەکرد!

(لە پڕ بێدەنگییەک دێتە ئاراوە)

(شوی تا لەسەر کورسییەکەی نەوی دەبێتەوە): من لەوە زیاتر ناتوانم. دەمەوێ هەموو شتێک ڕوون بکەمەوە. ئەگەر هۆڵەکە چۆڵ بکرێ و تەنیا دادوەرەکان بمێننەوە، دەمەوێ ددان پێدانانێک ئەنجام بدەم.

**هەموو:** ئەو ددانی پێدا دەنێ! ڕادەست کرا!

**یەکەم خواوەند:** (بە چەکوشەکە لە مێزەکە دەدا): دەبێ هۆڵەکە چۆڵ بکرێ.

(پۆلیسەکە خەڵکەکە دەکاتە دەرەوە)

**شین:** (لە کاتی چوونە دەرەوەدا، بە پێکەنینەوە): سەریان سوور دەمێنێ!

**شوی تا:** چوونە دەرەوە؟ هەموو؟ من ناتوانم لەوە زیاتر بێدەنگ بم. خاوەن شکۆ، من ئێوەم ناسییەوە!

**دووەم خواوەند:** چیت لە مرۆڤە باشەکەی سێچوانمان کردووە؟

**شوی تا:** دە بیەڵن ددان بە ڕاستییە دژوارەکەدا بنێم، من مرۆڤە باشەکەی سێچوانم! (ماسکەکەی لادەبا و جلەکەی لەبەر دادەدڕێ، شێن تێ لە بەردەمیاندا ڕاوەستاوە)

**دووەم خواوەند:** شێن تێ!

**شێن تێ:** بەڵێ، خۆمم، شوی تا و شێن تێ، من هەردووکیانم.

فەرمانەکەی جارانتان

باش بم و بژیم

وەکو برووسکە خۆم بکەمە دوو کەرتەوە.

من نازانم چۆن ڕووی دا: بۆ ئەوانی تر باش بم و

لە هەمان کاتدا لەگەڵ خۆم باش نەبم.

کۆمەکی خۆم و ئەوانی تر بکەم، بۆ من سەخت بوو.

ئاه، جیهانەکەتان دژوارە!

تەنگەتاوی زۆر، دڕدۆنگیی زۆر

ئەو دەستەی کە زۆر بۆ بێنەواکان درێژ دەکرێ

له بن دەردێ! ئەوی كۆمەكی ماڵوێرانەكان بكا
خۆی ماڵی وێران دەبێ! چونكە كێ دەتوانێ
ماوەیەكی زۆر دەستبەرداری ئەوە بێت، بەدناک بێ، ئەگەر ئەو
كەسە بمرێ كە گۆشت ناخوا!
له كوێ بێنم، ئەگەر هەموو شتەكان بردرابن؟
تەنیا له خۆم! بەڵام ئەمجا مردم! باری مەبەستە باشەكان
له زەویدا تەختی كردم. بەڵام ئەگەر من ناهەقیم كرد
به دەستەڵاتەوە دەهاتم و دەچووم و له گۆشتی باشم دەخوارد!
دەبێ شتێک له جیهانەكەی ئێوەدا نەنگ بێ.
بۆچی بەهایەكی لەسەر بەدناكی دانراوە و بۆچی
مرۆڤە باشەكان چاوەڕوانی سزایەكی توند دەكەن؟
ئاه، پەرۆشییەكی وام تێدا بوو، خۆمی پێ ڕابهێنم!
زانخوازییەكی پەنهانی وەهاشم تێدا بوو، چونكە دایەنەكەم به چڵكاو دەیشتم!
بەوە چاوێكی تیـژم دەست كـەوت. بەڵام بەزەیی هێندەی ئازار دەدام
كە تووڕەیییەكی گورگانە گرتمی
لەبەر ئەو بێنەواییيە.
ئەمجا هەستم كرد، چۆن گۆڕاوم و لێوم بووەتە لمۆز.
وشەی خێر له دەممدا تامی خۆڵەمێشی دەدا.
لەگەڵ ئەوەشدا حەزم دەكرد له كەناری شار فریشتە بم.
دیاریكردن بۆ من كەیفخۆشی بوو.

ڕوویێکی کامەران و من وەکو بەسەر هەوردا ڕێکەم وابوو.

بە لەعنەتم کەن: هەرچ تاوانێکم کردبێ ئەوە بووە

کۆمەکی دراوسێکەم کردووە

ئازیزەکەمم خۆش بوێ و

کوڕە بچووکەکەم لە نەبوونی ڕزگار بکەم.

خواوەندەکان، بۆ پلانە گەورەکانی ئێوە

منی مرۆڤی داماو بچووک بووم.

**یەکەم خواوەند:** (بە گشت ئاماژەیەکی دڵداخورپانەوە): ئیتر قسەی تر مەکە، نەگبەت! ئێمە چۆن بیر بکەینەوە، کە ئاسوودەین تۆمان دۆزیوەتەوە!

**شێن تێ:** بەڵام من دەبێ پێتان بڵێم، کە من ئەو بەدناکەم، کە باسی هەموو بەدناکییەکانی کرا!

**یەکەم خواوەند:** ئەو مرۆڤە باشەی، هەموو تەنیا باسی باشییان کرد!

**شێن تێ:** نەخێر، باسی بەدناکییەکانیشیان کرد!

**یەکەم خواوەند:** ئەم بەدحاڵیبوونە! چەند پێشهاتێکی نەگبەتن. چەند دراوسێیەکی بێدڵن! کەمێک چاکەکاری!

**دووەم خواوەند:** بەڵام لەمەودوا چۆن بژی؟

**یەکەم خواوەند:** دەتوانێ بژی! کەسێکی بەهێزە! دڵگیرە و دەتوانێ بەرگەی زۆر شت بگرێ.

**دووەم خواوەند:** بەڵام گوێت لێ نەبوو چی دەڵێ؟

**یەکەم خواوەند:** (بە توندی): سەرلێشێوێنەرە، زۆر سەرلێشێوێنەرە! جێگەی بڕوا نییە، هیچ جێگەی بڕوا نییە! ددانی پێدا بنێین کە

داواکارییەکانمان کوشندەن! دەستبەرداری داواکارییەکانمان بین؟ (شێلگیرانە): هەرگیز! دەبێ جیهان بگۆڕێ؟ چۆن؟ کێ؟ نەخێر، هەموو شتێک ڕێکوپێکە. (خێرا بە چەکوشەکە لەسەر مێزەکە دەدا)

ئەی ئێستا.

(بە ئاماژەیەکی ئەو دەنگی مۆسیقا بەرز دەبێتەوە. ڕووناکییەکی پەمەیی دروست دەبێ)

با بگەڕێینەوە. ئەم جیهانە بچووکە

زۆر کەمەندگیری کردین. خۆشی و ناخۆشییەکەی

دڵی خۆش کردین و ئازاری داین.

بەڵام لەوێ بەسەر هەسارەکانەوە، یادی تۆ، شێن تێ، مرۆڤە باشەکە

بە خۆشحاڵییەوە دەکەینەوە

کە تۆ لە خوارەوە شایەتی بۆ ڕۆحی ئێمە دەدەی

لە تاریکایی سارددا چراوگەکە هەڵدەگری.

ماڵئاوا، سەلامەت بی!

(بە ئاماژەیەکی ئەو بنمیچەکە دەکرێتەوە. هەورێکی پەمەیی دادەبەزێتە خوارەوە. خواوەندەکان بە سەریدا زۆر لەسەرخۆ بەرەو سەرەوە دەئاژوون)

**شێن تێ:** ئاه، خاوەن شکۆ، نەء! مەڕۆن! بەجێم مەهێڵن! چۆن دەتوانم سەیری ناوچاوی پیرەژن و پیرەمێردەکە بکەم، کە دوکانەکەیان لە دەست چوو و ئاوفرۆشەکە بە دەستە ڕەقبووەکەیەوە؟ ئەی چۆن بەرپەرچی سەرتاشەکە بدەمەوە کە خۆشم ناوێ، ئەی

چۆن هی سون، که خۆشم دەوێ؟ جەستەشم پیرۆز کراوە، بەم زووانە کورە بچکۆلەکەم دێتە دنیاوە و دەیەوێ نان بخوا؟ من ناتوانم لێرە بمێنمەوە! (بە شلەژاوییەوە سەیری دەرگەکە دەکا، کە چەوسێنەرەکانی دێنە ژوورەوە)

**یەکەم خواوەند:** تۆ دەتوانی. تەنیا باش بە و هەموو شتێک باش دەبێ!

(شایەتەکان دێنە ژوورەوە. بە سەرسوورماوییەوە دەبینن کە دادوەرەکان بەسەر هەورە پەمەییەکەیانەوە دەفڕن)

**ڤانگ:** حورمەتی خۆتان پێشان بدەن! خواوەند لەنێوماندا دەرکەوتوون! سێ لە بەرزترین خواوەندەکان هاتوون بۆ سێچوان، بۆ ئەوەی بە دوای مرۆڤێکی باشدا بگەڕێن. دۆزییانەوە، بەڵام ...

**یەکەم خواوەند:** نەک، بەڵام! ئەوەتا لێرەیە!

**هەموو:** شێن تێ!

**یەکەم خواوەند:** نەمردووە، تەنیا شاردرابووەوە. مرۆڤێکی باش لەناوتاندا دەمێنێتەوە.

**شێن تێ:** بەڵام من پێویستم بە ئامۆزایە!

**یەکەم خواوەند:** زۆر پێویستت پێی نابێ!

**شێن تێ:** بەلای کەمەوە هەموو هەفتەیەک!

**یەکەم خواوەند:** هەموو مانگێک بەسە!

**شێن تێ:** ئاه، خاوەن شکۆ، دوور مەکەونەوە! من هێشتا هەموو شتێکم نەوتووە! من زۆر پێویستم پێتانە!

**خواوەندەکان:** (گۆرانیی سێیەی خواوەندە ونەکان بەسەر هەورەوە دەڵێن): بە داخەوە ناتوانین بمێنینەوە

جگە لە کاژێرێکی سەرپێیی: زۆر سەیر کرێ، بۆ ئەوەی وەسف بکرێ

دۆزینەوە جوانەکە لە دەست دەچێ.

جەستەکانتان سێبەر دەکا

لە لافاوی تیشکی زێڕیندا

لەبەر ئەوە دەبێ ڕێمان پێ بدەن

بگەڕێینەوە بۆ هیچەکەمان.

**شێن تێ:** فریام کەون!

**خواوەندەکان:** ئێستا، کە گەڕان بە سەرچوو لێ گەڕێن

خێرا بەرەو ژوور بئاژوین!

ستایش بۆ، ستایش بۆ

مرۆڤە باشەکەی سێچوان!

(لە کاتێکدا شێن تێ بە دڕدۆنگییەوە باوەشی بۆ کردوونەتەوە، ئەوان لە سەرەوە، بە دەم زەردەخەنە و دەست ڕاوەشاندنەوە ون دەبن)

## نمایشی کۆتایی

لە بەردەم پەردەدا گەمەکەرێک بە نمایشی کۆتاییەوە بە داوای لێبووردنەوە ڕوو لە بینەران دەکا.

**گەمەکەر:** بینەرانی بەڕێز! ئێستا زیز مەبن: ئێمە باش دەزانین، ئەمە کۆتاییەکی ڕەوا نییە.

ئێمە ئامانجمان: داستانی زێڕین بوو.

بە بێدەنگی کۆتاییەکی تاڵی وەرگرت.

ئێمە خۆشمان نائومێد و ورووژواو ڕاوەستاوین
پەردە داخرێ و هەموو پرسیارەکان بە کراوەیی ماونەتەوە.
ئێمە پشتمان بە ئێوە بەستووە
کە ئێوە لەلای ئێمە لە ماڵەوەن و لەزەت دەبینن.
بەداخەوە ناتوانین لە خۆمانی بشارینەوە: ئێمە نابووتین، ئەگەر ئێوە پەسندمان نەکەن!
لەوانەیە لە ترسدا هیچم بە بیردا نەهاتبێ.
ئەوە ڕووی داوە. دەبێ چارەسەر چی بێ؟
ئێمە بۆ پارەش نەمانتوانی چارەسەر بدۆزینەوە.
دەبێ مرۆڤێکی تر بێ؟ یاخۆ جیهانێکی تر؟
یان لەوانەیە خواوەندی تر؟ یان هیچ؟
ئێمە فەوتاوین، تەنیا بە ڕووکەشیش نا!
تاقە ڕێگەچارە لەم کارەساتە ئەوەیە: ئێوە یەکسەر خۆتان بیر بکەنەوە
بە چ شێوەیەک مرۆڤ دەتوانێ
کۆمەکی مرۆڤە باشەکە بکا.
بینەرانی بەڕێز، دەی، تۆ خۆت بە دوای کۆتاییدا بگەڕێ!
دەبێ کۆتاییەکی باش بێ، دەبێ، دەبێ، دەبێ!